حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەرێوەبەرێتیی گشتیی چاپ وبلاوکردنەوە
زنجیرە ( ٩٧ )

# ئازادیی رۆژنامەنووسی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا

(تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە بۆ یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانیو عیراقیو گەڕانەوە بۆ ناو دانیشتنەکانی پارلەمان)

مەم بورهان قانع

---

٢٠٠١

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

**پێشکەشە بە:**

- ***ڕۆحی نەمری  بورهان قانع ــ ی باوكو مامۆستاو ڕۆژنامەنووس.***

- ***دایكم.***

- ***گۆنا ی هاوسەرم.***

- ***اپامێرای كوڕم.***

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

**"ئـازادیی بـیروڕا" بـەو ئازادیـیە ڕەسـەنە دادەنرێـت كەچەندین لقی وەك ئازادیی مافە گشتیو فیكریو كولتووریو چەندینی تری لێدەبێتەوە..**

هــەروەها بەدەروازەیــەکی راســتەقینەیش دادەنرێت بۆ پیادەکردن, پیادەکردنێکی جددی وەك مافی رەخنەگرتنو ئازادیی رۆژنامەنووسییو چاپەمەنییو بلاّوکردنەوە..."

**دادگای دەستووریی بـالاّ**

**٧ی مایسی ١٩٨٨**

## بەر لەسەرەتـا:

ئـەم تۆژینـەوەیەی کـە بـە پاڵپشـتیی چـەندین سەرچـاوەی زانسـتییو دەیـان بەڵگەنامـەو دەقـی یاسایی هەمەجۆر نووسـراوە, تۆژینـەوەیەکی بەراوردکاریـیە لەنـێوان یاسـای چـاپەمەنیی هەرێمی کوردستان بۆ هەریەك لەیاساکانیتری چـاپەمەنیی عوسمـانیو عێراقیو گەڕانەوە بۆ نێو دانیشتنەکانی پارلەمانی کوردستان" کە سەبارەت بەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان سازیانکردووە. ئامانجی سەرەکیش, رۆشنایی خستنە سەر لایەنە باشو خراپەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانە..

ئـەم یاسـایە, وەك پـرۆژەیەکی دەرچوون لەبەشی رۆژنامەنووسیی پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانیو بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠ ـــ ٢٠٠١ (واتـا یەکـەمین وەجـبەی دەرچـواندنی ئـەم بەشـە لەهــەرێمی کوردسـتاندا) وەك خوێندکارێك پێشکەشی سـەرۆکایەتیی بەشـی رۆژنامەنووسـیم کـردووەو دواتـر بەپلەی زۆرباشە پەسەندکراوە" کە مامۆستای بەرێز د. مارف عومەرگوڵ سەرپەرشتی کردووە.

ئومـێدەوارم وەك تۆژینـەوەیەکی زانسـتیو هەوڵـێکی بچـوکی رۆژنامەنووسـێکی ئەکادیمی جێگای خۆی لەکتێبخانەی کوردیدا بگرێتو لەکەموکوڕیش بمانبەخشن.

**مەم بورهان قـانع**

**سلێمانی/ ٢٠٠١/٩/٧**

www.kurdistannet.org

## سەرەتا:

دەسەڵاتی چوارەم" هەریەك لەناوەندەكانی میدیا دەگرێتەوەو چاپەمەنیش یان بڵێین رۆژنامەنووسیی, دەبێتە یەكێك لەو ناوەندانە. لەولاتە پێشكەوتووەكاندا, رۆژنامەنووسیی وەك بەشێكی میدیا رۆڵی كاراو كاریگەر دەبینێ لەئاراستەكردنی كۆمەڵگاو چاودێریكردنی ئەو بریارو راسپاردانەی دەوڵەت لەرێی دەسەڵاتەكانی‌ترەوە دەریاندەكات‌و دەبێتە چاودێر بەسەر دەسەڵاتەكانی " راپەراندن, یاسادانان و داوەریی"یەوە ...

دەربارەی یاسای چاپەمەنیش, ئەو یاسایەیە . دەستنیشانی چاپكراوو كاروباری چاپخانە دەكات‌و رێگای دەركردنی رۆژنامە رێكدەخات" لەگەڵ موڵكایەتی‌و چاپكردن‌و بڵاوكردنەوەو دابەشكردنی‌دا, هاوكات رێگای بەرگرتن لەچاپكردن‌و دەست بەسەراگرتن‌و هەڵوەشاندنەوەی چاپەمەنییەكان لەرووی یاساییەوە, لەگەڵ ماف بەخشین بەخوێنەران لەوەی بەدرۆیبخەنەوە, یان راستكردنەوەیان هەبێت, واتا یاسای چاپەمەنی, ئەو یاسایەیە ژیانی رۆژنامەنووس لەساتە وەختی لەدایكبوونیەوە تا مردنی رێكدەخات [١].

لەهەر دەوڵەتێكدا میدیا یاساو رێسای تایبەت بەخۆی هەیەو رۆژنامەنووسانی بەهۆی ئەو یاسایەوە دەستنیشانی ئەرك‌و مافەكانیان دەكرێت. ئەگەر باس لەولاتە دیموكراسییەكان بكەین كەتیایاندا مافەكانی مرۆڤ پارێزراون, دەبینین ئاستەكانی مافی رۆژنامەنووس لە ئەوپەڕی پایەبەرزیدان‌و هاوكات ئەركەكانیشیان گەورەو پیرۆزن, بەوپێیەی رابەرایەتیی كۆمەڵگا دەكەن.

بەپێچەوانەیشەوە لەوكۆمەڵگایانەدا كەدەسەڵاتێكی تۆتالیتێر حكومڕانیبكات, مافەكانی رۆژنامەنووس لەپەراوێزدان‌و ئەركەكانی رۆژنامەنووس جگە لەزوڕناژەندن بۆ دەسەڵات چیتر نابن.

ئینجا, دەبێت ئەو راستییە بزانین یاسای چاپەمەنیی وەك بەشێك لەمیدیا لەولاتێكەوە بۆ ولاتێكی‌ترو بەپشت بەستن بەئاستی هۆشیاریی كۆمەڵگاو جۆری ئەو دەسەڵاتەی حكومڕانیدەكات, دەگۆڕرێت. ئەمە لەكاتێكدایە یاسای چاپەمەنی پەیوەندی بەبڵاوكراوەكانی وەك كتێب, گۆڤار, رۆژنامە, بڵاوكراوەو هەموو نووسراوێكی پەخشكراوەوە هەیەو پەیوەندی بە ناوەندەكانی بینراو(تەلەفیزیۆن)و بیستراو (ئێزگە)ەوە نییە.

www.kurdistannet.org

هەر لێرەوە دەهێنێ ئاماژە بەوەبکەین, راپەڕین بەوەرچەرخانێك لەمێژووی کورددا بەگشتی و لەم هەرێمەدا بەتایبەتی دادەنرێت, کەبەهۆیەوە پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دروست بوون و بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی بەرلەڕاپەڕیندا سنورەکانی ئازادیی فراوان بوون و راپەڕین بووە داینەمۆیەك و پەلیکێشا بەسەر بوارە جیاکانی ژیان و رەوتی رۆژنامەنووسی کەوتە قۆناغێکی نوێوە. هەر لەو قۆناغەداو لەسەرەتاکانی دامەزراندنی پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقداو بۆ رێکخستنی کاروباری رۆژنامەنووسان و بەخشین و دەستنیشانکردنی مافەکانی رۆژنامەنووس و چاپکراوەکان, یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان لەرۆژی ١٩٩٣/٤/٢٥دا دەرچوو" کە جێگای یاسای چاپەمەنیی حکومەتی عێراقی لەهەرێمی کوردستاندا گرتەوە...

بۆ ئەوەی لەبەهای ئەو یاسایە بگەین و دەستنیشانی خاڵە لاوازو جەوهەرییەکانی بکەین و هاوکات بزانین تاچەندە ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەم یاسایەدا جێگای دەبێتەوە و چەندین لایەنی تری تایبەت بەسنوورەکانی رادەربڕین, ئەم لێکۆڵینەوەیەم نووسیووە" کەچەند بەشێکی جیاجیای لەخۆ گرتووە و هەریەك لەو بەشانەیش دەبنە زەمینەیەك بۆ تێگەیشتن لەمافەکانی مرۆڤ و ئەرك و مافەکانی رۆژنامەنووس لەکۆمەڵگایەکی دیموکراسیداو پەیوەندی دیموکراسی بەئازادیی رۆژنامەنووسییەوە. دوای راپەڕینیش, کەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی تیا لەدایك بووە, بەجۆرێك لەجۆرەکان بە بەراورد بەساڵەکانی هەشتاکان و پێشتر بەقۆناغی دیموکراسی دادەنرێت. دواجار هەریەك لەبەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبنە یارمەتیدەرێکی باش بۆ تێگەیشتن لەبەندو بڕگەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێم و شیکردنەوەیدا, ئەمە لەکاتێکدایە ئەو یاسای چاپەمەنییە پێویستی بەوەهەیە ئیستێکی لەبەردەمدا بکرێ و بەئەقڵیەتی دوای هەشت ساڵ لەدەرچوونی قسەی لەسەر بکرێت ...

هەرلێرەیشەوە دەمەوێ ئەوەیش بڵێم, مەبەستی سەرەکی لەنووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە بێ بایەخکردنی ئەو یاسایە نییە, هێندەی مەبەست بەدەرخستنی لایەنە پرشنگدارو تاریکەکانی ئەو یاسایەو هاوکات خستنە رووی چەند پێشنیازێکە کەدەشێت لەداهاتووداو بۆ زیاتر فراوانکردنی ئاسۆکانی رادەربڕین و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی چاپەمەنیی لەهەرێمی کوردستاندا, سوودبەخش بێت.

### بەشی یەکەم

# بەهای یاساو یاسای راگەیاندن

لەم بەشەدا کەدابەشی دووئاستم کردووە, لەئاستی یەکەمدا رۆشنایی دەخەمە سەر بەهای یاساو ناساندنی ئەوچەمکە لەڕوانگەی بیریاران و یاساناسانەوەو هاوکات چەند دیدێکی جیاواز لەیەك لەوبارەیەوە دەخەمە روو. لەئاستی دووەمیشدا, رۆشنایی دەخەمە سەر راگەیاندن" کەبەشێکی یاسایەو دەچێتە چوارچێوەی یاسای گشتییەوە..

## ئاستی یەکەم: یاسا ( LAW )

شاعیری گەورەی بەبنەچە کورد ئەحمەد شەوقی دەڵێت: " نەتەوە بەئەخلاقەوە هەیە" ئەگەر ئەخلاق نەما ئەوا ئەویش نامێنیٚ". هەربۆیە, هەندێك لەداڕێژەرانی یاسا, بەپشت بەستن بەم دیدەی شەوقی, پێیانوایە "ئەخلاق بەیاساوە بەندەو بوونی هەیە"(٢).

لەو دوو دیدەی سەرەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی, ئەخلاق کەیەکێکە لەبەها سەرەکییەکانی بوونی نەتەوە, لەمناڵدانی یاساوە دێتە بوون, هەربۆیە دواجار یاسا دەبێتە لایەنێکی گرنگ و بەهادار بۆ رابەرایەتیکردنی کۆمەڵگاو مانەوەی نەتەوە..

هەرلێرەوە دەمەوێت ڕۆ بچمە نێو بەهاو چەمکی یاساوە. **یاسا**, لەوشەی( Kanon)ەوە هاتووە, وەك چۆن عەرەب پێی دەڵێت(قانوون). لەئەسڵدا وشەکە لاتینییەو بەمانای بنەما یان ڕێکخستن دێت و لەسەردەمی مەسیحییەتدا بەو بڕیارانە دەوتران کەلەلایەن کەنیسەوە دەردەکران(٣).

یاسا چەند جۆرێکی هەیە, وەکو یاساکانی سروشت, یاساکانی زانستەکان و یاسا دانراوەکانی وڵاتان. ئەوەی ئێمە بەلامانەوە جێگای بایەخ و قسەلەسەرکردنە یاسای چاپەمەنییە" کەبەشێکە لەیاسای وڵاتان و بابەتی ئەم توێژینەوەمانە. ئەم یاسایە وەك یاسایەکی وڵاتان پەیوەندی راستەوخۆی بەکۆمەڵگاوە هەیە. جگەلەوەی, نابێت ئەو راستییە فەرامۆشبکەین کەیاسا دانراوەکان لەدوو جۆری سەرەکی پێکدێن" ئەوانیش "یاسا گشتییەکان و یاسا تایبەتییەکان"ن. یاسا گشتییەکان, یاسای وڵاتانن وەك یاسای ڕێبەری (یاسای چاپەمەنی بەشێکە لەو جۆرەیان ـ مەم)و دارایی و تاوانەکان. یاسا تایبەتیەکانیش, یاساکانی شارستانی و بازرگانی و کارو دادو یاسای تایبەتی وڵاتانن(٤).

لەنەبوونی یاسادا, پەیوەندییەکانی نێو تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك پەرتەوازە دەبیٚ و دواجار هەریەك لەتاکەکانی کۆمەڵ زۆربەی بەها ئینسانییەکانیان لەدەست دەدەن و دەستەوەستان دەبن لەبەئاکامگەیشتنی پرۆژەو بەدیهێنانی داخوازییەکانیان و کۆمەڵگایەك دێتەبوون بەرادەیەك نزیکە لەخەونی ئانارشیزمەکان.

هەڵبەت کەئاماژە بەئانارشیزمەکان دەکەم, ئەمە مانای ئەوە نییە لای ئانارشیزمەکان سەد دەرسەد یاسا بوونی نییە, بەڵکو ئانارشیزمەکان بڕوایان بەکۆمەڵگایەکە حوکمڕانی تیانەبێت, ئەمەیش مانای ئەوەنییە کۆمەڵگایەك بێ یاسابێت یان بێ سیستم بێت, بڕواشیان بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی(العقد الاجتماعی)هەیە, بەڵام ئەوەیشیان لەڕوانگەی تایبەتو بەشێوەی تایبەت دەیناسێنین, هەربۆیە پێیان وایە ئەمە باشترین رێگایە کەئەقل پەسەندی دەکات[٥].

ئانارشیزم کەباکۆنین[٦] رابەریانە بڕوایان بەوەنییە کۆمەڵگا حوکمڕانی بکرێت.

لێرەوە دەمەوێت ئەو پرسیارە بوروژێنم, دەبێت سیحری یاسا چیبێت تەنانەت وا لەئانارشیزمەکانیش دەکات نەتوانن دەستبەرداری ببن, یان یاسا هێندە بەهاداربێت لەنەبوونیدا ناکرێت قسە لەئەخلاق و نەتەوە بکەین.

لەکاتێکدا لەبارەی بەهای یاساوە دەدوێین, لەبەرانبەردا دەیان بیریاریتر دێنەدەنگو بۆچوونی جیاوازمان دەربارەی یاساو بەهای یاسا پێدەڵێنو پێیان وایە ناکرێت لەسایەی یاسادا مومارەسەی ئازادی بکرێت, چونکە یاسا خەونەکانی ئازادیبوون دەکوژێتو هەردوو چەمکی ئازادیو یاسا دوو چەمکی دوور لەیەکنو یاسا وەك ئامێرێك بۆ چۆنیەتی ئاراستەکردنی چالاکییەکانی مرۆڤ دێتەبوونو دواتر چوارچێوەیەك بۆ چۆنیەتی چالاکییەکان دادەنێت, بۆیە بڕواهێنان بەوەی بیرۆکەی ئازادی تەنها لەیاسادا بەرجەستەدەبێت, لە وەهمێك بەولاوە چیتر نییە[٧].

هەرلەمبارەیەوە, "ئۆستن" پێیوایە یاسا فەرمانێکی دەستەی حوکمڕانە, واتا یاسا ئەو رێسایەیە دەستەی حوکمڕان دایناوە بۆ ئەوەی ملکەچیی بکرێو ئەوەیشی پێشێلیکرد سزای بەسەردا دەسەپێنرێت, هەربۆیە, ئەو سزایەی بەسەر سەرپێچیکاراندا دەسەپێنرێت, ئۆستن بەسزای یاسایی ناودەبات بۆ حوکمڕانیکردن[٨]. "هانس کلسن" یش پێیوایە یاسا بایەخ بەحەقیقەتی رەفتاری مرۆڤایەتی نادات" هێندەی کە وابەستەی ئەو پرەنسیپانەیە بوونەتە رێساو پێوەر بۆ ئەو رەفتارانەی بەشێکن لە سیستمی یەککگرتوو[٩].

بەپێچەوانەی ئەو بۆچونانەی هێمام بۆیان کرد, هەندێك پێیانوایە یاسا هۆکارێکە بۆ هێنانەدی لێکگەیشتنو یەککگرتنی کۆمەڵایەتی لەڕێی سڕینەوەی هەستی شەڕەنگێزانەی مرۆڤەوە. هەربۆیە, لەو پێودانگەوە گریمانێك هەیە ئەویش ئەوەیە مرۆڤ بوونەوەرێکی شەڕەنگێزەو هیچ پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتیش بەئاکام ناگات تاوەکو یاسای سزادانی توندوتیژ نەبێت[١٠].

هەندێکیتر لەڕێی گریمانەیەکیترەوە پێیانوایە: مرۆڤ لەخۆیدا بوونەوەرێکی خێرخوازەو, بەڵام بەهۆی گوناه یان گەندەڵی, یان هەندێك لایەنی لاوازی ناوخۆی کەسێتی خەسڵەتی راستەقینەی شێوێنراوە, بۆیە بوونی سیستمێکی یاسایی کارێکی پێویستە بۆ رێکخستنەوەی ئەو خەسڵەتەی مرۆڤ[١١].

دەربارەی هەریەك لەو دوو بۆچوونە, چەندین بۆچوونیتر هەن کە لەڕوانگەی ترەوە لەبارەی بەهای یاساو هاوکات رێژەیی شەڕەنگێزی, یان خێرخوازیی مرۆڤەوە دوواون.

لەبارەی بۆچوونی یەکەمیانەوە, کەگوایە مرۆڤ لەخۆیدا هەڵگری رۆحێکی شەڕەنگێزانەیە, هەربۆیە یاسا پێویستییەکی واقیعییەو دەبێتە بەربەست لەتەشەنەسەندنی ئەو رۆحە شەڕەنگێزانەیەدا, لەمبارەیەوە گۆدوین (Godwin) لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا(دادوەریی سیاسی) کە بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٧٩٣دا بەچاپگەیاندرا, پێیوایە شەڕەنگێزی لەڕێی گوناه و گەندەڵیەکانی خەسڵەتی مرۆڤەوە هەڵناقوڵێت, بەڵکو هۆکارەکەی بۆ



www.kurdistannet.org

شوێنەواری خراپی دەزگا سەرکوتکەرەکان دەگەڕێتەوە, چونکە مرۆڤ توانایەکی لەرادەبەدەری هەیە بۆ پێشکەوتن و دەزگا سەرکوتکەرو تاریکبینەکانیش تەنها لایەنن دەبنە بەربەست لە ئەم پێشکەوتنەی کەئاواتی مرۆڤە, هەربۆیە گۆدوین متمانەیەکی رەهای بەتواناو ئەقڵی مرۆڤایەتی هەیەو تەئکید لەسەر ئەوە دەکات لەتوانادا هەیە لەڕێگای پەروەردەو هاریکاریکردنەوە یاسا هەڵبووەشێتەوە[١٢].

دەربارەی ئەو دیدەی گۆدوین, هەریەك لەباکۆنین و کرۆپتکین هاوڕان و پێیان وایە دەوڵەت و یاسا و سەرکوتکردن و موڵکایەتیی تایبەت, دوژمنی خۆشیی مرۆڤایەتی و خۆشگوزەرانی گشتین.

کارڵ مارکس ــ یش پێی وایە یاسا جگە لەسیستمێکی سەرکوتکەر بۆ پارێزگاریکردن لەئیمتیازەکانی چینی موڵکداران هیچی تر نییەو شۆڕش دەبێتە هۆی هێنانەدی کۆمەڵگایەکی ناچینایەتی و دەوڵەت و ئاسایش هەڵدەوەشێنرێتەوە, چونکە چیتر پێویست بەهاندانی سیستمی سەرکوتکەر ناکات[١٣].

هەڵبەت, باوەڕهێنان بەسیستمێك کەهەڵگری ڕێساو یاسابێت تەنانەت لەساکارترین جۆرەکانی کۆمەڵگادا پێویستەو ناکرێت بەهای فەرامۆش بکرێت. پێویستە ڕێساو یاسا هەبن مەرجەکانی پێکهێنانی ژیانی خێزاندارێتی و ژیان لەسایەیدا ڕێکبخات, هەروەها پێویستە یاسا هەبێت بەهۆیەوە بڕیار لەسەر چۆنیەتی پەیوەندییە خێزانییەکان بدرێت و یاسایش بۆ چالاکییە ئابووری و کۆکردنەوەی خۆراك و ڕاوکردن و هەروەها بەرگرتن لەو کارە بەدانەی زیان بە بەرژەوەندی خێزان, یان خێڵ, یان گروهێك دەگەیەنن هەبێت[١٤].

لەو سۆنگەیەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی یاسا بەهادارەو تاکە پێوەرە بۆ شتەکان, هەروەك چۆن "فەیروز ئابادی" لەبارەی بەهای ئەم چەمکەوە دەیگوت: "یاسا پێوەری هەموو شتێکە"[١٥].

هەر لەبارەی یاساو گەڕانەوە بۆ چەمکی ئەخلاق, وەك پێشتر هێمام بۆیکرد بەوەی هەندێك لەیاسا ناسان پێیان وایە ئەگەر ئەخلاق نەما ئەوا یاسایش نامێنێ, هەندێك یاساناسیتر پێیان وایە ئەخلاق و یاسای سزادان لەچەند خاڵێکدا یەکدەگرنەوە, گرنگترین لایەنیان ئەوەیە بیرۆکەی تاوانکردن لەیاسای سزادانداپەیوەستە بەبیرۆکەی ئەخلاقەوە, هەربۆیە لەم پێودانگەوە ئەخلاق دەبێتە داینەمۆی دەسەڵاتی یاساو دەبێت ملکەچی فەرمانەکانی بین[١٦].

دەخوازم لێرەدا ئیستێك بکەم لەسەر یاسای سزادان:

یاسای سزادان بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەندداره بەئازادییەوەو چوارچێوەکانی ئازادی دەستنیشاندەکات. نابێت ئەوەیشمان لەبیربچێت کە ئازادیی رەها نییە, بەڵکو هاوسەنگی هەیە لەنێوان ئازادیی ڕادەربڕین و مافەکانی کەسانی تردا" کەئەوە یاسای سزادانی پێدەوترێت[١٧].

لەعێراقدا یاسای سزادان بەژمارە (١١١) و لەساڵی ١٩٦٩دا دەرچووە, لەکاتێکدا یاسای چاپەمەنیی عێراقی بەر لەو مێژووەو بەژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ دەرچووە.

لەسایەی دەوڵەتی عێراقیدا, زۆر کێشەی یاسایی هەن کەتایبەتن بەبواری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە بەپێی یاسای سزادان لێپێچینەوە لەگەڵ سەرپێچیکاراندا دەکرێت[١٨] . لەکاتێکدا لەوڵاتانی وەك تورکیا, سوریا, فەرەنسا و سویسرادا, هەریەك لەیاساکانی سزادان و چاپەمەنی سەربەخۆن و لێپێچینەوە یاساییەکانی سەرپێچیکارانی بواری یاسای چاپەمەنی, بەپێی یاسای چاپەمەنی لەگەڵیاندا دەکرێت[١٩].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو پێناسانەی لەبارەی یاساوە خستومانەتەروو, دەبینین تێکرای پێناسەکان لەدوو دیدی پێچەوانەدا بەرجەستەدەبن" کەیەکێکیان یاسا بەپێشێلکەری ئازادییەکانی مرۆڤ و بایەخ نەدان

www.kurdistanne.org

بەحەقیقەتی ڕەفتاری مرۆڤایەتی دادەنیٚ, لایەنەکەی تریش پێیوایە یاسا بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەڕێکخستنی کۆمەڵگاو هێنانەدیی پەیوەندییەکی دروست لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا.

ڕاستییەك هەیە نابێت فەرامۆش بکرێت, کەئەویش فەرامۆشنەکردنی هەریەك لەو دیدانەیە سەبارەت بەیاسا کەلەدوو خانەی جیادا بەرجەستەدەبن. دەشێت یاسا بەها پیرۆزەکانی مرۆڤ بپارێزیٚ و داکۆکی لەئازادییەکانی مرۆڤ بکاو بەدیوەکەی تریشدا دەشێت یاسا تەواوی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی مرۆڤ, بەئازادیی بیروڕاو ڕادەربڕینیشەوە, پێشێل بکاو ئازادییەکانی مرۆڤ لەپەراوێزیشدا ناوی نەهێنریٚ, کە دواجار بەهاو جوانی یاسا بەوشێوەیە دەناسرێتەوە داڕێژەرانی بەچ ئەقڵ و مەنتقێك, کەلەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێت, یاساکەیان داڕشتووە. هەڵبەتە یاسایەك لەهەناوی دەسەڵاتێکی تۆتالیتێرەوە هاتبێتە بوون, سەد دەرسەد جیاوازە لەیاسایەك کەدەسەڵاتێکی لیبراڵ دایڕشتبیٚ, کە لەشیکردنەوەی بەندەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا کەلەلایەن کەم تا زۆر ئەقڵیەتێکی کراوەوە (بە بەراورد بۆ داڕێژەرانی یاسای چاپەمەنیی عێراقی) داڕێژراوە, ئەو ڕاستییەمان زیاتر لەلا دەچەسپیٚ ئەو یاسایە لەبواری ئازادیی بیروڕاو ڕادەربڕیندا کراوەترو جیاوازترە لەیاسای چاپەمەنیی عێراقی کەلایەن ئەقڵیەتێکی داخراوو نادیموکراسەوە داڕێژراوە.

هەرلێرەوە دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم, ماف و ئەرك لەیاسادا دوو لایەنی جەوهەرین و ناکرێت فەرامۆش بکرێن, هەروەك چۆن زۆربەی یاساناسان پێیان وایە ماف و ئەرك بەتەنها دوو ڕووخساری سیستمی یاسایی نین, بەڵکو ئەو دوو چەمکە پێکەوەو بەشێوەیەکی مەنتقی گرێدراون, واتا ماف و ئەرك لەپەیوەندییەکی یاسایی دان و پێکەوە گرێدراون[٢٠]. بۆیە, دواتر لە شیکردنەوەی بەندەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا ئەوەمان لاڕووندەبێتەوە داڕێژەرانی یاساکە, یان بڵێم پارلەمانی کوردستان کە تاوتویٚی یاساکەی کردووە, ماف و ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسانی میدیای کوردی وەك پێویست بەهەند وەرنەگرتووە.

دواجا پێم باشە سەبارەت بە یاسا ـ ئەخلاق ئاماژە بە بۆچونێکی "تۆماس هۆبز" بکەم. ناوبراو پێیوایە ئەخلاقی ڕاستەقینە جگە لەملکەچبوون بەیاسا چیتر نییە[٢١]. هۆبز پێیوایە تاکە پێوەر بۆ دادوەری یاسایە, بۆیە هەرچ ڕێسایەکیش کەیاسا دایدەنێت, پێویستە وەك ئەمری واقیع هەڵگری دادوەریی بێت[٢٢]. یاسا هێندە بایەخدارە ناکرێت ڕۆڵی فەرامۆش بکرێت و ڕێزی لێنەگیرێت, هەروەك چۆن "سوکرات" دەیگوت: "ئەوەی ڕێزی یاسا بگرێت کەژیری مرۆڤ دایناوە, مانایوایە ڕێزی ژیری و پەیڕەوی خودایی دەگرێت". بۆیە, لەنەبوونی یاسادا جۆرێك لەبەدحاڵیبوون لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا دروست دەبیٚ و زەحمەتە ڕەورەوەی ژیان بەبیٚ بوونی یاسا بەڕێوەبچێت و بتوانین دەستبەرداری بەهای یاسابین.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

## ئاستی دووەم: یاسای ڕاگەیاندن:

یاسای ڕاگەیاندن, ئەو دەقە یاساییە ئیعلامییەیە کەدەوڵەت دایدەنێت, وەك یاسای چاپەمەنیی یان یاساکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەتیایاندا چوارچێوەیەك بۆ ڕۆژنامەنووس و ئەو کەسانەی لەدەزگاکانی میدیادا کاردەکەن دادەنرێت. تیۆری یاسای ڕاگەیاندن, مانای کۆمەڵێك ڕێسای یاساییە" حوکم دەکەن بەسەر تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانیدا و لقێکە لەلقەکانی یاسای گشتی[٢٣].

یاساکانی چاپەمەنیی و ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوە بە بەشێکی یاسای ڕاگەیاندن دادەنرێن و بوارێکی فراوانن بۆ بەجێهێنانی ئەو سزایانەی لەلقەکانی یاساکانی تردا هەن, وەك یاسای کارگێڕی و یاسای سزادان و یاسای دەستووری[٢٤]. ئێستایشی لەگەڵدا بێت, لەهەرێمی کوردستاندا یاسای ڕاگەیاندنمان نییە, بەڵکو تەنها یاسای چاپەمەنیمان هەیە کەبابەتی ئەم توژینەوەمانەو بەشێکە لەیاسای ڕاگەیاندن و تەنها چاپکراوەکان دەگرێتەوە.

یاسای ڕاگەیاندن, خەسڵەتێکی دوولایەنەی هەیە, یەکەمیان ڕێسایەکی دەستووریی ئاڕاستەکراوە" چونکە پابەندبوونی حوکمڕانان دەستنیشاندەکات کەدایانناوە, بەوەی دەبێت بەچ شێوەو ئاراستەیەك مومارەسەی دەسەڵات بکەن. خەسڵەتەکەی تری ئەم یاسایە, ئەوەیە بنەمایەکی یاسایی ئاسایی هەیەو دانەرەکەی دەتوانێت سەرپێچیبکاو هەڵیبووەشێنێتەوە, یاخود بیگۆڕێت بەیاسایەکی‌تر, چونکە یاساکە ئاڕاستەی مەحکومکراون کراوە, وەك یاساکانی چاپەمەنیی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. کەواتە بەگشتی یاسای ڕاگەیاندن کۆمەڵێك بنەمای یاسایی ڕێکخراوەو تەنها ئاڕاستەی مەحکومکراوان نەکراوە, بەڵکو هەندێك جار حکومڕانانیش دەگرێتەوە, بەوپێیەی کەڕاگەیاندن (میدیا) ئەمڕۆکە "دەسەڵاتی چوارەم"[٢٥]ی پێدەوترێت.

زۆربەی یاساناسان هاوڕان سەبارەت بەوەی یاسای ڕاگەیاندن دوو لقی سەرەکی هەیە, کە ئەمانەن:

ـ یاسای ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتیی

ـ یاسای ڕاگەیاندنی نیشتمانیی

ئیبراهیم داقوقی لەکتێبی "قانون الاعلام"دا, ئاماژە بەوەدەکات یاسای ڕاگەیاندن دەشێت لەسێ لقی سەرەکی پێك بێت, کە ئەمانەن:

**یەکەم/ یاسای ڕاگەیاندنی کەسەکان:** لەمجۆرە یاسایەدا, بەپلەی یەکەم بەجۆرێك دادەڕێژرێت پاڵپشتیی ئەو سیستمانە بکات کەحوکمڕانی هۆکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسەکاندا و هاوکات چۆنیەتی بەکارهێنانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن کەسەکانەوە" لەڕێگای ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی و ئەو پسپۆڕێتیەی کەسەکان لەبواری یاسای ڕاگەیاندندا هەیانە. ئەم لقەی یاسای ڕاگەیاندن پابەندی چەند بنەمایەکە, ئەوانیش:

ـ بنەمای تایبەتی و ناوەڕۆکەکانی یاساکەو سیستمەکانی ڕاگەیاندن لەبوارەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەو ئیزگەو تەلەفیزیۆندا" بەجۆرێك گرەنتی بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاو ماف و کەرامەتی کەسەکان بکرێت.

ـ ڕەچاوکردنی ڕێنماییە ئیعلامیەکان و زانیارییە ئاڕاستەکراوەکان کەدانەری یاساکە دەستنیشانیکردوون" بەجۆرێك لەلایەن سیستمە ئیعلامییەکانەوە جێبەجێبکرێن.

ـ سەپاندنی کۆت‌وبەند لەسەر بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکان" لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی‌داو چاککردنی مافی کەسەکان.

ـ سەپاندنی سزا[٢٦] وهاوکات قەدەغەکردن و ڕێنماییکردن.

www.kurdistanet.org

ـ یاساكانی پاراستنی بەرهەم كە لە لایەن دەزگا هەمەجۆرەكانی راگەیاندنەوە وەبەرهەم دەهێنرێن.

**دووەم/ یاسـای راگەیاندنی دەستەیی**: ئەم لقەی یاسای راگەیاندن, ئەو بنەمایانە دەگرێتەوە كەتایبەتن بەكاری راگەیاندن‌و دەزگاكانی راگەیاندن‌و تەواوی ئەو یاسایانەی لەبوارەكانی راگەیاندنی ناوەوەو دەرەوەدا كاردەكەن. بنەماكانی ئەم لقەیش ئەمانەن:

ـ بنەماكانی كەتایبەتن بە بەدڕەوشتیی كاركردنەوە.

ـ بنـەماكانی رێكخسـتنی كـارە هەمـەجۆرەكانی راگەیاندن لەچوارچێوەی یەكێتی‌و كۆمەڵـەكاندا, ئـیتر ئـەو كەسانەبن كەكاری ئیعلامیی دەكەن یاخود خاوەنی دامەزراوە ئیعلامییەكانن.

ـ یاسـای پـرۆژەی ئـیعلامی لـەبوارەكانی دامـەزراندن‌و كاركـردن‌و دەسـتمایەی مـادی‌و مـرۆیی‌و چـۆنیەتی رێكخستنیان.

ــ لیسـتی تایـبەت بەوكەسـانەی كاردەكـەن‌و چـۆنیەتی ئـەنجامدانی چـالاكییەكانیان لەنـێو دامـەزراوە ئیعلامییەكاندا.

ـ حوكمی یاسای تایبەت بەگەشەپێدانی هۆكانی پەیوەندیكردن‌و ئەركە كۆمەڵایەتییەكانی.

ـ سیسـتم‌و لیسـتی تایـبەت" بـۆ دامـەزراندنی یەكـەی چاودێری‌و تۆژینـەوەو خوێـندن لەتـەواوی بوارەكـانی میدیادا.

**سـێیەم/ یاسـای راگــەیاندنی نێودەوڵەتـیی**: گەشەسـەندنی هۆكـانی پەیوەندیكـردن‌و تەكنەلۆجـیا یەكـێكە لەفاكـتەرەكانی بەسـتنی كۆنگـرەی نـێودەوڵەتی بـۆ دانـانی بـنەمایەك لەپێـناو هاریكاریكـردن لـەبوارەكانی راگـەیاندندا, ئیـنجا ئـەو هاریكاریكـردنە لـەڕێگای ئـەو رێكخـراوە نێودەوڵەتیـیانەوە بـن كەلـەبواری مـیدیادا كاردەكـەن, یـاخود لـەڕێگای بەسـتنی رێككەوتـنی ئـیعلامی كەمەبەسـت لـێی هاریكاریكـردنی یـەكتری‌و بەرەوپێشـبردنی تواناكانـە. یـان رێككەوتـنی نـێودەوڵەتی بـۆ بەرگـرتن لـەو پێشـێلكارییانەی لـەبوارە جیاكانی میدیادا دەكرێن.

یاسای راگەیاندنی نێودەوڵەتی" چەند لایەنێك دەگرێتەوە, گرنگترینیان ئەمانەن:

ـ بـنەمای یاسـای تایـبەت بـەبوارەكانی هاریكـاریی ئـیعلامی لەسـەر ئاسـتی نـێودەوڵەتی" بـۆ پاراسـتنی مافەكانی مرۆڤ‌و چاككردنی ژیانی كۆمەڵگا لەبوارەكانی ئەخلاق‌و پەروەردەو كولتوردا.

ـ رێككەوتنی ئیعلامیی نێودەوڵەتیی.

ـ بڕیارو راسپاردەی ئیعلامی ئیلزامی وەك بڕیارەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان و راسپاردەكانی یۆنسـكۆو رێكخراوە ئیعلامییە نێودەوڵەتییەكان.

دەشێت ئاماژە بەوەبكەین, یاسای راگەیاندن یەكێكە لەلقە گرنگەكانی یاسا‌و بەهۆیەوە دەتوانین كاری نێو دەزگاكـانی راگـەیاندن رێكـبخەین‌و رۆژنامەنووسـان ملكەچـی ئـەوە بكـەین لەچوارچـێوەیەكی یاسـاییدا كـارە رۆژنامەنووسـییەكانیان رایبكـەن.. هەر لـە چوارچێوەی ئەو یاسـایەداو لەكۆمەڵگایەكی لیبراڵدا, ئاسۆكانی ئازادیی رادەربڕین (ÑíÈÚÊáÇ)و ئازادیی بیروڕا (ìÃÑáÇ) لەكاری رۆژنامەنووسیداو لەڕێی ناوەندەكانی راگەیاندنـەوە فراوان دەبن‌و بەپێچەوانەیشـەوە لەسایەی دەسەڵاتێكی تۆتالیتێرداو لەچوارچێوەی ئەم یاسایەدا (مەبەسـت یاسـای راگەیاندنـە) سـنوورەكانی ئـازادیی رادەربـڕین‌و هاوكـات ئـازادیی بـیروڕا لـەناوەندەكانی راگەیاندندا(رۆژنامـە, تەلەفیزیۆن, رادیۆ) تەسك دەكرێنەوە.. واتـا, جـۆری دەسـەڵات دەستنیشانی جـۆری یان پـێكهاتەی یاسـای راگـەیاندن دەكـات, كەئێستایشـی لەگەڵدابێـت (وەك پێشـتر هـێمام بۆیكـرد) لەهــەرێمی كوردستاندا ئەو یاسایەمان نییە.

www.kurdistannet.org

## سەرچاوەو پەراوێزەکانی سەرەتاو بەشی یەکەم:

(1) áãÇß ìÑíåÒ, ÉÝÇÍÕáÇ ãíÈ لضحو ÚãÊÌãáÇ, ÑÇÏ ÝÑÚãáÇ ìÈÑÚáÇ, ÉáÓáÓ ÇíÇÖÞáÇ ÉÑÕÇÚãáÇ, æíáæí 1980, Õ 102, 103.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٩٨.

(٣) ÇáÏßÊæÑ ÓÚíÏ ÚÈÏÇáßÑíã ãÈÇÑß, ÃÕæá ÇáÇÚáÇã, ÇáãßÊÈÉ ÇáÇäÌáæ, 1982, Õ12.

(٤) فوئاد تاهیر سادق, هۆشیاریی فەلسەفی, لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم, چاپی یەکەم, سلێمانی, ٢٠٠٠, ل ٩٤.

(٥) بیبسرلیو ÝßÑÉ ÇáÞÇäæä) ÊÏÑíÈ ÇáÍÑÇÓ: ãÍãÏ ÕÇÏÞ, ÇáÍÑÇÓ: ãÍãÏ ÈÏíÚÔæ), ÚÇáã ÇáãÚÑÝÉ, ÇáßæíÊ, 1981, Õ 29.

(٦) ئەلکسەندەرۆڤیچ باکۆنین(١٨١٤ . ١٨٧٦), شۆڕشگێڕێکی نێودەوڵەتییە, خاوەنی تیۆرییەکی تەواوە لەبارەی چۆنیەتی بەدیهێنانی سۆشیالیزمەوە, بەخاوەنی تیۆری ئاژاوەگێڕی (ئانارشیزم) ناسراوەو گەورەترین بەرپەرچدەرەوەی مارکس بووە. باکۆنین لە ١٩١٤/٥/٨و لەگوندی "بریامۆخینۆ"ی پارێزگای (تفیر) لەروسیا لەدایك بووە, کە گەورەبوو باوکی خستیە قوتابخانەی تۆپچییەتیەوە لەشاری سان ÑØÈسبۆرگ بەڵام بەهۆی سەرکێشی و بیٚ ئیلتیزامی بەیاسای قوتابخانەکەوە نەیتوانی بخوێنیٚ و ببێتە ئەفسەری تۆپخانە.

ئانارشیزمەکانی سەر بەڕێبازی باکۆنین, بیروڕای دامەزراندنی هەرجۆرە دەوڵەتێکیان وەرنەدەگرت و داوایاندەکرد شتێك بەناوی دەوڵەتەوە لەئارادا نەبێت, چونکە دەوڵەت هەرچۆن بێت مەبدەئی ئازادیی پێشێل دەکات, هەروەك چۆن لەمبارەیەوە باکۆنین وتویەتی: "من بڕوام بەیەکسانیی ئابووریو کۆمەڵایەتی هەیە, چونکە بەبیٚ ئەو یەکسانییە ئازادیو مرۆڤایەتی و ڕەوشت, خێروخۆشی تاکەکەس و بەختیاری نەتەوە تەنیا درۆدەبێت" . باکۆنین, چەندین دانراوی هەیە, لەوانە: ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و سۆشیالستیی دەوڵەتان, و کۆمەڵە نووسینێکی بەزمانی رووسی ...

بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ژیانی ئەم تیۆریستە, خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ: بورهان قانع, گەورە پیاوانی جیهان, لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری, ١٩٩٨, ل ١٧ . ٢٠.

(٧) دینیس لوید, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٦٨.

(٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢١٨.

(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٢٩.

(١٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٧.

(١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمان لاپەڕە.

(١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٤.

(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٦.

(١٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٩.

(١٥) الدکتور سعید عبدالکریم مبارك, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل١١.

(١٦) هەمان سەرچاوەی پێشووتر, ل ٧٨.

(١٧) کامل زهیری, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٠٣.

(١٨) گەڕانەوە بۆ یاسای سزادان لەکاتی لێپێچینەوەدا لەگەڵ سەرپێچیکارانی یاسای چاپەمەنی عیراقیدا, بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەبەندو برگەکانی ئەو یاسایەدا دەستنیشانی سزای سەرپێچیکاران نەکراوە" وەك لەیاسای چاپەمەنیی دەوڵەتی عوسمانیدا هەیە. لەپاشبەندی ئەم تۆژینەوەیەدا, خوێنەر دەتوانێت سەرنجی بدات. هەمان حاڵەت لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانیشدا هەیە" کەدیسانەوە بەهۆی نەبوون و دەست نیشاننەکردنی سزای سەرپێچیکاران لەیاسای ناوبراودا, سەرپێچیکار بەپێی یاسای سزادانی عیراقی لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. دواترو لەبەشی سێیەمدا بەوردی دەربارەی تەواوی بەندەکانی ئەم یاسایە دەدوێین.

(١٩) بڕوانە: د. مارف عومەر گوڵ, موحازەرەکانی یاسای ڕاگەیاندن" کە لەکۆرسی سێیەمی بەشی رۆژنامەنووسیی پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانیداو بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠ . ٢٠٠١ وتوونیەتەوە.

(٢٠) دینیس لوید, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٣٧٣.

(٢١) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٨٢.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

(٢٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٥٩.

(٢٣) ÑæÊßÏáÇ ãíåÇÑÈÇ ,íÐæÐÇÏáÇ ÓÝä ÑÏÕãáÇ ¡ص٦.

(٢٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٧.

(٢٥) دەســـــەڵاتی چـوارەم (Fourth Power), یەکـەمین جــــار ئەم زاراوەیـــە لـــەلایەن روناکبیرو سیاسەتمەداری ئینگلیزی " ئیدمۆند بێرگ"ەوە بەکارهێنراوە. دەسەڵاتی چوارەم واتا چاودێر بەسەر هەریەك لەدەسەڵاتەکانی"یاسادانان, راپەراندن و دادوەری". میدیا نابێتە دەسەڵاتی چوارەم ئەگەر لەکۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراسیدا نەبێ و ئازادیی رۆژنامەنووسیی بەدینەهێنرابێت" چونکە دواجار دەسەڵاتی چوارەم لەمناڵدانی ئازادیی بەگشتی و ئازادیی رۆژنامەنووسیی بەتایبەتی لەدایكدەبێت, ئازادیی رۆژنامەنووسیش نایەتەدی ئەگەر هەرسێ دەسەڵاتەکەیتر (یاسادانان و پەرلەمان و دادوەریی) ئازادانە بەئەرکی خۆیان هەڵنەستن, هەروەك چۆن رابەری رۆژنامەنووسیی میسری محەمەد حەسەنێن هەیکەل لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئازادیی رۆژنامەنووسیی نایەتەبوون ئەگەر پارلەمانێکی ئازادو دادوەرییەکی ئازادمان نەبێت". (خوێنەر دەتوانێت لەمبارەیەوە بگەرێتەوە بۆ رۆژنامەی: äãÒáÇ, عدد ٥٠, ٢٠٠١/٣/١٥). ئەگەر ئازادیی رۆژنامەنووسیی هێندە گرنگ نەبێت کە لەسایەیدا دەسەڵاتی چوارەم لەدایك دەبێت, سەرکردەیەکی وەکو ناپلیۆن پۆناپارت بەترسەوە نەیدەگوت: "داوا لەخۆم ناکەم لەسایەی ئازادیی رۆژنامەنووسیدا سێ مانگ حوکمڕانی بکەم". (لەم بارەیەیشەوە خوێنەر دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ: صلاح الدين äÇÒÍ,ÙÝÇÍ ÉíÑÍ ,ÉÝÇÍÕáÇ ÒßÑã äÇÑåÇáÇ ÉãÏÎÊáá ,ÑÔäáÇæ ÉÚÈØáÇ ,ìáæÇáÇ ,1993 ,Õ 199) .

(٢٦) ئەگەر سەرنج بدەن دەبینن لای ئیبراهیم داقوقی, یەکێك لەبنەماکانی یەك لەلقەکانی یاسای راگەیاندن (وەك لەوخاڵەدا هێمای بۆکراوە) سەپاندنی سزایە, کەئەم سەپاندنی سزایە یاسای چاپەمەنیش دەگرێتەوە, وەك پێشتر هێمام بۆکرد یاسای چاپەمەنی بەشێکە لەیاسای راگەیاندن, بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە و لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت, نەبوونی سزایە بۆ سەرپێچیکاران و ئەو کەسانەیشی خۆیان لەتابۆکراوەکان (محرمات .Tabos) دەدەن, بەپێی یاسای چاپەمەنیی ناوبراو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت" ئەمەیش لەبەرئەوەیە سزای تیانییە, بەڵکو بەپێی یاسای سزادانی عێراقی کە بەژمارە(١١١)و لەساڵی ١٩٦٩دا دەرچووە, لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت. بۆ نموونە: لەبەندی نۆیەمی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا چەند شتێك دانراوە قەدەغەن و نابێت چاپەمەنییە خولەکی و ناخولەکییەکان خۆیانیانی لەقەرەبدەن" لەوانە: لەکەدارکردنی حورمەتی ئاین, ناوزڕاندن, تانوتلێدان و هانی تاوانکردن و.. هتد. لەو بەندەدا, یان لەبەندەکانی تری ئەو یاسایەدا باس لەوە نەکراوە ئەگەر چاپەمەنییەك سەرپێچیکرد, بەچ یاساو بەندو شێوەیەکی ئەو یاسایە لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. بۆیە, لێپێچینەوەکە بەپێی یاسای سزادان دەبێت, بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك حورمەتی ئاین لەکەدار بکاو سوکایەتی پێبکات ئەوا بەپێی بەندی (٣٧٢)ی یاسای سزادانی عێراقی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و حوکمی بەندکردنەکەیشی لەنێوان ساڵێکە بۆ سێ ساڵ. یان ئەگەر چاپەمەنیەك رۆڵی ناوزڕاندنی بینی, ئەوا بەپێی بەندی(٤٣٣)ی هەمان یاسای سزادانی عێراقی لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و بۆ مەسەلەی تانوت لێدانیش بەپێی بەندی(٤٣٤)ی هەمان یاسای سزادانی عێراقی لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسەکەدا دەکرێت. بۆ مەسەلەی تاوانی بڵاوکردنەوەیش, بەندەکانی"٨١, ٨٢ , ٨٣, ٨٤"ی یاسای سزادانی عێراقی دەیانگرێتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە بەندەکانی "١٧٥ . ٢٢٨"ی یاسای سزادانی عێراقی تایبەتن بەتاوان و کاری ترۆریستی..

بۆ زیاتر رۆچوون بەنێو بەندەکانی یاسای سزادانی عێراقیدا, خوێنەر دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ: ÇÞäæä ÇáÚÞæÈÇÊ ÑÞã 111 áÓäÉ 1969م وتعديلاته, (الطبعة الرابعة وطبع في (مطبعة الزمان) ,) ÇáÓáØÉ ÇáÞÖÇÆíÉ, ÅÏÇÑÉ ÇáÔÄæä ÇáÞÇäæäíÉ, ÈÛÏÇÏ, 1997.

دەربارەی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ـ یش, لەپاشبەندی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەقەکەی دەخوێننەوەو لەبەشی سێیەمیشدا شیکردنەوەو زانیاری پێویست لەبارەیەوە دەخوێننەوە.

## بەشی دووەم

# جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤو ئازادیی رادەربڕین لەدەوڵەتی دیموکراسیدا

لەم بەشەدا کەدابەشی دووئاستم کردووە, هەریەك لەو دوو ئاستە پەیوەندی راستەوخۆیان بەمافی مرۆڤ بەگشتیو رۆژنامەنووس بەتایبەتی هەیەو لەمبارەیەوەو لەئاستی یەکەمدا مافەکانی رۆژنامەنووس لەچوارچێوەی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا باسی لێدەکرێت, ئەمە جگەلەوەی چەمکی ئازادیی بەگشتیو ئازادیی رۆژنامەنووسیی رۆشنایی دەخرێتە سەرو هەڵدەسەنگێنرێت.

لەئاستی دووەمیشدا کەدەربارەی دیموکراسیو رۆژنامەنووسییە, پەیوەندی راستەوخۆی بەئاستی یەکەمەوە هەیە بەوپێیەی کاتێك رۆژنامەنووسو رۆژنامەنووسیی دەتوانن رۆڵی کارا ببینن کە لەسایەی کۆمەڵگایەك یان سیستمێکی دیموکراسیدابین, سیستمێك کەزۆرینە حکومڕانی بکاو تیایدا مافەکانی مرۆڤ بەگشتیو رۆژنامەنووسان بەتایبەتی لەسایەی یاساکان بەگشتیو یاساکانی میدیا یان رۆژنامەنوسیدا پارێزراوبن.

دواجار ئەم بەشە فاکتەرێکیشە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەمەغزای بەندو بڕگەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان.

## ئاستی یەکەم: جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤو ئازادیی رادەربڕین

پەنجاوسێ ساڵ لەمەوبەرو لەڕۆژی ١٩٤٨/١٢/١٠دا و لەکۆشکی "شاییۆ" لەپاریس, هەشت دیپلۆمات کۆبوونەوە بۆ نووسینی ئەو دەقەی پاشان ناوی لێنرا "جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ". ئەو هەشت دیپلۆماتە لەوڵاتو کیشوەرو کولتووری جیاوازەوە هاتبوونو خەڵکی ئوستورالیا, چین, فەڕەنسا, چیللی, بریتانیا, لوبنانو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون. ئەو هەشت کەسە, بەدرێژایی دووساڵ خەریك بوون تا ئەو(٣٠ )بەندەی بانگەوازەکەیان دارشت کەسێ لاپەرە دەبێت[1].

یەکەمین رەتکردنەوەی بەیاننامەکە هەرلەکاتی یەکەمین پێشکەشکردنیدا لەنەتەوەیەکگرتووکان لەساڵی ١٩٤٨دا لەدایك بوو, هەشت وڵاتی ئەندامی ئەوکاتەی نەتەوەیەکگرتووەکان خۆیان لەدەنگدان کێشایەوەو بەیاننامەکەیان بۆ بەهانەی جیاجیا رەتکردەوە. ئەو وڵاتانەش بریتی بوون لە سعودیەو ئەفریقیای باشوورو شەش وڵاتی بلۆکی سۆشیالستی ئەوکاتە[2].

شەش وڵاتە سۆشیالیستییەکە کەهیچ جۆرە ئازادییەکی بڵاوکردنەوەو ئازادیی سیاسیو مافە سەرەتاییەکانی تری هاوولاتیانیان نەدەناسی, بەبیانووی ئەوەی بانگەوازەکە بەرنامەیەکی بۆرژوازیانەیەو جگە لەهەوڵدان بۆ پاراستنی ئاسایشی سیستمی سەرمایەداریی هیچی دیکەنییە, بەیاننامەکەیان رەتکردەوە. سعودییەیش بەبیانووی ئەوەی گوایە بانگەوازەکە لەگەڵ ئیسلامو ئەو دونیایەی ئیسلام پێشنیازی دەکات ناگونجێت, وەگوایە بەیاننامەکە بەرهەمی رۆژئاواو فیکری رۆژئاوایە بەیاننامەکەی رەتکردەوە, ئەفریقیای باشووریش کەتازە سیستمی ئاپارتهایدی[3] رەگەزپەرستی داهێنابوو, وە بەهۆی ئەوەی کەهەموو بەندەکانی دژ



www.kurdistanet.org

بەو سیستەمە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە ڕەگەزپەرستانەیە بوو کە لەئەفریقیای خوارووردا پیادە دەکرا, بەیاننامەکەی ڕەتکردەوە[٤].

هەڵبەت ڕەتکردنەوەی ئەم بانگەوازە گەردوونییە لەلایەن ئەو هەشت دەوڵەتە دەچێتە چوارچێوەی زیاتر بەردەوامبوونیان لەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤو هەریەکەشیان پاساوی جیاجیای بۆ دەهێننەوە, وەك پێشتر ئاماژەم بۆکردن, ئەمە لەکاتێکدایە پێشێلکردنی مافەکانی تاکە کەسو گروپەکان کە لەیەکتری جیا ناکرێنەوە, دەچێتە چوارچێوەی زەوتکردنی مافی ئازادیی مرۆڤەوە. بۆیە, شتێك نییە ناوی مافی مرۆڤی ڕۆژئاواییو مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بێت, یەك ماف هەیە, ئەویش تەنها مافی مرۆڤەو هیچی دی[٥].

جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ" بەگرنگترین بەڵگەنامە دادەنرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیدا" کەتیایدا ڕاشکاوانە مافو ئازادییەکانی مرۆڤی بەرجەستە کردووە. ئەم جاڕنامەیە کە لە(٣٠) بەند پێکهاتووە, دابەشی ( ٦) بەشی سەرەکی دەکرێت[٦] بەم شێوەیە:

**یەکەم**/ سەرەتا: تیایدا باس لەجەوهەری بەیاننامەکە کراوە کەبنەمای ئازادیو یەکسانیو ئاشتییە.

**دووەم**/ بەندەکانی یەکەمو دووەم: ئاماژە بەوە دەکەن مرۆڤ بەئازادی لەدایك دەبێ" هەربۆیە دەبێت لەکەرامەتو لەمافەکانیشدا یەکسان بن.

**سێیەم**/ بەندەکانی (٣ ـ ١٨): تیایاندا ئازادیو مافە کەسیو مەدەنییەکان دەستنیشاندەکات (دواتر لەباسکردنماندا بۆ چەمکی ئازادی ئەم لایەنە بەدرێژایی ڕوون دەبێتەوە). لەمبارەیەوە لەبەندی هەژدەیەمی بەیاننامەکەدا هاتووە: "هەموو کەسێك مافی ئازادیی بیرکردنەوەو ویژدانو ئایینی هەیە, ئەم مافە ئازادیی گۆڕینی ئایینو بڕوا دەگرێتەوەو مرۆڤ لەدەربڕینی ئەو ئازادییەشدا, بەفێربوونو خەریکبوونو ئەنجامدانو پەیڕوکردنی دابو دەستووری ئەو ئایین و بڕوایە بەپەنهانی یا ئاشکراو بەتەنیا یا بەکۆمەڵ ئازادە"[٧].

**چوارەم**/ بەندەکانی(١٩ ـ ٢١): باس لەمافەکانو ئازادیی سیاسیو نیشتمانیی دەکات, تا ئەو ئاستەی مرۆڤ ئازادە لەبیرکردنەوەو ویژدانو ئایینداو. لە بەندەکانی ئەم بەشەدا باس لەئازادیی ڕادەربڕینو دەرکردنی ڕۆژنامەو ئازادی پەخشکردنی هەواڵو فیکر کراوە, بەهۆی هەر ناوەندێکەوە بێت, وەك لەبەندی نۆزدەدا هاتووە: "هەموو کەسێك مافی ئازادیی بیروڕاو ڕادەربڕینی هەیە, ئەم مافەیش هەڵگرتنی بیروڕا بەبێ خۆتێکەڵکردنی کەسێکی دیکەو وەرگرتنی هەواڵو بیروباوەڕو بڵاوکردنەوەیان بەهەر شێوەیەكو بەبێ خۆبەستنەوە بەسنووری جوگرافی دەگرێتەوە"[٨].

**پێنجەم**/ بەندەکانی(٢٢ ـ ٢٨): تیایاندا مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەبن.

**شەشەم**/ بەندەکانی ٢٩ و ٣٠: لەم دوو بەندەیشدا, دەستنیشانی ئەرکە یاساییو کەسییەکان کراون" کە بەسەر هەر تاکێکدا سەپێنراون" لەکاتی مومارەسەکردنی مافەکانیو ئازادییدا, وەك لەبەندی (٣٠)دا دەردەکەوێت, کەبەمشێوەیەیە: هیچ دەقێکی ئەم بانگەوازە نابێت والێکبدرێتەوە کەرێگە بداتە دەوڵەتێك یاکۆمەڵێك یا تاکە کەسێك کەچ مافێکی ئەوەیان هەبێت چالاکی یان کارێك بکەن بەمەبەستی تێکدانی مافو ئازادییەکانی نێو ئەم بانگەوازە.

جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ, سروشتیی یاسایی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە سەرەکییەکانی لەبواری سەروەریی یاساییەوە گواستۆتەوە بۆ بواری سەروەریی مافەوە[٩], واتا لەبواری تەنها پراکتیککردنی یاساوە خراوەتە خانەی پرەنسیپی باڵای مافەکانو ئازادیی گشتی لەسەر هەمان یاسا, کەمافیش بەمانای بوونی

ئازادییە بۆ ئەنجامدانی کار. ئەمە لەکاتێکدایە دەبێت ئەوە بزانین, مافەکانی مرۆڤ رۆژ لەدوای رۆژ لەهەڵایسان و نوێبوونەوەدان, هەروەك چۆن پێداویستییە ماددییەکانیش بەردەوام لەزیادبوون و نوێبوونەوەدان و رۆژانە داهێنراوی زانستی دەهێنرێنە بوون" کەراستەوخۆ پەیوەندییان بەداخوازی و پێداویستی و مافەکانی مرۆڤەوە هەیە..

هەر لەو سۆنگەیەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین رۆژانی ١٤ـ ١٩٩٣/٦/٢٥ و لەڤیەننای پایتەختی نەمسادا, کۆنگرەیەکی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ بەسترا" کەژمارەی بەشداربووانی گەیشتبووە حەوت هەزار کەس" کەنوێنەرایەتیی ١٧٩ حکومەت و ٨٠٠ رێکخراوی ناحکومییان دەکرد" لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری تۆژەرەوەو بایەخدارانی کاروباری مافەکانی مرۆڤ. ئەو کۆنگرەیە لەلایەن "بوترس غالی"ی سکرتێری گشتیی ئەوکاتەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە کرایەوەو لەوتەیەکیدا بەو بۆنەیەوە وتی: "کۆنگرە تێڕوانینێکی نوێ پێکدەهێنێ بۆ کارکردنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لەسەدەی داهاتوودا"[١٠] .

هەر لەو کۆنگرەیەدا, بەرنامەیەکی کارکردن دەرکرا کە ٢٤ لاپەڕەبوو بەزمانی ئینگلیزی. لەسەرەتای بەرنامەی کارکردنەکەدا, جەخت لەسەر جێگیریی یاسایی و مرۆیی مافەکانی مرۆڤ کراوەتەوەو داوا لەدەوڵەتانی ئەندام لەنەتەوەیەکگرتووەکان کراوە پابەندی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ بن, لەگەڵ ئەو بەڵگەنامەو بەرنامەی کارەی لەکۆنگرەی ڤیەننادا دەرچووە[١١] .

ئایەتوڵڵا خومەینی رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەبارەی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤەوە دەڵێت: "ئەوەی پێی‌دەڵێن مافەکانی مرۆڤ, هیچ شتێك نییە جگە لەچەپکێ یاسای فاسید کەلەلایەن زایۆنییەکانەوە دارێژراوە" بۆ ئەوەی ئاینیی راستەقینە هەڵوەشێنێ"[١٢] .

ئەو بۆچوونەی رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەمان بۆچوونی دەوڵەتی سعودیە بووە" کەبەو بیانووەوەو لەساڵی ١٩٤٨دا لەنەتەوەیەکگرتووەکان, دەنگی لەسەر ئەم بانگەوازە گەردوونییە نەدا.

لەکاتێکدا (٥٣) ساڵ بەسەر ئەم بانگەوازە گەردوونییەدا تێدەپەڕێت, نەك پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەهەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەدا رۆژانە بەردەوامی هەیە, بەڵکو لەهەندێك بارودۆخ و لەهەندێك حاڵەتی جیاوازو تایبەتدا مرۆڤگەلێك لەسادەترین مافی ژیان رووتکراونەتەوە[١٣] .

لەسەدەی بیستەمدا سێ دۆکیۆمێنتی نێونەتەوەییمان هەیە" کە هەوڵدەدەن مافە گەردوونییەکان پێناسە بکەن: بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ(١٩٤٨), پەیمانی نێونەتەوەیی سەبارەت بەمافە سیاسی و مەدەنییەکان(١٩٦٦) و پەیمانی نێونەتەوەیی لەمەڕ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان(١٩٦٦)[١٤] .

لێرەدا بواری ئەوەمان نییە بپەرژێینە سەر هەریەك لەبەندەکانی ئەو سێ دۆکیۆمێنتە, کەیەکەمیان لە(٣٠) بەند پێکهاتووە, (وەك پێشتر هێمام بۆیکرد). دووەمیان پەیمانی نێونەتەوەیی سەبارەت بەمافە سیاسی و مەدەنییەکانە کە لە ١٩٦٦/١٢/١٦داو لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسەندکراوەو لەشەش بەش پێکهاتووەو (٢٣) بەندی لەخۆ گرتووە[١٥] . دۆکیۆمێنتی سێیەمیش, کە بەپەیمانی نێونەتەوەیی لەمەڕ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ناسراوە, ئەویش لەرۆژی ١٩٦٦/١٢/١٦داو لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسەندکراوە, کە لەپێنج بەش پێکهاتووەو (٣١)بەندی لەخۆ گرتووە[١٦] .

ئەوەی لێرەدا جێگای باسە, جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤە. دەربارەی ئەو بەیاننامەیە, دەکرێت چوار پەرچەکرداری وڵاتە ئیسلامییەکان لەنێو ئەو رۆشنبیرانەدا کە لەسەر ئەو کێشە ناسکە بەدەنگهاتوون, دەستنیشان بکەین:

www.kurdistannet.org

**یەکەم**/ دیدی توانەوە: ئەو دیدەیە کە پێ دادەگرێت لەسەر ئەو خاڵەی ئیسلام وەك ئاین و وەك پەیامێکی خودایی تەبایە لەگەڵ تیۆرییەکانی مافی مرۆڤدا, بۆ نمونە: عەبدوڵڵا ئەحمەد ئەلنعیم کەڕۆشنبیرێکی سودانیەو نووسینەکانی لەسودان قەدەغە کراون, یەکێکە لەلایەنگرانی ئەم دیدە.

**دووەم**/ دیدی گونجاندن: ئەم دیدە پێیوایە تەنیا لەژێر سایەی ئیسلامدایە کە مافەکانی مرۆڤ دەشێ بەشێوەیەکی کامڵ جێبەجێبکرێن و بچەسپێن. نمونەی ئەمجۆرە سەیرکردنە, بەیاننامەی جیهانی ئیسلامیی مافەکانی مرۆڤە" کەلەلایەن ئەنجومەنی ئیسلامی لە لەندەن و لەساڵی ١٩٨١دا راگەیەندراوە.

**سێیەم**/ دیدی بەرەنگاربوونەوە: ئەو دیدەیە کەدەڵێ دەبێت مافەکانی مرۆڤ رەتبکرێنەوە, چونکی بەشێکن لەپرۆژەو ئایدۆلۆژیای مەرکەزیەتی ئەوروپی, بزووتنەوەی فەندەمێنتالیستەکان (ئوسوولییەکان) و چەند حکومەتێکی ئیسلامی هەڵگری ئەم دیدەن (بۆچوونەکەی رابەری شۆڕشی ئیسلامی کەپێشتر هێمام بۆیکرد دەچێتە خانەی ئەم دیدەوە ـ مەم).

**چوارەم**/ دیدی نەگونجاندن: ئەم دیدە باس لەوە دەکات ئیسلام چ وەك ئایین و چ وەك ترادیسیۆن ناگونجێ لەگەڵ گوتاری مافەکانی مرۆڤدا, تەبا نایەتەوە لەگەڵ پرەنسیپە دیموکراسییەکاندا[17].

خاوەنبوونیش توخمێکی سەرەکییە لەمافەکانی مرۆڤدا, واتا کەسێك خاوەنی ئەو مافانەیە کەموستەهەقە. لەپاڵ پێودانگی خاوەنبووندا, بوونی مافی مەشقکردنی ماف خاسیەتێکی تری جەوهەریی مافەکانی مرۆڤە. مەشقکردنی ماف" واتا بوونی توانای بڕیاردان لەسەر بناغەی ئیرادەی ئازادیی تاکە کەسەوە. بۆیە, دانانی هەر رێگرییەك لەبەردەم کەسەکاندا تاکو بڕیاری خۆیان بدەن, یا ئیرادەی ئازادییان نەخەنەگەڕ, ئەوپەڕی دەستدرێژیکردنە بۆسەر مافەکانی مرۆڤ. لەمەزیاتر, چەمکی (هەق) رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەمەسەلەی مافەکانی مرۆڤدا, لەلایەك هەق ئاماژەکردنە بۆ ئەرکێکی ئەخلاقی یاخود هەقیانەت وەك ئەوەی دەڵێین: "ئەوە هەقە کەتۆ دەڵێیت ..."" . مانای دووەمیش, ئاماژەکردنە بۆ خاوەنبوون" وەك ئەوەی دەڵێین: "من هەقمە کە ...". کەدەشڵێین مافەکانی مرۆڤ مەبەستمان لەمانای دووەمی ئەو چەمکەیە, خاوەندارێتیی ئەو هەقەی کەمەشقی مافەکان بکەین[18].

زۆربەی فەیلەسووف و بیریارەکان لەبارەی ئازادیی مرۆڤەوە دواون و چەمکی ئازادییان بەیەکێك لەپایە گرنگەکانی بەهای مرۆڤ ناساندووە" بەو پێیەی تا ئازادیی مرۆڤ نەبێت, ناکرێت قسە لەسەر بەها ئینسانییەکانی تربکرێت, هەروەك پێشتر هێمام بۆیکرد لەباسکردنی ئازادیی‌دا دەگەڕێینەوە بۆ بەندەکانی مافی مرۆڤ, ئەوانەی پەیوەندیان بەئازادیی مرۆڤەوە هەیە کە بەندەکانی (٣ . ١٨)دەگرێتەوە.

هەڵبەت, ئازادی چەمکێکی فراوانەو چەندین لقی جیای لێدەبێتەوە, چ ئازادی وەك بەهایەکی ئینسانی, کەمەحاڵە مرۆڤ بێ ئەو چەمکە بتوانێت بەها ئینسانییەکانی راڤەبکات, چ ئازادیی فیکر, چ ئازادیی فیکرو یاسای سروشتی, یان ئازادیی فیکرو پرەنسیپی سەروەریی نەتەوە, یان ئازادیی فیکر لەهەریەك لەدەوڵەتە سەرمایەداری و سۆشیالیستی و فاشییەکاندا, یان لەهەریەك لەتەوژمە فەلسەفییەکاندا, یان ئازادیی لەئیماندا, وەیان لەمیدیاداو ... هتد.

ئازادیی فیکرو مافەکانی مرۆڤ, جێگای قسەکردنی ئێرەیە. لەزۆربەی بەندەکانی هەریەك لەجاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و پەیمانی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسییەکان ئاماژە بەئازادیی مرۆڤ, بەتایبەتی ئازادیی فیکر دەکەن.

لەبەندی سێیەمی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا ئاماژە بەوەکراوە هەموو کەسێك مافی ژیانو ئازادیو ئاسایشی هەیە. لەبەندی چوارەمیشدا تەئکید لەسەر ئەوە دەکرێتەوە نابێت هیچ کەسێك بکرێت بەکۆیلەو بەنۆکەر بگیرێتو هەموو چەشنە کۆیلەیەتیو بازرگانیی کۆیلەیەك قەدەغەیە. ئەمە ئەو دیدەمان لەلا ڕووندەکاتەوە مرۆڤەکان یەکسانن لەژیانداو کەس لەویتر زیاتر نییە, هەروەك چۆن ئەو یەکسانییە لەبەندی شەشەمیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە:"هەرکەسێك لەهەر شوێنێکدابێت مافی دانپێدانانی کەسایەتیی قانوونی هەیە. هەروەها لەبەندی حەوتەمدا دووپاتدەکرێتەوە: هەموو مرۆڤێك لەبەردەم قانووندا یەکسانو مافی ئەوەشیان هەیە کەچوونیەكو بەبێ جیاوازی لەلایەن قانوونەوە بپارێزرێن ... و لەبەندەکانی هەشتەمو نۆیەمدا بەهەمان شێوە جەخت لەسەر ئازادیو ئەم یەکسانییە لەمافەکاندا کراوەتەوە.

هەر لەبارەی ئازادیدا, لەبەندی سیانزەیەمدا هاتووە: هەموو کەسێك ئازادیی هاتنو چوونو هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی لەنێو سنووری هەر دەوڵەتێکدا هەیە... هتد.

دەشێت مافی دەربڕین یان هەقی ئەوەی مرۆڤ کارێك بکات, یەکسان بێت بەئازادیی مرۆڤ. بۆیە, ناکرێت هەقو ماف لەگەڵ ئازادیدا جیابکرێنەوە. هەروەك چۆن لەو بەیاننامە گەردوونییەدا, جەخت لەسەر مافەکان کراونەتەوەو هاوکات باس لەئازادیی مرۆڤ لەهەقەکانیدا بەرانبەر بەسروشتو کۆمەڵو بوارە جیاکانی تری ژیان کراوە.

لەبەندی یەکەمی بەیاننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بەمافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکان (کەمن پێم وایە دەشێت بەپەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بەئازادییە ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکانیش ناویبەرین), ئاماژە بەوەکراوە هەموو گەلێك مافی دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆی هەیە, ئەو مافەیش ئازادیی چارەنووسو ئازادیی دەستەبەرکردنی گەشەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتووری دەگرێتەوە.

لەبەشی دووەمی هەمان بەندا هاتووە: هەموو گەلان دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان مامەڵەیەکی ئازادنە بەموڵكو داهاتە سروشتییەکانیان بکەن.

ئەو دوو خاڵەی ئاماژەم پێکردن, بەهەمان شێوەو لەبەندی یەکەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکان دووبارە بوونەتەوە[١٩].

هەڵبەت ئازادی لەمافە جوانەکانی مرۆڤە, و دواتر دەشێت لەکاتی شیکردنەوەی بەندەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا, لەئازادیی ڕۆژنامەنووسیی بگەین, وەك بەشێك لەئازادیی مرۆڤ" بەوەی تاچەندە ئەو یاسایە ڕەچاوی ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی چاپکردنی کردووەو سنوورەکانی ئازادیی ڕادەربڕینی فراوانکردووە, هەروەك چۆن لەپەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا جەختیان لەسەر کراوەتەوە.

هەر دەربارەی بەهای ئازادی, دەخوازم ئاماژە بەپارچە شیعرێکی "شێرکۆ بێکەس" بکەم" کەساڵی ١٩٨٨و لەستۆکهۆڵم نووسیویە, بەمشێوەیەیە:

**ئەگەر لەناو شیعرەکانما**

**گوڵ دەرهاوێژنە دەرەوە**

**لەچوار وەرز وەرزێکم ئەمرێ**

**ئەگەر یار بێتە دەرەوە**

**دووانم ئەمرن**

**ئەگەر نان بێتە دەرەوە**

**سیانم ئەمرن**

**گەر ئازادی بێتە دەرێ**

**ساڵم ئەمرێو خۆیشم ئەمرم**

ئەگەر دیقەت بدەین, دەبینین لای شێرکۆ وێڕای ئەوەی ئازادی لەگوڵو یارو نان لەپێشترە, هاوکات ئەگەر ئازادی نەبێت مانای مردنی شاعیرە, دەشێت ئەم حاڵەتەی شاعیر بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا تەعمیم بکرێت, بەوەی نەبوونی ئازادی مانای مردنی مرۆڤایەتییە.

بەپێویستی دەزانم نمونەیەکی تری شیعری بهێنمەوە" کەتیایدا ئاماژە بە بەهای ئازادی کراوە.

قانعی شاعیر لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٣دا لەگەڵ وریای کوڕیدا (واتا مامم) لەتاران حەپس دەبێتو نەخۆش دەکەوێو هیوابڕاوی ژیان دەبێ, ئەوکاتە لەکونجی زینداندا شیعری "لەبەندیخانەدا" دەهۆنێتەوە. لەو شیعرەدا, شاعیر دەگاتە ئەو قەناعەتەی مانەوە لەزینداندا بەورەیەکی پۆڵاینەوە, واتا بەئیرادەوە, بیری ئازادی فراوانتر دەکات, کەفراوانبوونی بیری ئازادیش هۆکارێکە بۆ ئازادبوونی مرۆڤ. ئەگەر دیقەت بدەین لەچوار دێڕی کۆتایی ئەوشیعرەدا هاتووە:

**گەر بەئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم**

**نۆکەریو سەردانەواندن .. کاری نامەردانەیە**

**(قانع)م ئەمڕۆ لەزیندانا بەئازادی ئەژیم**

**سەد هەزار نەحلەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە** [٢٠]

شاعیر لەچوارینەی کۆتایی شیعرەکەیدا دەگاتە ئەو بەرەنجامەی ئەگەر ئازادی نەبێت ئەوا مردن چاکترە, هەروەك چۆن کاتێك ژیان بەهای دەبێت کەمرۆڤ ئازادبێت. لەدێڕی دووەمی ئەو چوارینەیەدا ئەوەمان لەلا دروست دەبێ شاعیر پێی وایە هەڵبژاردنی ژیانی نۆکەریو سەردانەواندن (ماستاوچێتیش بەشێکە لەو ژیانە) کارێکە دوورە لەرەووشتی مرۆڤانەو کارێکی بەدو نامەردانەیە, ئەمە لەکاتێکدایە شاعیر مەبەستی لەوەیە ئەگەر ئەو نۆکەرییە بەزۆرەملێ نەبێت, بەڵکو کردەیەکی ئیختیاریش بێت. لەکاتێکدا جان پۆڵ سارتەری بیرمەندو فەیلەسوفی وجودی هەموو کردەیەکی ئیختیاری مرۆڤ بەهادار دەکات, بەڵام شاعیر پێیوایە ئەگەر کردە ئیختیارییەکان خزمەتی بەهای ئازادی نەکەنو ئازادیی مرۆڤ بخەنە خەتەرەوە, ئەوا کارێکی بێشەرمانەیە. لەکاتێکدا سارتەر لەتەواوی فەلسەفەکەیدا لەبارەی بەهای ئازادیو ئیختیارو لێپرسراوێتیی مرۆڤ بەرانبەر ئەو کردارانەی پێشوەخت بڕیاریان لەسەر دەداو.. دواتر پابەندیان دەکاتەوە بەوەی دەبێت ئیلتزامیشیان پێوەبکات, دواوە. هەروەك چۆن لەمبارەیەوە بۆچوونێکی هەیە دەڵێت: "من بوونم هەیە کەواتە هەڵدەبژێرم, هەربۆیە لێپرسراوم بەرانبەر بەهەڵبژاردنەکەمو دەشبێت ئیلتیزامی پێوە بکەم".

قانع" لەدوایین بەیتی شیعری "لەبەندیخانەدا", دەگاتە ئەو بڕوایەی مادامەکی لەزینداندا ملینەداوەو نەبووەتە نۆکەری بێگانە, واتە ئازادە, ئەمە شەهادەیەکی بەرزەو پێی قانیعە. چونکە, لەو سۆنگەیەوە لەکونجی زیندانیشدا مومارەسەی ئازادی دەکات.

بۆیە, دەشێت بەدیوێکیتردا وا لەبارەی چەمکی ئازادییەوە بدوێین, وێڕای ئەوەی ئازادی وەك بەهایەکی ئینسانی چەندین هۆکاری بابەتی لەپشتەوەیەو بەهاو بەدیهاتنی لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر ڕێژەییە, هاوکات ئازادی وابەستەی ئیرادەی مرۆڤەکان خۆیشیانە, کەلەڕێی هەڵوێستەکانیانەوە دەتوانن گوزارشتی

لێبکەن, هەروەك چۆن دەبێت ئەو راستییەیش بزانین ئازادیی مرۆڤ پەیوەندی راستەوخۆی بەکەسانیترەوە هەیە, وەك چۆن سارتەر پێیوابوو: "ناتوانین ئازادی خۆمان بەئامانج بزانین, تاوەکو ئازادی کەسانی تریش لەلامان نەبێتە ئامانج"[٢١]. هەر خودی سارتەر دەیگوت: "لەکاتێکدا ئازادیم دەوێت, لەسەرمە ئازادی کەسانی تریشم بوێت "[٢٢]. هەر سارتەر, دەربارەی بەهای ئازادیو لەشانۆیی "مێش"دا, لەسەر زاری "ئۆریست"ەوەو دوای ئەوەی ناوبراو دەسەڵاتی "ئیجیست" لادەبات, لەوکاتەدا ئۆریست لەگوتارێکیدا بۆ جەماوەرەکەی دەڵێت: "دەمەوێ پاشای مەملەکەتێك بم بێ رەعیەت"[٢٣]. واتای ئەم دیالۆگە ئەوەیە مرۆڤ بەتەنیا پاشای خۆیبێو خاوەن ئیرادەی خۆیبێتو مرۆڤەکان هەموو یەکسانو ئازادبنو کەس نەبێتە کۆیلەی ئەویتر, هەروەك چۆن لەجاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئەگەر سەرنج بدەینە بەهای ئازادی لەلای سارتەر, دەبینین نەك بەتەنها لەفەلسەفەکەیدا رەنگیداوەتەوە, بەڵکو لەتێکستە شانۆییەکانیشیدا رەنگی داوەتەوەو بووەتە تەوەری سەرەکی, بۆ نمونە شانۆییەکانی "دەستی قێزەون, سۆزانیە بەشەرەفەکە, ئاژاوەو بلیمەتیو دەرگا داخراوەکان ..."[٢٤] بەجۆری جیاجیا لەبارەی ئازادیی مرۆڤەوە دواونو بەهۆیانەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی مرۆڤ بێ ئازادی هیچ پێناسێکی ئەوتۆ لەخۆناگرێت, کەدیارە بوونی ئازادی دواجار دەبێتەوە هەوێنی ئازادییەکانیتر" وەك چۆن لەسی بەندەکەی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا ئاماژەیان بۆکراوە.

ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی راپۆرتێکی نێودەوڵەتیی گروپی خانەی ئازادی کەچاودێری مافی مرۆڤو وەرچەرخانە دیموکراتییەکان لەجیهاندا دەکات, لەراپۆرتی ساڵی دووهەزاریدا رایگەیاندووە: "دیموکراسیو مافی مرۆڤ بەرەو پێشچونێکی گەورەی لەجیهاندا بەخۆوە بینیووە, بەلاّم تەنیا نزیکەی ٤٠٪ ی دانیشتوانی جیهان بەئازادی شادن".

راپۆرتەکە روونیکردۆتەوە (٨٦) دەوڵەت دانیشتوانەکەی بەئازادی شادن, لەکاتێکدا دانیشتوانی (٥٩) دەوڵەت هەندێك ئازادییان هەیەو (٤٧) دەوڵەتیش ئازادییان تێدانییەو دانیشتوانەکەیان مافە سیاسیو ئازادییە مەدەنییە بنچینەییەکانیان نییە[٢٥].

سەرنج بدە, پاش تێپەڕبوونی ٥٢ ساڵ بەسەر جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤداو دوای ئەوەی زۆربەی وڵاتانی جیهان بانگەشەی بوونی ئازادی لەوڵاتەکانیاندا دەکەن, بەپێی ئەو راپۆرتە تەنها ٤٠٪, واتا ٢\٥ ی دانیشتوانی جیهان بەئازادی دەژینو مافەکانیان پارێزراوە. هەربۆیە میدیا کەلەژێر سایەی ئازادییدا دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم (Foruth Power), دەشێ ئەو حەقیقەتەمان لەلا بچەسپێ کەمیدیا لەتەنها ٤٠٪ی وڵاتانی جیهاندا توانیوویەتی ئەرکەکانی بەدیبهێنێو ببێتە دەسەڵاتی چوارەم. دەتوانین بڵێین ٦٠٪ی وڵاتانی جیهان کەئازادی تیا فەراهەم نەکراوە, یاساکانی چاپەمەنی دەیان کۆتو پێوەندیان بۆ چاپکراوە خولەکییەکانی وەك (رۆژنامەو گۆڤار ...)و چاپکراوە ناخولەکییەکانی وەك (کتێب) داناوەو وایان کردووە چاپکراوەکان وەك بەشێکی میدیا لەپەراوێزدابنو نەبنە هیچ هێزێکی گوشارو ئەرکەکانیان بەجێنەهێنن" کە کەم تا زۆر ئەم حاڵەتە لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانیشدا هەیەو دواتر دەگەڕێینەوە سەری, هەربۆیە, لەخۆرانەبوو جان جاك رۆسۆ دەیگوت: "مرۆڤ بەئازادی لەدایك بووە, بەلاّم کاتێك بەخۆی دەزانێت دەبینێت چواردەوری بەکۆتو بەند تەنراوە"[٢٦].

هەروەك چۆن جان پۆل سارتەریش پێیوابوو: "ئازادی تاکە پێوانەیە کەبتوانین بەهۆیەوە بەهاو راستی هەڵبسەنگێنین "[٢٧]. هەروەك چۆن یەکێك لەیاسا دارێژەرەکانیش لەبارەی بەهای ئازادییەوە دەڵێت: "دابڕاندنی خۆر لەجیهان ئاسانترە وەك لەدابڕاندنی ئازادی لەمرۆڤ"[٢٨].

دواجار دەكرێت ئاماژە بەوە بكەین, بەدیهاتنی سەرجەم بەندەكانی جاڕی گەردوونیی مافەكانی مرۆڤ, زەمینەیەكی لەبار دەرەخسێنێ بۆ داكۆكیكردن لەماف و ئازادییەكانی مرۆڤ و لەسایەی بەدیهاتنی تەواوی بەندەكانی ئەو جاڕە گەردوونییەدا, وێڕای ئەوەی مرۆڤ وەك بوونەوەرێك بەهادار دەكرێت, هاوكات بەشی زۆری مافەكانی مرۆڤ, لەسەروویانەوە مافی ئازادیی بیروڕاو ئازادیی رادەربڕین دەهێنرێنە دی.

## ئاستی دووەم: دیموكراسی و رۆژنامەنووسیی

دیموكراسی و رۆژنامەنووسیی دوو چەمكی گرێدراون و یەكتری تەواو دەكەن, واتا پەیوەندییەكی دینامیكی لەنێوانیاندا هەیە. ئەگەر دیموكراسی هەبێت رۆژنامەنووسیی و بەها جوانەكانی رۆژنامەنووسیی و هێزی رۆژنامەنووسیی و ئازادیی رۆژنامەنووسیش دەبێت. ئەگەر بشمانەوێت ببینە خاوەنی رۆژنامەنووسییەك كەگوزارشت لەهاووڵاتیان و رای شەقام بكات و داینەمۆی خولقاندنی رایگشتی بێت, دەبێت كۆمەڵگایەكی دیموكراسیمان هەبێت. واتا رۆژنامەنووسیی بەسەرجەم بەها جوانەكانیەوە لەمناڵدانی دیموكراسییەوە دێتەبوون و هەر لەوجۆرە كۆمەڵگایەدا رۆژنامەنووس مافەكانی پارێزراو دەبێت و دەتوانێت رۆژنامەنووسی وەك ناوەندێكی میدیا بكاتە هێزێكی كارا, وەك چۆن ئەو راستییە دەزانین لەسایەی دەوڵەتی دیموكراسییدا رۆژنامەنووسیی دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم, كەدەڵێم دەسەڵات مەبەستم لەهەژموون (باڵادەستی ـ هەیمەنە) نییە بەڵكو دەسەڵات لێرەدا مانای هێز (Power) دەگەیەنێت, هەروەك چۆن دەسەڵاتی چوارەم (Fourth Power)ی پێدەوترێت, كە دەشێت هێزی چوارەمیشی پێ بوترێت.

دەخوازم, سەرەتا لەبارەی چەمكی دیموكراسییەوە بدوێم" كەدواتر لەشیكردنەوەی بەندەكانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی كوردستاندا ئەم لایەنەیش یاریدەدەرێكی باش دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەندێك لەبڕگەو بەندەكانی ئەو یاسایە.

دیموكراسیی یان دیموكراتی, زاراوەیەكی یۆنانیە""دیمو" بەمانای خەڵك و "كراتۆس" دەسەڵات دەگرێتەوە, واتا دەسەڵاتی خەڵك, یان دەسەڵاتی گەل.. دیموكراسیی" جۆرە دەسەڵاتدارێتییەكی تایبەتە" كەدەسەڵات بەدەست زۆربەی خەڵكەوە بێت, بەربەستی لەئازادی نەكرێت, ئەندامانی كۆمەڵ وەك یەك یەكسان بن[٢٩].

لێرەدا پێم باشە جۆرەكانی دەسەڵات و حوكمڕانی دیاریبكەم و ئاماژە بەوەبدەم كەدیموكراسی لەكام جۆریاندا بوونی هەیە.

دەسەڵات بەسەر سێ بەشی سەرەكیدا دابەشدەكرێت[٣٠] كە ئەمانەن:

**یەكەم**/ سیستەمی سیاسیی فەردی: لەمجۆرە سیستەمەدا دوو جۆرە دەسەڵات هەن: (پاشایەتی و دیكتاتۆری). لەپاشایەتیشدا دوو جۆری ترمان هەیە كەپاشایەتیی دەستووریی و پاشایەتیی رەهان.لەجۆرەكەی تریشدا دیكتاتۆرییە, ئەویش دوو جۆری تری لێدەبێتەوە, كەدیكتاتۆری مەنهەجی و دیكتاتۆری نامەنهەجین.

**دووەم**/ سیستەمی كەمینە (سیستەمی ئارستۆكراتی):ئەمجۆرە دەسەڵاتە ئارستۆكراتی پێدەوترێت. ئارستۆكرات, زاراوەیەكە بەمانای دەستەی پیاو ماقوڵان دەگرێتەوە, بەو توێژو كۆمەڵانە دەڵێن دەسەڵاتێكی زۆریان هەیە, سامان و توانای دەسەڵاتیان زۆرە, پلەوپایەی كۆمەڵایەتیان لەناوخەڵكدا بەرزە. ئەمانە, هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو پلەوپایەی هەیانە بیپارێزن و بەمیراتی لەیەكتری وەرگرن. مانای گشتی ئارستۆكرات, توێژە دەسەڵاتدارەكانی سەرەوەی كۆمەڵن[٣١] . ئەم دەسەڵاتەیش لەسێ جۆردا بەرجەستە دەبێت" كە " دەرەبەگایەتی, سەرمایەداری و نوخبەی سیاسی"ن.

**سێیەم/** سیستمی زۆرینە (دیموکراسی): ئەم دەسەلاتەیان لەهەریەك لەدەسەلاتەکانیتر زیندوترو گونجاوترە بۆ حکومڕانیکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا. دەشێت لەژێر سایەی ئەمجۆرەی دەسەلاتدا کۆمەڵگا هەمیشە لەنوێبوونەوەو بەرەو پێشچوندابێ و داخوازییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ, لەسەرویانەوە بەندەکانی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ بێنەدی, بەتایبەتی بەندی نۆزدەیەم کەمافی ئازادیی بیروڕا دەربڕین دەبەخشێتە مرۆڤ (ئەم لایەنەیان پەیوەندی نزیکی بەباسەکەمانەوە هەیەو دواتر هەوڵدەدەم بگەڕێمەوە سەری). ئەمجۆرەی دەسەلات, دابەشی سێ جۆر دەکرێت:

**ـ سیستمی دیموکراسیی پارلەمانی.**

**ـ سیستمی دیموکراسیی سەرۆکایەتیی.**

**ـ سیستمی دیموکراسیی تێکەڵ.**

کولتووری دیموکراسییانە" کولتوورێك نییە نوخبەیەکی بچوك لەسەرەوەڕا بەسەر جەماوەردا بیسەپێنن. دیموکراسیەت" جەدوەلی زەرب نییەو لەسەرەوەڕا جەماوەر ناچار بەلەبەرکردنی بکرێت, وانەیەك نییە سەردارەکان فێری خەڵکی بکەن, پرۆسەیەك نییە دەسەلاتدارێتییەك بەمولکی خۆی بزانێت, بەڵکو دیموکراسیبوون پرۆژەیەکی کۆمەلایەتیو سیاسیو کولتوورییە, خواستێکی کۆمەلایەتیی هەموو ئەو گروپ و لایەنو تاکانەیە کە بەرژەوەندییان لەبوونی کۆمەڵگایەکی کراوەدایە, تاوەکو بتوانن داکۆکی لەخۆیان و مافەکانیان و ئازادیو پاراستنی جیاوازیی خۆیان بکەن. دیموکراسیەت, مانای پێکەوە ژیانی ئارام و ئاشتییانەی چەندەها جیاوازییە لەپاڵ یەکدیدا. لەدنیادا هیچ سیستمێکی دیموکراسی بوونی نییە بەشداربووەکانی ناوی چوارچێوەیەکی نەتەوەیی گشتییان قبوڵنەکردبێت بۆ نیشتەجێکردنی جیاوازییەکانیان[٣٢].

کەباس لەدیموکراسی دەکرێت, کۆمەڵگایەکمان دێتە بەرچاو جیاوازی تیا قبوڵدەکرێت, کۆمەڵگایەك ڕەنگە جیاوازەکان گوزارشت لەخۆیان دەکەنو مرۆڤەکانی لەوپەڕی ئازادیدا داکۆکی لەماف و بەها ئینسانییەکانیان دەکەن. لەسایەی دەسەلاتی دیموکراسیدا, ئازادی دەبێتە ئەرکێکی گەورەی مرۆڤ بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی" بەتایبەتی مافی را دەربڕین کە لەرۆژنامەنووسیدا دەهێنرێتە بوون. هەڵبەت هەر لەسوقراتی ژەهر خواردوو کراوەوە تا ئەمڕۆ بەشێکی زۆری بیریاران لەبارەی هەردوو چەمکی ئازادیو دیموکراسی دواون و هەریەکەیان بەجۆرێك پێناسەیان کردووە, ئەمە لەکاتێکدایە لەبیری وجودیدا مرۆڤ هەر لەبوونیەوە وەکو بوونەوەرێکی ئازاد ئامادە دەبێ, بەوپێیەی پێشتر بەهای دەستنیشان نەکراوەو دواتر خۆی دەبێتە خولقێنەری بەهاکانی[٣٣]. بەلام لای سپینۆزا[٣٤] هاوکێشەی ئازادبوون جیاوازەو تاك ئازادنییە بەڵکو ئازاد دەبێت. ئەوکاتە تاك ئازاد دەبێت کەدەسەلاتی نواندنی کاری زیاتربێ[٣٥]. لەکاتێکیشدا تاك توانای نواندنی کاری زیاتری دەبێت کە لەکۆمەڵگایەکی دیموکراسییدا یان لەسایەی حکومەتێکی دیموکراسیدا بێت.

دیموکراسییەت کۆمەڵێك بنەمای جەوهەرییە لەسەرو هەموویانەوە حوکمی یەکسانیی قانونیە بەسەر هاووڵاتیو حزب و سەرکردەدا[٣٦]. واتا نابێت قسە لەدیموکراسی بکرێت ئەگەر سەرکردەو هاووڵاتییەکی ئاسایی لەمافەکاندا یەکسان نەبن و وەك یەك ملکەچی حوکمەکانی قانون نەبن.

یەکێکیتر لەسیما جوانەکانی دیموکراسیی, ئەوەیە هیچ هێزێك توانای ئەوەی نابێت بەر بەئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ بگرێت. دیموکراسی لەو شوێنەدا کۆتایی دێت ئەگەر هێزێك بێت و بڵێت من دەتوانم ڕێگری لەئازادیی را دەربڕینت بکەم, بەلام لەبەر ئەوەی بڕوام بەدیموکراسی هەیە بەر لەئازادی رادەربڕینت ناگرم! ئەم

دیـده بـۆ دیموكراسـی, لـەخۆیدا تەماشـاكردنێكی هەڵـەو نوكـتەیەكی فەلسـەفییە. بۆیـە, ئەگـەر قسـەمان لەدیموكراسی و كۆمەڵگایەكی دیموكراسی كرد, ئەو چوارچێوەیەمان دێتە بەرچاو كەهیچ هێزو دەسەڵاتێك نییە توانای هەبێ‌و جورئەتی ئەوە بكات بەر بگرێت بەئازادییەكانی تاكەكانی كۆمەڵ" بەئازادی رادەربڕینیشەوە.

دیموكراسییەت, لەهیچ كۆمەڵگایـەكدا پنتـێكی نـەگۆڕی سـەرەتایی نییـە, وەك چـۆن لەهـیچ كۆمەڵگایـەكی دونیایشدا هێڵـێكی بـەیانی بەرزەرەووشـی (تصـاعدی) نییـە. دیموكراسـییەت لەهـەموو كۆمـەڵگاكانی دونـیادا تەحەدایـەكی رۆژانـە بـووەو هەمیشـەش وەك تەحەدایـەكی كـراوە دەمێنێـتەوە, واتـە دیموكراسـییەت بـەردەوام قابیلـی گەشـەو قابیلـی نوشووستە, بەردەوام هێز هەن دیموكراسن‌و هێزیش هەن سنوورەكانی بچوك دەكەنەوە. هیچ كۆمەڵگایـەك نییـە سـەرتاپا دیموكراسی بێت, چونكە خـودی ئـەم تێگەیشتنە لەدیموكراسییەت شایستەی پێكەنیـنە. دیموكراسـییەت قۆناغێك نییـە تـیایدا بگەیـتە كۆتـایی, بـەڵكو پرۆسـەیەكی هەمیشـەیی بەردەوامـەو كۆمەڵـێك روخسـاری بنچینـەیی تایـبەت بـەخۆی هەیـە, بـەڵام چەسـپینی ئـەو روخسـارانە كۆتاییهێنـان نییـە بەپرۆسـەی دیموكراسی. پرۆسـەی دیموكراسـی لەكۆمـەڵگاكانی خۆرئـاوادا" لـەپاڵ رووكـارە چەسـپیوەكانیدا, نەبووەتـە سیسـتمێكی داخـراو. دیموكراسـییەت لەهـیچ كۆمەڵگایـەكدا دواییـنایەت, وەك چـۆن لەگەشـەیەكی بەردەوامیشدا نییە, بەردەوام قابیلی شكست‌و نوشووستییە[٣٧].

هەربۆیـە, میكایـیل گۆرباتشـۆف ــ ی سـەرۆكی یەكێتـیی سـۆڤیەتی جاران, لەیەكـێك لەچاوپێكەوتنەكانیدا سـەبارەت بـە جـیهانگیریی, پـێی‌وایە جـیهانگیریی پرۆسێسـێكی بەدیموكراتـیكردنە, بەرزبوونـەوەی ئاسـتە پێگەیـیوەكەی مـرۆڤە[٣٨]. واتـا جـیهانگیریی كەجـیهان دەكاتـە گوندێكـی بچـكۆلە, بەشـێكە لەپرۆسێسـی بەدیموكراسیبوون, ئەمەیش ئەوە دەردەخات بەهاو مانای دیموكراسی زۆر گشتگیرو گەورەیە.

هــەر لــەبارەی دیموكراســییەوە, ئایــەتوڵڵا خومەیــنی رابــەری گشــتیی شۆڕشــی ئیســلامیی ئـێران لەچاوپێكەوتنێكیدا لەگـەڵ كچە رۆژنامەنووسیی ئیتاڵی "ئۆریانا ڤالاچی" كەشـەش مـانگ دوای سـەركەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەگەڵیدا سازیكردووە, دەربارەی چەمكی دیموكراسی‌و پەیوەندی بەجیهانی ئیسلامییەوە, ئیمام خومەینی دەڵێت: "ئیسلام كامڵەو كەئیسلاممان بویٚ چ پێویست دەكات بڵێین دیموكراسیمان دەوێت" [٣٩]

ئەگەر لێرەدا ئیستێك بكەین, دەبینین ئەو دیدەی ئیمام خومەینی گشتگیریی ئیسلاممان نیشاندەدات، مانای ملكەچـبوونی تاكـەكانی كۆمـەڵ بـە بـەندەكانی ئاییـنی ئیسـلامەوە, لـەخۆیدا كۆمەڵگایـەكی دیموكراسـی دەهێنێتەدی, واتا ئەوكات شتێك نامێنێتەوە ناوی دیموكراسی‌بێت, جگە لەپەیڕەویكردنی ئاییني ئیسلام, واتا لای ئـیمام خومەیـنی كەرابـەری شۆڕشـی ئیسـلامییە لەئێران, دیموكراسـی نـەوەك نابێـتە خاڵـێك لەدەسـەڵاتی ئیسـلامدا, بـەڵكو لەپەراوێزیشـدا نـاوی ناهێنرێـت‌و ئـازادی‌و مافـەكانی مـرۆڤ تـەنها ملكەچـبوونە بـەو بـنەما ئیسلامییانەی دەوڵەت پابەندیانەو بوونەتە دەستووری وڵات.

سـەرنجی ئـەو دوو دیـدە جـیایە بـدەن بـۆ دیموكراسـی" كـە دوو سـەركردەی دوو وڵاتـی زلهـێزو دراوسـێ سەبارەت بەدیموكراسی دەریدەبڕن. لەیەكەمیاندا جیهانگیریی كەئەمڕۆ جیهانی كۆنترۆڵكردووە, بووەتە پنتێكی دیموكراسی. لەدووەمیشیاندا, دیموكراسی لەپەراوێزیشدا هیچ مانایەك هەڵناگرێت.

هـەر دەربـارەی دیموكراسـی‌و پـەیوەندی بەپـێڕەو و بـیری ئیسـلامەوە, سـاڵح سـەرییەی تیۆریسـتی فەندەمێنتالیستی ئیسلامی لەنامێلكەی "äÇãíÇáÊáÇÓÑ" كەیدا دەڵێت: "...دیموكراسی پێڕەوێكی ژیانە كە لەپێڕەوی لەمەر ئیسلام جیاوازە. چونكە لەدیموكراسیدا, گەل خاوەنی دەسەڵاتی یاسادانانە, ئەوەی ئارەزووی بكات خەڵاتی دەكات یان حەرامی دەكات.. لەكاتێكدا لەئیسلامدا گەل ئەگەر هەموویشی دەنگی بكات بەیەك,

هێشتا دەسەڵاتی حەڵاڵو حەرامکرنی نییە. کەواتە پێکەوە گرێدانی ئیسلامو دیموکراسی وەکو ئەوە وایە بۆنمونە, ئیسلامو یەهودییەت پێکەوە گرێبدرێت, جا هەروەکو چۆن ناشێ مرۆڤ لەیەك کاتدا هەم موسڵمان بێت هەم یەهودی, ئەوا ناشێ هەم موسڵمان بێت هەم دیموکراسی"[٤٠] .

هەر دەربارەی پەیوەندی نێوان ئیسلامو دیموکراسی, قەڵبەدین حیکمەتیاری سەرکردەی فەندەمێنتالیستی ئەفغانی پێی وایە: "ئیسلامو دیموکراسی نەپێکەوە دەگونجێنو نەدەسازێن. ئەفغانستان دەبێتە دەوڵەتێکی توندرەوی ئیسلامی, گروپێك پیاوگەلی دانا هەڵدەستن بەسازدانی یاساکانی وڵات لەگەڵ ئیسلامداو, هەموو جۆرە خواردنەوەیەکی ئەلکهولی قەدەغە دەکرێتو ژن دووبارە دەچێتەوەماڵەوەو, مەلاکان دەسەڵات دەگرنەوە دەست"[٤١].

لێرەدا" دەخوازم پەیوەندی نێوان دیموکراسییەتو ڕۆژنامەنووسیی لەسێ تەوەرەدا دەستنیشانبکەم[٤٢] .

**تەوەرەی یەکەم/ ڕۆژنامەنووسیو ئەرکەکانی لەسیستمێکی دیموکراسییدا:**

دیموکراسی دەبێتە هۆی هێنانەدی سیستمێکی سیاسی" کەتیایدا ئازادیە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو کولتوورییەکان دەستەبەر دەکرێن. هەروەها مافە سیاسییەکانی هاووڵاتیان بۆ بەشدارییکردن لەژیانی سیاسی دێنە دی, یەکێك لەو ئازادیە گشتییانەیش ئازادیی ڕۆژنامەنووسییە کەلەیاساو دەستوورەکانداو لەکۆمەڵگا دیموکراسییەکاندا بوونی هەیەو لەسەر زەمینەی واقیع پراکتیك دەکرێتو ڕۆژنامەنووسیش لەکەشێکی لەو جۆرەدا بەیەکێك لەهۆکارەکان دادەنرێت بۆ مومارەسەکردنی ئەو مافو ئازادیانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە" بەجۆرێك بتوانن بەهۆیەوە ڕۆڵی کاریگەر ببینن لەچۆنیەتی ئاڕاستەکردنی ڕووداوەکانو بڕیارە سیاسییەکاندا.

لەسیستمی دیموکراسیدا ڕۆژنامەنووسیی لەهەریەك لەدەسەڵاتەکانیتر (یاسادانان, ڕاپەراندنو دادوەریی) جیا دەبێتەوەو بەدەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت. ئەو زاراوەیەیش یەکەمین جار ئێدمۆند بێرگ[٤٣] ناویلێنا. هەربۆیە, لەسایەی سیستمێکی دیموکراسیدا ڕۆژنامەنووسان دەتوانن ئازادانە بۆچوونو ڕەخنە بونیادنەرەکانیان بڵاوبکەنەوە. هەر لەسایەی ئەو سیستمەدا هەریەك لەدەسەڵاتەکانیتر بەپێی یاسا سەربەخۆنو ڕۆژنامەنووسیش لەچوارچێوەی هەمان یاسادا سەربەخۆیی هەیە.

بایەخی ڕۆژنامەنووسیی لەسایەی ئەم سیستمەدا لەسێ لایەندا بەرجەستە دەبێت, کە ئەمانەن:

١) لەخوڵقاندنی ڕایگشتیو بەرزکردنەوەی ئاستی سیاسیو کولتووریو مەعنەوییدا.

٢) چاودێریکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵاتداران لەڕێی وتووێژکردن لەبارەی کارەکانیانو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکاندا, وە ڕەخنەگرتنیان ئەگەر زانرا هەڵەیان کردووە, هاوکات ڕێنماییکردنیان بەجۆرێك خزمەتی گشتی بکات. ئەم ڕۆڵەی ڕۆژنامەنووسی وادەکات ڕێگریی بکرێت لەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو هاوکات دژ بەئەتەکیەتی زیانبەخشە, هەربۆیە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی دەبێتە ئازادییەکی جەوهەریی" کە لەم سیستمەدا دێتە دی.

٣) دیموکراسیی, ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی دێنێتەدیو ئەوەی دوایینیشیان دەبێتە سەکۆیەکی ئازاد بۆ دیالۆگی بونیادنەرانە. دیالۆگیش لەسەر سێ پێگە بەندە کەئەوانیش: ئازادی, ڕاستگۆییو هۆشیاری ـ ن.

هەربۆیە, لەهەر کۆمەڵگایەکدا دیموکراسیی بەرکەماڵ بێت, ئازادیی قسەکردن و ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەئاست بەها سەرەکییەکاندا دەبن, چونکە بەبێ ئەو ئازادیانە هیچ بوارێك نامێنێتەوە بۆ گەشەسەندنی رایگشتی و دروستکردنی, بەجۆرێك وای لێبکرێت کاریگەریی هەبێت بەسەر دەزگا حکومییەکانی دەوڵەتەوە[٤٤].

**تەوەرەی دووەم/ ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەنێوان حەقیقەت و وەهمدا:**

لەدەوڵەتە گەشەسەندووەکاندا" بەتایبەتی لەدەوڵەتە تۆتالیتێرە گەشەسەندووەکاندا, دیاردەی فرە رۆژنامەو گۆڤارو ناوەندەکانی راگەیاندن بەگشتی هەیە, بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئازادیی رۆژنامەنووسیی هەیە, چونکە رێژەی فرەکەناڵی پێوەری ئازادیی رۆژنامەنووسیی نییە, بەڵکو گرنگ هەمەرەنگییە لەئاراستە رۆژنامەنووسییەکاندا, هەمەرەنگی لەهەڵوێست و بۆچوون و تێروانینەکاندا" بەجۆرێك رۆژنامەنووسیی هێندە ئازایەتی تیابێت, رەخنە لەو بڕیارانە بگرێت دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوو دوور لەبەرژەوەندی گشتی و لەپێناو نوخبەیەکی دیاریکراودا دەریکردوون. لەسیستمی تۆتالیتێردا, وەك پێشتر هێمام بۆیکرد, چەندین کەناڵی جیای میدیا هەن, بەڵام هەموویان نوێنەرایەتیی بۆچوونێك دەکەن و بەشێوەی جیاجیا دەمامکیان لەروو ناوە, بەڵام رەنگە لەهەندێك لایەنی پەراوێزبوودا بە بەراورد بەسیاسەت, وەك سینەماو شانۆو هونەر بەگشتی بۆچوونی جیا هەبێت, بەڵام دواجار ئەمەیش هیچ رۆڵێکی ئاکتڤی نابێت بۆ بەهادارکردنی رۆڵی رۆژنامەنووسیی لەوجۆرە سیستمەداو ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەوەهمێك بەولاوە چیتر نابێت .

لەسیستمی تۆتالیتێردا, دەوترێت رۆژنامەنووسیی ئازادە, بەمەرجێك خۆی لەقەرەی ئەو بابەتانە نەدات کەپێگە یان کۆڵەکەکانی دەسەڵات لەق دەکەن و هێڵە سوورەکان دەبەزێنن. ئەم سنوور دانانە بۆ کاری رۆژنامەنووسیی لەبایەخی ئەم بوارە کەمدەکاتەوەو ناهێڵێت رۆڵی کارا (ئاکتڤ) ببینێ لەهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو دروستکردنی رایگشتی و بەشداریکردن لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو رەخنەگرتن لەو بڕیارو سیاسەتانەی لەبەرژەوەندی گشتیدانین. ئەمە لەکاتێکدایە ناکرێت ئەو راستییە فەرامۆش بکرێت رۆژنامەنووسیی ئازادو دیموکراسیی رۆژنامەنووسیی هەنگاوی یەکەمە بەرەو دیموکراسیی سیاسی لەپێناو هێنانەدی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و مەدەنیدا. هەربۆیە, لەسایەی سیستمی تۆتالیتێردا رۆژنامەنووسیی دەبێتە ئامێرێك بۆ چەواشەکردنی رایگشتی و خزمەتکردنی نوخبەی دەسەڵاتدارو بەدیهێنانی خواستەکانیان.

**تەوەرەی سێیەم/ رۆژنامەنووسیی لەنێوان ئازادی و سانسۆردا:**

هەندێك پێیان وایە سانسۆر نەك بەتەنها بەسەر رۆژنامەنووسییدا, بەڵکو بەسەر بوارە جیاجیاکانی تری ژیانیشدا بسەپێنرێت" بەبیانووی پارێزگاریکردن لەئاسایشی نەتەوەیی (دواتر لەشیکردنەوەی بەندی نۆیەمی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا, ئاماژە بەگفتوگۆکانی ناو پارلەمان دەکەم کە لەبارەی ئاسایشی نەتەوەییەوە دواون). لەبەرانبەردا, هەندێکی تر پێیان وایە ئازادی بدرێتە رۆژنامەنووسیی و رۆژنامەنووس, تا لەپێناو ئازادکردنی مرۆڤدا کاربکەن و کۆمەڵگا لەو وەهم و بیروبۆچوونە چەواشەکارییانە ئاگاداربکەنەوە کەنوخبەی حوکمڕان بەهۆیەوە کۆمەڵگایان پێ چەواشەکردووە. هەڵبەت سانسۆر لەهەموو کۆمەڵگایەك و سیستمێکدا هەیەو شێوازەکانی لەسیستمێکەوە بۆ سیستمێکیتر, یان لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر دەگۆڕێت, بۆنمونە ئەو سانسۆرەی رژێمێکی تۆتالیتێر دەیسەپێنێت, جیاوازە لەو سانسۆرەی رژێمێکی دیموکراسیی لیبراڵ دەیانسەپێنێت, لەیەکەمیاندا, سانسۆرەکە بەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوەو قەڵەم و چۆنیەتی رادەربڕیندا دەسەپێنرێت و لادان لێی بەبڵاوکردنەوەی بۆچوونی خراپ و هەوڵدان بۆ لەکەدارکردنی کۆڵەکە

سەرەکییەکانی دەسەڵات تاوانبار دەکرێیت و چەندین تۆمەتی ترت دەخرێتە پاڵ. بەڵام لەڕژێمی دووەمیاندا, کەدیموکراسییە, گفتوگۆ دەکرێت لەسەر ئەوەی لەبەرانبەر کارێکی خراپدا چ جۆرە رێوشوێنێك بگیرێتە بەر, بەتایبەتی لەبابەتی تاوان و توندوتیژی و سێکس و بیرۆکەی هاندان بۆ ئیلحادو پێشێلکردنی فێرگەو بەها ئاینییەکان. واتا لەسیستمی دیموکراسییدا, رۆژنامەنووسیی لەنێوان ئازادی و لێپرسراوێتیدا گەمارۆدراوەو هاوکات دەبێتە سەکۆی جەماوەرو لەجەماوەرەوە بۆ جەماوەر دەبێت و دەبێتە وێستگەیەك بۆ رەخنەگرتن لەسیاسەتە چەوتەکانی دەوڵەت. بۆ نمونە: لەکاتی کۆڕەوە چەند ملیۆنییەکەی ساڵی١٩٩١دا, "نعۆم چۆمسکی"ی بیریارو نووسەری گەورەی بەرەگەزنامە ئەمریکی رەخنەی توندی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گرت" لەبەرانبەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا" بێئەوەی تووشی تۆقین و ئازاردان بێتەوە" کە فەزڵی ئەمەیش بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسیی و دیموکراسی لەو وڵاتەدا (مەبەست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە) دەگەڕێتەوە. بۆیە, ئەگەر ئەو بیریارە لەیەکێك لەدەوڵەتە تۆتالیتێرەکاندا بووایە, لەسێدارە دەدرا(٤٥) جگە لەوە" ئەم بیریارەو ئێدوارد سەعید (کە بەئەسڵ فەڵەستینییەو بەڕەگەزنامە ئەمریکییە) لەبەرانبەر سیاسەتەکانی ئەمریکادا هەمیشە هەڵوێستی توندیان نواندووەو سیاسەتەکانی ئەمریکایان فەزحکردووە(٤٦). بۆیە, دەبێت ئەو راستییە بزانین دیموکراسی بێ هێنانەدی ئازادیی رۆژنامەنووسیی بوونی نییەو ئازادیی رۆژنامەنووسیش تەنها لەکۆمەڵگایەکی یان سیستمێکی دیموکراسیدا لەدایك دەبێت.

## سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی دووەم:

(١) مەریوان وریا قانیع, جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ, بانگەوازێکی گەردوونییە یاخود بەرهەمێکی خۆرئاواییە؟ (وەرگێڕانی لەهۆڵندییەوە: گۆران بابا عەلی), گۆڤاری سەردەم, ژمارە(٣), ساڵی یەکەم, ١٩٩٩, ل ١٤٠.

یان بڕوانە: مەریوان وریا قانیع, دەسەڵات و جیاوازی, کۆمەڵە وتار, زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٥٨), سلێمانی, ٢٠٠٠, ل٢٠٧.

(٢) هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو, ل١٤١ و ٢٠٨.

(٣) ئاپارتهاید" بەسیاسەتی جیاوازیخوازی و رەگەزپەرستیی دەوڵەتی ئەفریقیای باشوور دەوترێ کە لەساڵی ١٩٤٨ەوە لەئەفریقیای باشووردا کاری پێدەکرێ. حزبی میللی ـ حزبی گەل کە لەساڵی ١٩٤٨دا دەسەڵاتی سیاسی وڵاتی گرتە دەست, چەند بڕیارێکی بۆ ئەو رەگەزانە دەرکرد کە سپی پێست نین, هەموو لایەنەکانی ژیانیانی گرتەوە (لەئەفریقیای باشووردا ٨٠٪ی دانیشتوانەکەی سپی پێست نییە), ئەو بڕیارەیش بۆ زیاتر خۆسەپاندنی سپی پێستەکانە. بڕیارەکانی حزبی میللی سنووری بۆ مافی سیاسی, هاتووچۆکردن, دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێ, موڵکدارێتی, دیاریکردنی ئیش وکار, ژنهێنان.. بۆ ئەو کەسانە دیاریکردووە کەسپی پێست نین. کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٥٢دا, کەوتە لێکۆڵینەوە لەمەسەلەی "ئاپارتهاید"و بەهەڕەشەکردنە سەر ئاشتی و مافی مرۆڤی دانا, بەڵام دەوڵەتی ئەفریقیای خواروو, رێگای بەو لیژنەیە نەدا کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەمکارە دانرابوون بچنە

www.kurdistanet.org

ولاتەکەیەوە. ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستانەیەیش دەوڵەتی ئەفەریقیای باشووری لەبەرچاو جیهاندا ریسواکردووە.. بۆ زیاتر زانیاری لەمبارەیەوە, بڕوانە: بورهان قانع, فەرهەنگی نوێ چاپی یەکەم, ١٩٨٤,ل١٦.

(٤) بڕوانە: هەردوو سەرچاوەکەی پێشووتر, ل١٤١ و ٢٠٨.

(٥) هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو, ل١٤٤ و ٢١٤.

(٦) د. مارف عومەر گوڵ, موحازەرەکانی کۆرسی سێهەمی وانەی "یاساى راگەیاندن"" کە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠ـ ٢٠٠١و لەبەشی رۆژنامەنووسیی پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانیدا وتوونیەتیەوە. یاخود بڕوانە: ÍÇãÕ äíÏáÇ ÚÝÇÍ, ÇáÕÍÇÝÉ ÈíÑÍ ÇáÕÍÇÝÉ, ÒßÑã ÇáÑåÂäÇ ÉãÌÑÊáá ÑÔäáÇæ, ÌÚáæÇáÇ ÉÚÈØáÇ, 1993, Õ40æ41 .

(٧) ÇáÏßÊæÑ ÇáÈÑÇåíã ÇáÏÇÞæÞí, ÏÇÑ ÇáÔÑæÞ, Õ170. یاخود: ÇáãæÇËíÞ ÇáÏæáíÉ لحقوق الانسان,ص٢٢. یان بڕوانە: مافەکانی مرۆڤ پێڕەوی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ, رۆژنامەی وەقائع, ژمارە ٢, بڕار ١, چاپخانەی پەروەردە، هەولێر, ٢٠٠٠, ل٣٠.

(٨) هەمان سێ سەرچاوەی پێشوو, لاپەڕەکانی ١٧٠, ٢٣, ٣٠. لێرە بەدواوەو لەئاماژەکردندا بۆ هەریەکێك لەبەندەکانی ئەو جارە گەردوونییە, خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەم سێ سەرچاوەیە بگەڕێتەوە. لەپاشبەندی ئەم لێکۆڵینەوەیەیشدا دەقی هەر(٣٠) بەندەکەی ئەو جارە گەردوونییە دەخوێننەوە.

(٩) ÍÇãÕ äíÏáÇ ÚÝÇÍ, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٣٩.

(١٠) ÏÇãÕ ÏãÍã ÚÖÒ,ãÏÂá ÇáÍÞæÞ ÚÇãÉ ÇáÇäÓÇä ÝÌ ÇáÑÃÓãÇáíÉ ÜÜÜ ÇáÏÓÊæÑ ÇáÚÑÇÞí ÇáÏÓÊæÑíÉ ÜÜ ÇáÍÑíÇÊ ÜÜ ÇáÑÃÓãÇáíÉ, ÇáÚÑÇÞíÉ, ÇáãÍÇãÇÉ, 2000, Õ 88.

(11) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمان لاپەڕە. سەرنج بدەن: دوای تێپەڕبوونی ٤٥ساڵ بەسەر دەرچوونی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ دا, واتا لەساڵی ١٩٤٨ تا ١٩٩٣ کەساڵی بەستنی کۆنگرەی جیهانی ڤیەننایە, دیسانەوە بانگێشی دەوڵەتان کراوە پابەندبن بەجاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤەوەو رێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرن" کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە هێشتا دوای ٤٥ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەو جارە گەردوونییەدا بەزەقی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بوونی هەیە. هەر لەبارەی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ, دواتر ئاماژە بەراپۆرتێکی نوێتر دەکەم کە لەلایەن گروپی خانەی ئازادییەوەو لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٠داو بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٥٢ساڵ بەسەر دەرچوونی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ دەرچووە" کەتیایدا ٦٠٪ی وڵاتانی جیهان بەپێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دانراون.

(١٢) فاروق رەفیق, گوتاری مافەکانی مرۆڤو ترادیسیۆنی ئیسلامی, گۆڤاری رەهەند, نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بڵاویدەکاتەوە, ژمارە ٩ ـ ١٠, ساڵی ٢٠٠٠, ل ٢١٥.

(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمان لاپەڕە. لەو سەرچاوەیەدا ئاماژە بەوە کراوە دوای تێپەڕبوونی نیوسەدە. لەبەر ئەوەی نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە دەقی پەرەگرافی ئەو سەرچاوەیەی وەرگرتووە کەلێرەدا هێنام بۆ کردووە, ئەوە نەبێت لەجیاتی نیوسەدە, ٥٣ساڵ ـ م نووسیووە, چونکە دواجار بەپێی هەندێك سەرچاوەی تری زانیاریو هەروەك چۆن رۆژانە لەرێی کەناڵەکانی میدیاوە باس دەکرێت, ئەمرۆیشی لەگەڵدابێت کە ٥٣ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەو جارە گەردوونییەدا تێپەڕیووە, هێشتا پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ لەهەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەدا رۆژانە هەیەو دەبینرێن.

(١٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢١٨.

(١٥) ÇáãæÇËíÞ ÇáÏæáíÉ, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٨٥ ـ ٢٠٧.

(١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٧٤ ـ ١٨٤.

(١٧) هەمان سەرچاوەی پێشووتر, ل ٢٢٢ و ٢٢٣.

(١٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٢٩ (بەکورتکراوەیی).

(١٩) الدكتور ابراهيم الداقوقي, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٨٥. یاخود بڕوانە: ÇáãæÇËíÞ ÇáÏæáíÉ ÇáÍÞæÞ ÇáÅäÓÇä, Õ 53.

(20) بورهان قانع, دیوانی قانع, چاپی سێیەم, سلێمانی, ٢٠٠٠, ل ٢٤٥.

(٢١) ÝÄÇÏ ÇáÓíÏ ÇáÚÑÈí, ÇáãæÓæÚÉ ÇáÓíÇÓíÉ ÇáÚÑÈíÉ, ÏÇÑ ÇáÑÇÝÏíä, ÈíÑæÊ, 1975, Õ 151.

(22) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمان لاپەڕە.

(٢٣) لەمبارەیەوە بڕوانە: شانۆیی مێش (ÇáÐÈÇÈ)" کە لەنووسینی جان پۆڵ سارتەرە.

(٢٤) لەمبارەیەوە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ هەریەکێك لەو تێکستە شانۆییانەی نووسەر کەئاماژەیان پێکراوە.

(٢٥) رۆژنامەی کوردستانی نوێ, ژمارە ٢٣٣٧, یەك شەممە ٢٠٠٠/١٢/٢٤, ل ١.

(٢٦) دینیس لوید, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٦٨.

(٢٧) فوئاد تاهیر سادق, هۆشیاریی فەلسەفی, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, زنجیرە ٦٧, سلێمانی, چاپی یەکەم, ٢٠٠٠, ل ٥٨

.

(٢٨)نزار جرجيس علی, ÈÑÍ ÉãáßáÇ , 43 ÏÏÚ , ÉÚÈØã ÉÑÇÒæ ÉÝÇÞËáÇ ÜÜÜ ,áíÈÑÇ ,1998 ,Õ 75.

(29) ÈæÑÅåÇä ÞÇäÚ , فەرهەنگی نوێ, چاپی یەکەم, ١٩٨٤, ل ١٨٣.

(٣٠) د. ئاراس حسێن دارتاش, موحازەرەکانی وانەی "پەیوەندیی نێودەوڵەتی"" کە لەکۆرسی سێیەمی بەشی ڕۆژنامەنووسیی لەپەیمانگەی تەکنیکی سلێمانیداو بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠ـ ٢٠٠١ وتونیەتەوە.

(٣١) هەمان سەرچاوەی پێشووتر, ل ٢١و٢٢.

(٣٢) هەڵوێستە, گۆڤاری ڕەهەند, هەمان ژمارەی پێشوو, ل ٧و٨.

(٣٣) ئەم تێزە لەلای بەشێك لەبیریارە وجودییەکان جیاوازە, بۆ نمونە "کیرکگارد"ی رابەری فەلسەفەی وجودی" کەبیریارێکی ئایدیالیست بووە, بەدیدێکی پێچەوانەی ئەم دیدەی کە سارتەری مولحید بڕوای پێیەتی, قسە لەسەر هەردوو چەمکی بەهاو وجود دەکات.

(٣٤) سپینۆزا, یەکێکە لەبیریارە گەورەکانی مێژوو" کە بەئەسڵ جولەکەیەو لەشاری ئەمستردامی هۆڵەندا لەدایك بووەو باوکی جولەکەیەکی پورتوگالی بووە, کە لەسەدەی حەڤدەهەمدا لەپورتوگالەوە هەڵاتووە. ئێستا لەهۆڵەندا خەڵاتێك هەیە بەناوی سپینۆزا کە لەئاست نۆبڵدایە بەنیسبەت ئەو وڵاتەوە. سپینۆزا باوەڕێکی تەواوی بەئازادیی ئایین و عەقیدە هەبووەو بانگێشی لێبوردنی ئایینی بۆ هەمووان کردووە. ئەم دیدە فیکریی و سیاسییانە وایانکردووە سپینۆزا بەیەکێك لەکۆڵەکەکانی ئەقڵانییەت و لەرەخنەگرە گەورەکانی سەدەی حەڤدەهەم دابنرێت, هەربۆیە بەهۆی ئەو بۆچوونەیەوە لەتەمەنی ٢٤ساڵیداو لەلایەن پیاوانی ئایینی جولەکەکانی ئەمستردامەوە بەرەســـــمی لەکۆمەڵگای جولەکەکـــــان دەردەکریّ و نـــاهێڵرێت چیدی سەر بەهیچ شوێنێکی پیرۆزی جولەکەکاندا بکات...

بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ژیانی ئەم بیریارە, بڕوانە: مەریوان وریا قانیع, گۆڤاری ڕەهەند, ژمارەی پێشوو, ل٣٣٩و٣٤٠.

بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی دیدی ئەم بیریارە, بڕوانە: فاروق ڕەفیق, دەسەڵات و بەرگری, گۆڤاری ڕەهەند, ژمارە ٥, ١٩٩٨, ل ٩١ـ٩٨.

(٣٥) فاروق ڕەفیق, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٩٨.

(٣٦) بەختیار عەلی, دیموکراسییەت و وەبیرهێنانەوەیەکی زۆر سادەی بنەما نەگۆڕەکانی..., ڕۆشنبیر, کۆمەڵگا, دیموکراسییەت, لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی, چاپخانەی ڕەنج, سلێمانی, ٢٠٠٠, ل ٢٨.

(٣٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٣٣.

(٣٨)پێویستە دیموکراتییەت بەدیموکراتی بکرێت, چاوپێکەوتنێك لەگەڵ میکایل گۆرباتشۆف دا (وەرگێڕانی: شاخەوان شۆڕش), گۆڤاری ڕەهەند, ژمارە ٩ـ١٠, ٢٠٠٠, ل ٣١٨.

(٣٩) ئۆریانا ڤالاچیّ, گفتوگۆ (وەرگێڕانی لەفارسییەوە: محەمەد جەواد مستەفا), لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان, ژمارە ٦٠, چاپخانەی زانست, ٢٠٠٠, ل ١١.

(٤٠) بڕوانە: ÕÇÏÞ áÇáÌ ãÙÚáÇ, ئیسلام و علمانییەت (وەرگێڕانی: نەجم عەبدوڵڵا), گۆڤاری ڕوانگەو ڕەخنە, ساڵی یەکەم, ژمارە ٣ , بەهاری ٢٠٠١, ل٣٢.

(٤١) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمان لاپەڕە.

(٤٢)ßÇäÈì ãíãÏ ÓáØå, ÉÏíãÞÑÇØíÑãíÏáÇ ÉíÇÕÍÇÝáÇ, گولان ÇáÚÑÈí, ÚÏÏ 47, äíÓÇä 2000, Õ 51 ÜÜÜ 54.

(43) ئێدمۆند بێرگ (١٧٢٩ ـ ١٧٩٧) بیریارو سیاسەتمەدارێکی ئینگلیزییە, بەوەناسراوە دژایەتیی شۆڕشی فەڕەنسای کردووە. لەدانراوەکانی: شکاندنەوەکانی شۆڕشی فەڕەنسا (١٧٩٠).. بەکارهێنانی زاراوەی "دەسەڵاتی چوارەم"یش, دەگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆکانی ئەم بیریارە کە لەسەر سەربەستیی چاپەمەنیی و لەساڵی ١٧٧١دا لەنێو ئەنجومەنی پارلەماندا سازیدەداو دەیگوت: "لەپارلەماندا سیّ دەسەڵات هەن, بەڵام چوارەمیان لەهەموویان بەدەسەڵاتترە".

(٤٤) دینیس لوید, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٨٢و ١٨٣.

(٤٥) ßÇäÈì ãíãÏ ÓáØå, هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٤٦) æÏá , ÇáÍÑÈ ÇáÊáÝÒíæäíÉ )ÊÑÌãÉ: ÇáÓíÏ ÇáÚÏæÇä, ÊÞÏíã: ÓÇãí ÇáäÔÇÑ( ,ÏÇÑ ÇáÔÑæÞ ÇáËÞÇÝíÉ ÇáÚÇãÉ, ÇáØÈÚÉ ÇáÇæáì, ÈÛÏÇÏ, 1998, Õ 5.

www.kurdistannet.org

سامی مهدی کەپێشکەشکاری ئەم کتێبەیە, لەخستنە رووی کتێبەکەدا باس لەوە دەکات رۆشنبیرانی وەك: برنارد لویس, هنری کیسنجر, صاموئیل هانتگتۆنو فرانسیس فۆکۆیاما , خۆیانو زانستەکانیان خستووەتە خزمەتی سیاسەتی ئەمریکاو کەسانی رۆشنبیری وەك نعوٚم چۆمسکیو ئێدوارد سەعید-یش خۆیانو زانستەکانیان بۆ فەزحکردنی ئەو سیاسەتانە تەرخانکردووە ــبەگوتەی ناوبراو ــ کەزیان بەگەلانی ئەمریکاو مرۆڤایەتی دەگەیەنن.

*بەشی سێیەم*

# یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان لەنێوان ئازادیی رادەربڕینو فەرامۆشکردنی مافەکانی رۆژنامەنووسدا

لەم بەشەدا کەدابەشی دوو ئاستم کردووە, لەئاستی یەکەمیدا ئاماژە بەڕۆڵی چاپەمەنییو یاساکانی چاپەمەنیی لەسایەی دەوڵەتی عوسمانیدا دەکەمو هاوکات رۆڵی سوڵتانەکانی عوسمانی لەبەرانبەر تەسککردنەوەی سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕیندا دەخەمەروو. هەروەها ئاماژەیەکی خێرا دەکەم سەبارەت بەچۆنیەتی دەرچوونی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان .

لەئاستی دووەمیشدا, تەواوی بەندو خاڵەکانی نێو یاساکە شیدەکەمەوەو هاوکات ئاماژە بەلایەنە خراپو جەوهەرییەکانی لەبواری رۆژنامەنووسییو چاپەمەنیدا دەکەم.

www.kurdistannet.org

## ئـــــــاستی یەکەم: یاسای چاپەمەنیی لەدەوڵەتی عوسمانیداو چۆنیەتی دەرچوونی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان

بـەر لـەوەی بـاس لەیاسـای چـاپەمەنی بکـەم لەدەوڵـەتی عوسمانـیدا, دەخـوازم ئاماژەیـەکی خـێرا بەحوکمڕانیکردن و لەدایك بوونی دەوڵەتی عوسمانی بکەم.

محەمـەد ڕەسـوڵ هـاوار لەکتێبی "کـوردو بـاکوری کوردسـتان" لەسـەرەتای مـێژووەوە هەتاشـەڕی دووەمـی جیهان", لەباسکردنیدا بۆ چۆنیەتی دروستبوونی دەوڵـەتی عوسمـانی, ئاماژە بەوە دەکات دەوڵەتی عوسمانی لەلایـەن عوسمانـەوە دامـەزراوەو ئەوکاتـەی عوسمانـیەکان حوکمیان گرتەدەست, یەکـەمین کەسـیان "سـوڵتان بایـەزیدی یەکەم" و لەساڵی ١٣٨٩دا بوو. هەر سوڵتانێك بمردایەو یەکێکی‌تر ببوایە بەجێگرەوەی, ئیتر دەبوایە براکانی تـازە سـوڵتانەکە لەناوبرانایە" ئەگەرچی شیرەخۆرەیشیان تیادا بووبێت, بۆنمونـە سـوڵتان محەمـەدی فاتح برایەکی شیرە خۆرەی خۆی کوشـت" کـەناوی ئەحمـەد بـوو. سـوڵتان محەمـەدی سێیەمیش کـە لەهـەموو سـوڵتانەکانی‌تر دڕندەتـربوو, بەرلـەوەی بـاوکی‌خۆی بنێژێـت (کـەباوکی پێشـتر سـوڵتان بـوو), "١٩" بـراکەی‌و هـەموو خوشـکەکانی خـۆی کوشـت‌و لـە"ئەیاصـوفیا"دا نـێژران. هەڵـبەت عوسمانیـیەکان لەصـفوییەکان زیـرەکتربوون‌و خۆیـان وانیشـانداوە بەرانـبەر بـەکورد باشـن, بـەڵام کاتـێك دەسـەڵاتیان بەهـێزبووە, کەوتوونەتـە هەڵوەشـاندنەوەی ئەمارەتـە کوردیـیەکان, لەوانـە ئـەمارەتی: هـەکاری, بدلیسـی, برادۆسـت, حەسـەن کـیف, سـلێڤانی, ساسـۆن, بـازوکین(سـوێدی).. هـتدو چەندین شۆڕشـی کوردیـان خەفەکـردووە" کـە گەورەتریـنیان شۆڕشـــەکەی بـــەدرخان پاشـــابوو, کـــەباوکی مـــیقداد مەدحـــەت پاشـــای خـــاوەنی یەکـــەمین ڕۆژنامـــەی کوردی(کوردستان) بـوو. بەشێکی گەورەی شکستی ئەم شۆڕشە گەورەیەی کورد, بۆ خیانەتی "یەزدان شێر"ی برازای بەدرخان پاشا دەگەڕێتەوە" کە دواتر شۆڕشەکەی بەدرخان پاشا شکاو لەساڵی ١٨٤٧دا ئەمارەتی بۆتان هەڵوەشایەوە. دەوڵـەتی عوســـمانی بەهۆی گەندەڵیی ئابووری‌و کارگێڕییەوە, لـــەمانگی تشـــرینی یەکەمی ســـــاڵی ١٨٧٥دا, ئیفلاسی ئابوریی ڕاگەیاند, هەربۆیە بەم دەوڵەتیان دەگوت: پیاوە نەخۆشەکە. ساڵێك دوای ئەوە (١٨٧٦) سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم[١] حوکمڕانی گرتە دەست‌و کەوتەگیانی هەرشتێك کەبۆنی ئازادی‌و دیموکراسـی‌و پێشکەوتنی لێدەهات. فەلسەفەی حوکمی ئەم سوڵتانە, دانانی وەزیرو کاربەدەستی گەورە نیمچە نەخوێندەوار بوو[٢] . ئەم سوڵتانە, کە لەدایکەوە ئەرمەنی‌بوو زۆر ڕەزیل بوو, تورکی بەباشی نەدەزانی. مراد-ی برای پارە دەداتـە ڕۆژنامـەی "خـیال" بۆ ئـەوەی چیرۆکی "ڕەزیل"ی ڤۆڵتێر بکا بەتورکی‌و لەسەر شانۆ نمایش بکرێت‌و عەبدولحەمید بەمەدەزانێ کەمرادی برای ئەمەی لەدژ کردووە, بۆیە دواتر تۆڵەی لێدەکاتەوە.

بەرلـەوەی بـاس لەیەکـەمین یاسـای چاپەمەنیی بکـەم لەدەوڵـەتی عوسمانـیدا, پـێم باشـە چـەند سـەدەیەك بگەڕێینە دواوە, بەتایبەتی یەکەمین سەدەی حوکمڕانیکردنی دەوڵەتی عوسمانی. ساڵی ١٤٨٣ کاتێك سوڵتان بایـەزیدی دووەم حوکمڕانیدەکرد, بڕیارێکی شاهانەی دەرکرد بەلەسێدارەدانی ئەو کەسانەی دەیانەوێت شت چاپ بکـەن, ئەمـە گەیشـتە ئـەو ڕادەیـەی سـوڵتانەکان وایـان لەچـاپ دەڕوانـی کەکوفـرە. ئـەم بڕیارو هەڵوێسـتە تونـدەی سـوڵتانەکان, لـەوێوە سەرچـاوەی گرتـبوو, کتێـب‌و بڵاوکـراوە گـەل بـەئاگا دەهێنـنەوەو هۆشـیاری دەکەنـەوە. هەربۆیـە, دواتـر سـوڵتان محەمـەدی چوارەم (١٦٤٨ ـ١٦٧٨) هەموو ئەو نووسخانەی قورئانی خستە دەریاوە کەپیاوێکی ئـەورووپی بۆی هێنابوو[٣] . هـەروەها سـوڵتان سـەلیم یاوزیش, ساڵی ١٥١٥ هەمان فەرمانی دەرکـردبوو بـۆ قەدەغەکـردنی چاپەمەنیی‌و سـزای لەسـێدارەدان[٤] . ئەمـە جگـە لـەوەی بەپـێی یاسـاو لەسـایەی دەوڵەتی عوسمانیدا, ڕێگای چاپخانەی کەمینە ئایینییەکان نەدەدرا, هیچ بەزمانی تورکی یا عەرەبی چاپ بکەن

[٥] . هەرچەندە رۆژی (٥)ی تەمموزی ساڵی ١٧٢٧ سوڵتان ئەحمەدی سێیەم بەپێی فەرمانێكی تایبەتی ڕێگای بەدامەزراندنی چاپخانەیدا بە كابرایەك" كەناوی مستەفا موتەفەریق بوو, بەڵام مەرجی بۆ دانا كەهیچ جۆرە بەرهەمێكی ئاینیی وەك قورئان و تەفسیرو حەدیس و ئەو بابەتانە قەت چاپ نەكات[٦].

هەر ئەم سوڵتانە (سوڵتان ئەحمەدی سێیەم) لەساڵی ١٧٢٧دا, گشت ئەو فەرمانانەی دژبەدامەزراندنی چاپخانەو ڕۆژنامەنووسی درابوون, ڕەشكردەوە" بەمەرجێ دوورو نزیك خۆ لەقەرەی قورئانی پیرۆزو فەرمایشتەكانی پێغەمبەر (د.خ) نەدەن[٧].

یەكەمین یاسای چاپەمەنیی عوسمانی لەساڵی ١٨٥٧دا دانرا" كەپڕ لەمەرج و بڕیاری قەبەو گران بوو, كەچی سوڵتان پێی قایل نەبوو, بۆیە پێنج جار لەساڵی ١٨٥٧وە تاساڵی ١٩٠٠ ئاڵوگۆڕی تێداكرا" تاوای لێهات تەنها بۆ پێكەنین بشێ و ڕۆژنامەنووسان مافی ئەوەیان نەما بەهیچ كلۆجێك ناوی مەدحەت پاشاو دەستوورو دینامێت و بۆمباو شۆڕش و سۆشیالیزم و ماف و مانگرتن و ئازادی و سەربەستی و یەكسانی و خەبات, یا باسی كوشتن و لابردنی هیچ فەرمانڕەوایەك بنووسن[٨] . سوڵتان خۆی ڕەقیبی چاپەمەنییەكانی ئەستەموڵ و پیاوە دڵسۆزەكانی هی شارە گەورەكان بوو. لەسەر یەك دوو هەڵەی چاپ كەمانای ڕستەیەكی گۆڕیبوو, بەجۆرێك بۆنی توانجی لێبێت, ڕۆژنامەی "صەباح" چەند ساڵێك داخرا. لەبەر ئەوە هیچ سەیرنییە كۆتایی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٤ ڕۆژنامەنووسانی ئەستەموڵ سەری دنیایان لێهاتەوە یەك" بەوەی هەواڵی كوشتنی سەرەك كۆماری فەرەنسە (س. كارنۆ) چۆن بڵاوبكەنەوە[٩] , هەربۆیە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هێندە ڕقی لەڕۆژنامەنووسان بووە, كاتێك لەساڵی ١٩٠٩دا لەتەختی خەلافەت وەلانراوە, خۆزگەی بەوە دەخواست ڕۆژێك لەڕۆژان بگەڕێتەوە كۆشكی "یەڵدز" تاوەكو سەرتاپای ڕۆژنامەنووسان توڕبداتە تەنوورەوە[١٠].

سوڵتان عبدولحەمید كاتێك هەستی كردبوو بەكاركردنی ئاشكراو ڕەسمی چاپەمەنییەكان, بۆ چەواشەكردنی ڕایگشتی و هێوركردنەوەو بەرگرتن لەتەشەنەسەندنی چاپەمەنیی, ساڵی ١٨٦٣ یاسایەكی تری چاپەمەنیی دەركردو ڕایگەیاند لەگەڵ ئازادیی كاركردنی چاپەمەنیدایە, بەڵام دواتر لەو هەڵوێستەی پاشگەزبووەوەو ساڵی ١٨٧٧ دەستەی "چاودێریكردنی ئیدارەی چاپەمەنیی"دانا" كە ئەركی سنووردانان بوو بۆ بڵاوكراوەكان و دانانی بەربەست لەكاری ڕۆژنامەنووسیدا. بەوەیشەوە نەوەستاو ڕۆژنامەنووسەكانی لەكاری ڕۆژنامەنووسیی دوورخستەوە" كەتا ئەوكاتانە كۆشكی "یەڵدز" سەرچاوەی بڕیارە شاهانەكانی ناوبراو بوو[١١].

لەگەڵ دەركردنی یاسای چاپەمەنییدا, حوكمڕانانی دەوڵەتی عوسمانی بەڕێوەبەرایەتیی چاپەمەنییان دامەزراند" لەگەڵ لیژنەیەك و پۆلیسی نهێنی" بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەك بێت تەعلیمات بۆ ڕۆژنامەكان بنێرن و لەوە ئاگاداریانبكەنەوە خۆیان لەو بابەتانە هەڵنەقورتێنن كەسەرئێشە بۆ سوڵتان دروستدەكەن[١٢]. هەرلەوكاتانەدا, وێڕای بەرگرتن لەبڵاوكردنەوەی بابەتی سیاسی, بڕیاردرا نابێت هیچ بابەتێك بەناوی خوازراوەوە بڵاوبكرێتەوە..

ئەگەر خوێنەر زیاتر بەنێو مێژووی حوكمڕانیكردنی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕۆبچێت, ئەو حوكمڕانیكردنەی وەك پێشتر ئاماژەم بۆیكرد, لەگەڵ هاتنە سەرحوكمی هەر سوڵتانێكدا, لەلایەن سوڵتانەكەوە قەتلوعامی براو خوشكەكانی كراوە, ئیتر دەبێت ئەم سوڵتانە دڕندانانەی حوكمڕانی ئەم دەوڵەتەیان كردووە, كەپیاوە نەخۆشەكەیان پێوتووە, دەبێت لەسایەی حوكمەكانی ئەم دەوڵەتە نەخۆشەدا, شتێك مابێتەوە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی چاپەمەنیی بێت" كەدڵنیام نەخێر. ئەو یاسای چاپەمەنییانەیشی دانراون, یان بۆ

چەواشەکردنی رایگشتی بوون, یان بۆ زیاتر گوشینی رادەربڕین بوون" بەجۆرێك تەنها رێگا بەو چاپکراوانە بدرێن زوڕناژەنی سوڵتانن" وەك چۆن ئێستایشی لەگەڵدابێت, لەدەوڵەتە تۆتالیتێرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمان یاسای چاپەمەنیی حزوری هەیە. لەم تەوەرەدا دەهێنی ئاماژە بەوەیش بکەم دوای کودەتاکردن بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا, جارێکیتر لەساڵی ١٩٠٩دا, یاسای چاپەمەنیی دەرچوو کە٣٨ بەندی لەخۆگرتووەو بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە, وە یاسای چاپەمەنیی عوسمانی تاساڵی ١٩٣١و لەعێراقدا کاری پێکراوە" تا ئەوکاتەی یاسای ژمارە (٨٢)ی ساڵی ١٩٣١ دەرچوو" کەجێگای یاسای چاپەمەنیی عوسمانی گرتەوە" بەبێ گەشەپێدان و کەمکردنەوەی کۆت و پێوەندەکانی یاسای سەردەمی عوسمانی.

هەر لێرەوەو لەتەوەری دووەمی ئەم ئاستەدا, پێم باشە ئاماژە بەچۆنیەتی دەرچوونی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق بکەم:

یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق" یاسای ژمارە "١٠"ی پارلەمانی کوردستانەو لەڕۆژی ٢٥/٤/١٩٩٣داو لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە فەرمانی کارپێکردنی دەرچووە..

ئەم یاسایە" لەسێ دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا گفتوگۆی لەسەر کراوەو دواتر بەکۆی دەنگ پەسەندکراوە. دانیشتنەکانیش بەمشێوەیەبوون:

- **دانیشتنی ژمارە "٢٧"ی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣" بەسەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ( پارلەمان ), لەرۆژی ١٢/٤/١٩٩٣دا بووە.**
- **دانیشتنی ژمارە "٢٨"ی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣" بەسەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ( پارلەمان ), لەرۆژی ١٤/٤/١٩٩٣دا بووە.**
- **دانیشتنی ژمارە "٢٩"ی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣" بەسەرۆکایەتیی جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ( پارلەمان ), لەرۆژی ١٨/٤/١٩٩٣دا بووە"[١٣].**

لەهەریەك لەو دانیشتنانەدا, لەلایەن ئەندامانی لیژنەی یاساو رۆشنبیریی و زۆربەی ئەندامانی پارلەمانەوە, گفتوگۆ لەسەر خاڵ بەخاڵ و بەند بەبەندی یاساکە کراوەو لەچوارچێوەی گفتوگۆکاندا, کەمێك گۆڕانکاری لەپڕۆژەی یاساکەدا کراوە" کە لەلایەن حسێن عارف ئەندامی پارلەمان و ئەندامی لیژنەی یاسایی پارلەمانەوە ئامادەکراوەو دواتر پێشکەش بەشێرکۆ بێکەس وەزیری رۆشنبیری ئەوکاتە کراوەو لەوێیشەوە دراوە بەسەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران, پاشان بۆ شەرعیەتدان و تاوتوێکردنی, پڕۆژەی یاساکە دراوە بەئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق (پارلەمان)[١٤] .

پڕۆژەی گەڵاڵەکردنی یاسایەك, دەبێت پێشوەخت لەلایەن دەزگایەکی پەیوەندیدار یان دە ئەندام و بەرەو ژورتری پارلەمان ئەنجامبدرێت و دواتر وەك پڕۆژەیەك پێشنیازی بکەن بۆ پارلەمان و لەدانیشتنی پارلەمانیشدا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دوای تاوتوێکردنی, وەك یاسایەك پەسەند دەکرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێت. دەرکردنی یاسای چاپەمەنیش هاوکاتە لەگەڵ قۆناغێکی نوێی گەلەکەمان و بۆ رێکخستنی کاروباری چاپەمەنیی و بڵاوکراوەکان و فراوانکردنی سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین بوو لەبواری رۆژنامەنووسییدا" بەجۆرێك لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت.

66

یەکەمین جار پڕۆژەی یاسای چاپەمەنیی لەلایەن بەشی یاسایی وەزارەتی رۆشنبیریی ئەوکاتەی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەسەرۆکایەتی د. فوئاد مەعسوم بوو, گەڵاڵەکرا.

وەزیری رۆشنبیری ئەوکاتە، لەوبارەیەوە بەشی یاسایی وەزارەتەکەی راسپاردبوو بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆژەی یاسای چاپەمەنیی. دوای گەڵاڵەکردنی پرۆژەی یاسای ناوبراو، بەشی یاسایی وەزارەت پرۆژەکە بۆ وەزیر بەرزدەکاتەوەو وەزیریش پرۆژەی ناوبراو بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بەرزدەکاتەوەو دوای ئەوەی د. فوئاد مەعسوم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەکە دەبینێ، بەلایەوە پەسەند نابێ و پێیوایە لەپرۆژەکەدا رەچاوی ئازادیی و فراوانکردنی سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین نەکراوە. هەربۆیە لەوبارەیەوە وەزارەتی رۆشنبیری ئاگاداردەکاتەوە جارێکیتر بە پرۆژەکەیاندا بچنەوەو لەگەڵ کەشوهەوای ئازادیی هەرێمی کوردستاندا بیگونجێنن. دواتر، وەزیری رۆشنبیری پرۆژەکە نیشانی رۆژنامەنووس و پارێزەر حسێن عارف دەدات (وەك پێشتر وتم ئەوکاتە ناوبراو ئەندامی پارلەمان و ئەندامی لیژنەی یاسایی بووە لەپارلەمان)، مامۆستا حسێن عارفیش رای لەسەر پڕۆژە گەڵاڵەکراوەکەی وەزارەتی رۆشنبیری باش نابێت و هاوڕادەبێت لەگەڵ بۆچوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا، هەروەك چۆن پێی راگەیاندم لەسەر پرۆژەکەی نووسیووە: "ئەمە پرۆژەیەکی فاشیستانەیە". بەهەرحاڵ، دواتر حسێن عارف لەلایەن وەزیرەوە تەکلیف دەکرێت بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆژەی یاسایەك بۆچاپەمەنیی و پاشان هێڵکاری گشتی بۆ پرۆژەیەکی نوێی یاسای چاپەمەنیی دادەنێت" بەجۆرێك سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین فراوان بکرێن و لەگەڵ ئازادیی هەرێمی کوردستاندا بگونجێ و رەچاوی مافەکانی نووسەران و رۆژنامەنووسان بکات[١٥]. هەربۆیە، لەگەڵ داڕشتنی پرۆژەیەکی نوێی یاسای چاپەمەنیدا، حسێن عارف پرۆژەکە پێشکەش بەوەزیری رۆشنبیری دەکاو وەزیریش بەلایەوە پەسەند دەبێ و بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی بەرزدەکاتەوەو دوای رەزامەندی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانیش لەسەر پرۆژە نوێیەکە، پرۆژەکە بۆ دەنگدان و شەرعیەتپێدان دەدرێتە پارلەمان. ئەوکات لەپارلەماندا چەندین لیژنەی جیاجیا هەبوون" کەکارەکانیان تاوتوێکردنی ئەو پرۆژەی یاسایانە بووە کە بەرلەوەی لەپارلەماندا گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێن، پیشانی ئەو لیژنانە دراون، لەوانە لیژنەکانی: یاسایی، رۆشنبیری، ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ..هتد. لەپرۆژەی یاسای چاپەمەنییدا، وێڕای ئەوەی لیژنەی یاسایی پەیوەندداره" کە ئەوکات لەم بەڕێزانە پێك هاتبوون: سەید حەسەن عبدولکەریم بەرزنجی، حسێن عارف، ئەیاد حاجی نامق، حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی، عدنان محەمەد نەقشبەندی، کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندی، حسێن عەلی کەمال و بەڕێزێکیتر[١٦] " کەتێکڕا لەهەشت ئەندام پێکهاتبوون. ئەو لیژنەیەیش فیفتی بەفیفتی بووە، چوار ئەندام لەسەر لیستی سەوز (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بوون و چوار ئەندامەکەی تریشیان لەسەر لیستی زەرد (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوون. ئەم لیژنە یاساییە، بەبێ هیچ دەستکارییەك پرۆژەی یاساکەی پەسەندکردووە. دوای ئەوە، پێویست بەرەزامەندی لیژنەی رۆشنبیری دەکات" کەئەوانیش لەچەند ئەندامێك پێکهاتبوون کە فەلەکەدین سابیر کاکەیی (لەلیستی زەرد) سەرۆکایەتی دەکردن[١٧]. بۆ وەرگرتنی رەزامەندی لیژنەی رۆشنبیری لەسەر پڕۆژەی یاساکە، حسێن عارف وەك نوێنەری لیژنەی یاسایی لەگەڵ چەند ئەندامێکی لیژنەی رۆشنبیرییدا کۆدەبێتەوە، لەوانە: بارزان مەلا خالید (کە ئەوکاتە بریکاری وەزارەتی رۆشنبیریش بووە زائیدەن ئەندامی پارلەمان) و دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول[١٨]. لەو کۆبوونەوەیەدا، بارزان مەلا خالید پێشنیازی ئەوە دەکات بۆ دەرکردنی بلاوکراوەیەك، یان رۆژنامەیەك، دەبێت ئەو کەسەی بلاوکراوەکە دەردەکات، پێشوەخت مۆڵەتی بۆ وەربگرێت، چونکە لەپڕۆژەکەدا ئاماژە کرابوو بۆ ئەوەی دەبێت ڕۆژنامەنووس بەبێ مۆڵەت بلاوکراوەیەك دەربکات. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەو پێشنیازە پەسەندکراوە. وەك دەردەکەوێت

www.kurdistannet.org

کراوه بەخاڵی یەکەم لەبەندی پێنجەم کەهاتووه: "هەر هاووڵاتییەکی عێراقی نیشتەجێی هەرێم کەبیەوێ چاپکراوێکی خولەکی دەربکا, دەبێ داخوازییەك پێشکەش بەوەزیری رۆشنبیری بکاو تیایدا ناوی خۆیو ناوی سەرۆکی نووسینو ناوی چاپکراوەکەو زمانەکەی دیاریبکات".

دوای ئەو گۆڕانکارییەو رەزامەندی لیژنەی رۆشنبیری, پرۆژەکە بۆ گفتوگۆکردنو دەنگدان خرایە بەردەم پارلەمانو پارلەمانیش لەوسێ دانیشتنەی پارلەماندا کەپێشتر دەستنیشانمکردن, دوای تاوتوێکردنی یاساکە, لەدوایین دانیشتنی پارلەماندا کەرۆژی ١٨/٤/١٩٩٣ بوو, بەپێی حوکمی برگەی (١) لەماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر پێشنیازی وەزیری رۆشنبیری, پارلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگ پرۆژەکەی وەك یاسایەك پەسەندکردو دوای بڵاوکردنەوەی یاساکە لەرۆژنامەکاندا, دواتر لەرۆژی ٢٥/٤/١٩٩٣داو بەژمارە بڕیاری "٢٤"و بەئیمزای جەوهەر نامیق سالم (سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان) یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان دەرچوو" کەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣یە.

## ئاستی دووەم: شیکردنەوەی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان

بۆ ئەوەی بەباشی رۆبچینە نێو کرداری شیکردنەوەی هەریەك لەبەندو خاڵەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان, دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم لەم یاسایەداو لەکاتێکدا هەندێك لەبەندەکانی چەند خاڵێکیان لێدەبێتەوە, هەریەك لەخاڵەکان وەك برگە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە" لەکاتێکدا ئەگەر بەنمونە یاسای چاپەمەنیی عێراقی بهێنینەوە کە لەساڵی ١٩٦٨داو بەژمارە (٢٠٦) دەرچووە,دەبینین خاڵەکانی نێو بەندەکان دەبنە بەشێك لەبڕگەکانی هەریەك لەبەندەکان, واتا هەندێك لەبەندەکانی یاسای چاپەمەنیی عێراقی چەندین بڕگەیان لێدەبێتەوە" وەك:ا, ب, جـ .. هتد, دواتر لەهەندێك لەبڕگەکانیشداو بۆ زیاتر روونکردنەوەی بەندەکانو برگەکان, چەندین خاڵ دانراون. بەڵام, لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا بڕگەکان لەجیاتی ئەوەی وەك: ا, ب, جـ ..بنو دواتر هەریەك لەوبرگانەیش لەچەند خاڵێکدا روونبکرێنەوەو درێژەیان پێبدرێت (دیارە ئەوەیان بۆ تایبەتمەندێتیی یاساکەو دانەرانی دەگەڕێتەوە), هەندێك لەبەندەکان هەڵگری چەند خاڵێکن, وەك: ١, ٢, ٣ ..هتد, هەریەك لەوخاڵانەیش وەك برگە هێمایان بۆ دەکرێت (وەك لەکۆبوونەوەکانی پارلەماندا دەردەکەوێت کە بۆگفتوگۆکردن لەبارەی ئەم یاسایەوە ئەنجامدراون). بەڵام, من لێرەدا هەریەك لەوخاڵانە لەجیاتی ئەوەی وەك برگە هێمایان بۆ بکەم (هەڵبەت مەبەستم لەرووی زمانەوانییە) وەك خاڵ دەستنیشانیاندەکەم, وەك ئەوەی بڵێم لەخاڵی سێیەمی بەندی پێنجەمی بڕیارەکەدا ...هتد.

هەر بۆ ئەوەی بتوانم بەوردی قسە لەسەر بەندەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان بکەم, هەندێك جار دەگەڕێمەوە بۆ گفتوگۆکانی ناو پارلەمان (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان)" کە لەبارەی ئەو یاسایەوە ئەنجامدراون, ئەمەیش بۆ ئەوەی بۆچونەکانمی پێ دەوڵەمەند بکەمو هاوکات ئیستێك بکەم لەبەردەم دیدە جیاوازەکانی ئەندامانی پارلەمان کە لەبارەی خاڵو بەندەکانی ئەم یاسایەدا دەریانبڕیوە. هەروەها دەخوازم جۆرێك لەبەراوردیش بکەم لەنێو پرۆژەی یاساکەو یاسا پەسەندکراوەکەو یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانیو عێراقی کەماوەیەکی زۆر لەم هەرێمەدا کاریان پێکراوە, یاسای چاپەمەنیی عوسمانی کەبۆ قۆناغەکانی بەر لەدروستبوونی دەوڵەتی عێراقی دەگەڕێتەوە" کەئیمپراتۆریەتی عوسمانی حوکمڕانیکردووەو یاسای چاپەمەنیی عێراقیش بۆ قۆناغی بەر لەراپەڕین دەگەڕێتەوە.

لەبەندی یەکەمی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا" وەك زۆربەی یاسا چاپەمەنییەکانی‌تر, ئەو دەستەواژانە روونکراونەتەوە کە لەناو یاساکەدا هاتوون, لەوانە: لەبەرانبەر دەستەواژەی (هەرێم)دا واتای هەرێمی کوردستان نووسراوەو بۆ دەستەواژەی (وەزارەت) واتای وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم نوسراوە, بۆ دەستەواژەی (وەزیر)یش نووسراوە وەزیری رۆشنبیری هەرێم. ئەو سێ دەستەواژەیە پێویست بەوە ناکات زۆر لەسەریان بووەستین, جگە لەدەستەواژەکانی دووەم و سێیەم نەبێت کەجێگای سەرنجە, وەئەگەر لەبەردەم وشەی (هەرێم)دا (حکومەت) بنووسرابایەو لەدوای وشەی (هەرێم)یش (کوردستان) بنووسرابایە" زیاتر یارمەتیدەر دەبوو بۆ ناساندنی ئەو دەستەواژانە, بۆنمونە ئەوکات لەبەرانبەر دەستەواژەی (وەزارەت)دا دەنووسرا: وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم سەرنجەیشم بۆ ئەوەیە لەکاتێکدا دەقی ئەو یاسایە دەکرێتە سەر زمانێکی بیانی و لەکاتی خوێندنەوەیدا لەلایەن کەسێکی بیانییەوە دەستەواژەکان زیاتر مەفهوم دەبن. لەخاڵی چوارەمی هەمان بەندا, چاپکراوی خولەکی (الدوری ــ Periodicais) روونکراوەتەوە" کەمەبەست لەهەر چاپکراوێکە بەردەوام بەژمارەی زنجیرەیی و لەکاتێکی دیاریکراودا دەربچێ, وەك: رۆژنامە, گۆڤار, بڵاوکراوەو هەرچییەکی لەم بابەتەبێ. لەخاڵی پێنجەمیشدا دەستەواژەی چاپکراوی ناخولەکیی (غیر الدوری) روونکراوەتەوە" کەهەموو ئەو چاپکراوانە دەگرێتەوە بۆ یەکجار دەردەچن, یان بە بەشبەشی دیاریکراوو بێ گوێدانە چاپکردنەوە وەك: مەوسوعە, فەرهەنگ, کتێب, نامیلکە, نەخشەو وێنەو هەرچییەکی لەم بابەتەبێ دەردەچن. ئەم بەندە پێویست بەروونکردنەوەی ئەوتۆ ناکات.

لەبەندی دووەمی یاساکەدا هاتووە: چاودێری (رقابە) لەهەرێمدا ناخرێتە سەر چاپەمەنیی و هەر هاووڵاتییەك سەربەستە لەدەرکردنی هەر چاپەمەنییەکدا" بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

لەنیوەی یەکەمی ئەم بەندەدا, سنوورەکانی ئازادیی چاپەمەنی و رۆژنامەنووسیی واڵا دەکات, ئەمەیش لەو پێودانگەوەیە کەسانسۆر نییە لەسەر هیچ بڵاوکراوەیەك و هەموو هاووڵاتییەك ئازادە لەدەرکردنی هەر بڵاوکراوەیەکدا. رەزامەندی نیشاندان لەسەر ئەم بەندە ئەگەر نیوەی یەکەمی جیابکەینەوەو لەبارەیەوە بدوێین, دەگەینە ئەو بەرەنجامەی دەسەڵاتێکی دیموکراسی خاوەنی بڕیاردانە, کە ئەمە لایەنێکی جەوهەرییە بۆ کاری رۆژنامەنووسیی و چاپەمەنیی و ئازادیی رادەربڕین و بەدەسەڵاتکردنی رۆژنامەنووسیی, بەڵام بەپێی نیوەی دووەمی ئەم بەندە کەدەرکردنی هەرچاپەمەنیی و بڵاوکراوەیەکی ملکەچی حوکمەکانی ئەم یاسایە کردووە, کە ئەگەر بەتەنها ملکەچی حوکمەکانی بەندی نۆیەمی ئەم یاسایەشی کردبێت (وەك دواتر لەبارەیەوە دەدوێم) ئەوا مانای تەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕینە: هەربۆیە, دەشێت دوای شیکردنەوەی بەندەکانی تری ئەم یاسایەو روونکردنەوەی حوکمەکانیان، خوێنەر لەچوارچێوەو سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین و چاپەمەنیی بگات" لەم یاسایەدا.

لەبارەی ئەم بەندەوە, مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم (ئەندامی پارلەمان و ئەندامی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی لەپارلەمان) لەیەکەمین دانیشتنی پارلەماندا کە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم یاسایەوە رێکخراوە, پێشنیازی ئەوە دەکات ئەو کتێبە ئاینییانەی چاپدەکرێن دەبێت پێشوەخت رەزامەندی زانایانی ئایینی بۆ وەربگیرێت[19] .ئەم پێشنیازە کە بۆ دانانی سانسۆر لەسەر کتێبە ئاینییە چاپکراوەکانە, لەپارلەماندا بەهەند وەرنەگیراوە, چونکە ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین لەبەندی نۆیەمی هەمان یاسادا چارەسەری ئەو لایەنەو ئەو پێشنیازە کراوە, بەوەی بڵاوکردنەوەی هەندێك بابەت قەدەغەن, لەوانە: دەستدرێژیکردن و سووکایەتیکردن بەئایین و مەزهەبەکان. هەربۆیە لەودانیشتنەی پارلەماندا, ئەو پێشنیازە فەرامۆشکراوەو ئەو

بەندە بەبێ دەستکاریو بەزۆربەی دەنگ پەسەندکراوە[٢٠] . ئەگەر سەرنج بدەینە یاسای چاپەمەنیی عوسمانی کە لەساڵی (١٨٦١)و بەرانبەر بەساڵی (١٢٨١)ی کۆچی دەرچووەو کارپێکراوە, دەبینین بەهیچ شێوەیەك بەندێکی وەهای تیانییە باس لەنەبوونی سانسۆر بکات بەسەر چاپکراوەکانەوەو هاوکات ئازادیی رۆژنامەنووسیی دەستەبەر نەکراوە, بەڵکو چەندین کۆتو پێوەندو مەرج دانراون لە چاپکراوەکانداو دەبێت رەچاوبکرێن[٢١] . لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیشدا کە بەژمارە (٢٠٦)و لەساڵی (١٩٦٨)دا دەرچووە, بەهەمان شێوە" وێڕای دانانی چەندین کۆتو پێوەند سزایش دانراوە, بەهیچ جۆرێك ئاماژە بەنەبوونی سانسۆر نەکراوە لەسەر چاپکراوەکان[٢٢] .

لەبەندی سێیەمیشدا هاتووە: مەرجە چاپەمەنیی خولەکی خاوەنی (امتیان)و سەرۆکی نووسینی هەبێ کەدەبێ خوێندنەوەو نووسین بەزمانی چاپکراوەکە بزانن و ئەهلییەتی یاسایی تەواویان هەبێو لەسەر تاوانێك (جنایە) یا کەتنێکی (جنحە) ناسیاسی لەکەدارکەری شەرەف حوکم نەدرابن.

ئەگەر سەرنجبدەینە ئەم بەندە, هەستدەکەین ئەو مەرجەی بۆ سەرنووسەر (Editor–in–chief)و خاوەنی ئیمتیاز (Founder)دانراون قورس نین, وەك لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیدا هاتووە" کەتیایدا ئەگەر بەنموونە خاوەنی ئیمتیاز بهێنینەوە, کە کراوەتە دووجۆر, خاوەنی چاپکراوی خولەکیی سیاسیو ناسیاسین.

بۆ خاوەنی چاپکراوی خولەکیی سیاسی ئەم مەرجانە دانراون:

- عیراقیبێت بەلەدایکبوونو تەمەنی لەسەروو (٢٥) ساڵییەوە بێت.
- بەتاوانێکی ناسیاسی, یان تۆمەتێکی بەدرەووشتی حوکم نەدرابێت.
- لەشوێنی دەرچوونی چاپکراوەکەدا نیشتەجێ بێت.
- فەرمانبەر نەبێت" یان دەستبەکارنەبێت لەفەرمانگەیەکی رەسمی یان نیمچە رەسمیدا.
- هەڵگری بڕوانامەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقیبێو لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندنەوە پەسەندکرابێ.
- لانی کەم خاوەنی هەڵگری بڕوانامەی ئامادەییبێت، یان بڕوانامەیەك لەو ئاستەدا.

بۆ خاوەنی چاپکراوی خولەکیی ناسیاسیش چەندین مەرج دانراون, یەکێك لەومەرجانە ئەوەیە دەبێت نیشتەجێی شوێنی دەرچوونی رۆژنامەکە بێت. سەرنووسەری چاپکراوی سیاسیش, وێڕای ئەو مەرجانە دەبێت هەڵگری بڕوانامەیەکی باڵابێت" ئەمە جگە لەوەی نابێت لەیەك کاتدا سەرنووسەری دوو چاپکراوی خولەکیبێت[٢٣].

لەیاسای چاپەمەنیی دەوڵەتی عوسمانیدا کەدابەشی دووبەش کراوەو بەشی یەکەمی تایبەتە بەبابەتە گشتییەکانو بەشی دووەمیش دەربارەی ئاگادارکردنەوەو سیاسەتەو تێکڕا "٣٥"بەندی لەخۆگرتووە, بەهیچ شێوەیەك باسی رۆڵی سەرنووسەری تیا نەکراوە" کە چ مافێکی هەیەو دەبێت ئەو کەسە (کەسەرنووسەرە)چ مەرجێکی تیابێت بۆ ئەوەی ببێتە سەرنووسەری چاپکراوێك. واتا لەیاسای چاپەمەنیی عوسمانیدا وێڕای ئەوەی رۆژنامەنووس کەلەپچە دەکریو چەندین مەرجو سزای بۆ دانراوە لەبەرانبەر بەشێکی زۆری رادەربڕینو چاپکراوەکانیدا, هاوکات لەپەراوێزیشدا باس لەڕۆڵی سەرنووسەر نەکراوە, بەڵام دەربارەی ئەوەی دەبێت خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامە (وەك چاپکراوێکی خولەکی) پابەندی چیبێت, چەندین مەرجی بۆدانراوە" وەك ئەوەی: دەبێت تەمەنی لە"٣٠" ساڵ کەمتر نەبێتو هیچ تاوانێكو کارێکی نایاسایی ئەنجام نەدابێتو خاوەن مافی کەسایەتی خۆی بێت, هەروەها بتوانێت سەربەخۆ کارەکانی ئەنجام بدات[٢٤]. ئەگەر دیقەت بدەین, دەبینین



www.kurdistanet.org

مەرجەكانی خاوەنی ئیمتیاز لەم یاسایەدا لەگەڵ مەرجەكانی سەرنووسەرو خاوەنی ئیمتیاز لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی كوردستاندا بەرادەیەكی زۆر لەیەك دەچن, تاكە جیاوازییەك بەئاشكرا هەستی پێبكەین ئەوەیە دەبێت خاوەنی ئیمتیاز لەیاسای چاپەمەنیی عوسمانیدا تەمەنی لە"٣٠" ساڵ كەمتر نەبێت" لەكاتێكدا لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی كوردستاندا ئەو مەرجە نییە, نەبوونی ئەو مەرجەیش زیاتر ئەم یاسایە بەهادار دەكا (مەبەستم یاسای چاپەمەنیی هەرێمی كوردستانە)و بواری زیاتر بۆ هاووڵاتییانی نیشتەجێی هەرێمی كوردستان دەڕەخسێنێت تاببنە خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامە.

لەبارەی ئەم بەندەو لەیەكەمین دانیشتنی پارلەماندا, خوالێخۆشبوو فرەنسۆ تۆما هەریری ئەندامی پارلەمان پێی وابووە پێویست ناكات بوترێت خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر دەبێت خوێندەوەو نووسین بەزمانی چاپكراوەكە بزانن. بۆ پشتگیریكردنی ئەم بۆچوونەیشی پێیوابووە نەخوێندەوار خۆی ناكات بەسەرنووسەر[٢٥]. رەنگە ئەو بۆچوونە بۆ سەرنووسەر بگونجێت, بەڵام بۆخاوەنی ئیمتیاز ناگونجێت, چونكە دەشێت بازرگانێكی گەورە خوێندەواری نەبێ‌و ئارەزووبكات ببێتە خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەیەك (واتا رۆژنامەیەكی ئەهلی دەربكات) وەك لەوڵاتە پێشكەوتووەكاندا هەیە" رۆژنامەیش دواجار دەبێتە سەرچاوەیەكی بازرگانیی‌و بەدەستهێنانی دەستمایە. ئەم بەندە ئەگەر ئەو مەرجەی لابردایە" دەربارەی ئەوەی دەبێت خاوەنی ئیمتیازیش وەك سەرنووسەر خوێندەواری هەبێت, زیاتر زەمینەی دەرەخساند بۆ ئەوەی هاوڵاتییان ببنە خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامە. ئەم بەندەیش" بەبێ دەستكاریی‌و بەزۆرینەی دەنگ لەلایەن پارلەمانەوە پەسەندكراوە[٢٦] .

بەندی چوارەمیش بەم شێوەیەیە: خاوەنی ئیمتیازو سەرۆكی نووسینی چاپكراوی خولەكی بەهاوبەشی لەبەردەم یاساو دادوەرییدا لێی بەرپرسیارن.

لەپرۆژەی ئەم یاسایەداو لەم بەندەدا, لەجیاتی خاوەنی ئیمتیاز, بەتەنها خاوەن (مالك) دانراوە, بەڵام دواتر كراوەتە خاوەنی ئیمتیاز. لەبارەی كردنی خاوەن بەخاوەنی ئیمتیاز, لەپارلەماندا چەندین دیدو بۆچوون تاوتوێكراوە. حسێن عارف كەدارێژەری پرۆژەی یاساكەیە, لەیەكەمین دانیشتنی پارلەماندا كە بۆ گفتوگۆكردن لەبارەی ئەم یاسایە رێكخراوە, پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت خاوەنی ئیمتیاز بكرێتەوە بەخاوەن (مالك)" چونكە ناوبراو پێی وایە لەبوونی خاوەنی ئیمتیازدا كەس خاوەنی راستەقینەی چاپكراوەكە نابێت, چونكە هەركاتێك دەوڵەتی حوكمڕان فەرمانێكی دەركرد بڵاوكراوەكە دەڕوات, بەڵام بۆ خاوەن (مالك) لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد دانراوە" كە (مالك) لەسەر حسابی خۆی رۆژنامەكە دەردەكات[٢٧]. لەمبارەیەوە خوالێخۆشبوو نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا (جێگری سەرۆكی پارلەمان) كە لەودانیشتنەدا سەرۆكایەتیی پارلەمانی كردووە, پێیوابووە لەبارێكی دیموكراسیدا هەركەسێك دەتوانێت كتێبێك یان رۆژنامەیەك دەربكاو ببێت بەخاوەنی[٢٨] . هەروەها, جێگری سەرۆكی پارلەمان پێیوابووە: "خاوەن (مالك) تەنها كاغەزو دەستمایەو چاپەمەنییەكە ئامادە دەكات, ئیتر چ پێویست بەوە دەكات خاوەن بەرپرسیاربێت"[٢٩] .

ئەم بەرپرسیارێتییە كەتەنها خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر دەگرێتەوە, نووسەری هەر وتارێك یان بابەتێكی رۆژنامەنووسیی بێبەری دەكات لەلێپێچینەوەی لەبەردەم یاساو دادوەرییدا" كەهەندێك جار نووسەرێك بەمەبەست سوكایەتی بەكەسێك دەكات. لەحاڵەتێكی لەوجۆرەدا, ناكرێت بەتەنها خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر لێیان بپێچرێتەوە, بەڵكو نووسەرەكەیش‌و تەنانەت ئەو كەسەیش كەرۆژنامەكە دەفرۆشێ (ئەگەر لەو راستییە ئاگاداربێت كەبابەتێكی تێدا بڵاوكراوەتەوەو بەمەبەست سوكایەتی بەكەسێك كراوە) دەبێت لێپێچینەوەی لەبەردەم یاساو دادوەرییدا لەگەڵدا بكرێت.

www.kurdistannet.org

بەندی پێنجەمی ئەم یاسایە لەچوار خاڵ پێکهاتووە, لەخاڵی یەکەمیدا هاتووە: هەر هاووڵاتییەکی عیراقی نیشتەجێی هەرێم کە بیەوێ چاپکراوێکی خولەکی دەربکا, دەبێ داخوازییەك پێشکەش بەوەزیری رۆشنبیری بکاو تیایدا ناوی خۆیو سەرۆکی نووسینو ناوی چاپکراوەکەو زمانەکەی دیاری بکا.

بەپێی ئەم برگەیە, تەنها ئەو هاووڵاتییە عێراقییانە مافی دەرکردنی چاپکراوی خولەکییان هەیە کەلەهەرێمدا نیشتەجێن. ئەم مەرجە بۆ بەخشینی ماف بەدەرکردنی چاپکراوی خولەکی, لەبەر حاڵەتی ئەمنییە, بەو پێیەی ئەگەر رێگا بەهاووڵاتییانی نیشتەجێی دەرەوەی هەرێم بدرێت, چاوەروانی ئەوەیان لێدەکرێت زیان بەئاسایشی نەتەوەییو ئاسایشی هەرێم بگەیەنن. ئەم مەرجە, وێرای رەچاوکردنی ئەو لایەنانە, هاوکات سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سنوورەکانە کە ئەمرۆ بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا و لێشاوی بەجیهانیبوون سنوورەکان نەماوونو جیهان بووەتە گوندێکی بچکۆلە. بۆیە, بوونی ئەو مەرجە ناتوانێت سنووره هەڕروون بەهەپروونەکان بلکێنێتەوە بەیەکەوە, چونکە ئەگەر هەر ناحەزێك بیەوێت کاری خراپ لەهەرێمێك یان ناوچەیەکی دیاریکراودا بکات, هۆکانی میدیا هێندە گەشەیانکردووە بەئاسانی سنوورەکان دەبڕدرێن, وەك چۆن ئەمرۆ ئینتەرنێت وەك هۆکارێکی بەجیهانیبوونو گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا و بەشێك لەمیدیا, بەتێکشکێنەری سنوورەکان دادەنرێت. ئەم سنوور شکێنەرە وێرای ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاری بۆکاری خراپیش بەکاردەهێنرێ, هەروەك چۆن بەرێوەبەری دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) نیگەرانیی خۆی نیشاندا لەوەی گروپی چەکداریی توندرەوی سەر بە"بنلادن"ی ملیاردێری ئۆپۆزسیۆنی سعودی جێگای هەرەشەیەو بەهۆی ئینتەرنێتەوەو لەرێی تۆرە چەکدارەکانیەوە کاری خراپە بەرانبەر بە بەرژەوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات" لەکاتێکدا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئینتەرنێت بۆکاری زانستو فێرکردنو خزمەتگوزاری بەکاردێنێ![30] . بۆیە, لابردنی ئەو مەرجەی کەوا تەنها هاووڵاتییانی عێراقی نیشتەجێی هەرێم مافی دەرکردنی چاپکراوی خولەکییان هەبێت, زیاتر خزمەت بەرەوتی رۆژنامەنووسییو ئازادیی رۆژنامەنووسیو پرۆسەی دیموکراسی دەکات لەهەرێمەکەماندا, چونکە گومانی تیانییە ئەگەر هاووڵاتیانی نیشتەجێی دەرەوەی هەرێمیش مافی دەرکردنی چاپکراوی خولەکییان هەبێت, دەبێت پابەندی حوکمەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان بن, ئەمە لەکاتێکدایە لەیەکەمین دانیشتنی پارلەماندا کە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم یاسایە رێکخراوە, شەوکەت حاجی موشیر وەك ئەندام پارلەمانێك پێشنیازی ئەوە دەکات بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم بەرپرسیارێتی تەنها لەسنووری کوردستانی عێراقدا هەیە, لەجیاتی ئەوەی بوترێت هەموو هاووڵاتییەکی عێراقی ... وا دابرێژرێتەوەو بکرێتە: "هەموو کەسێك کە لەسنووری هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن چونکە لەیەکەمیاندا زۆر گشتگیرەو لەدووەمیاندا شیاوترە"[31] . ئەگەر دیققەت لەو پێشنیازە بدەین, دەبینین بەپێچەوانەوەیەو دووەمیان لەیەکەمیان گشتگیرترەو زیاترین کەس مافی ئەوەی دەبێت چاپکراوی خولەکی دەربکات, تەنانەت هاووڵاتییەکی رووسی وەیان بولگاریی, یان تورکی تەنانەت سۆماڵیش وەیان ئەفغانی.. ئەگەر لەسنووری حکومەتی هەرێمدا نیشتەجێبن, بەپێی ئەو پێشنیازە مافی دەرکردنی چاپکراوی خولەکییان دەبێت . بۆیە, ئەم پێشنیازە سنوورەکانی ئازادیی چاپەمەنیی فراوانتر دەکات" وەك لەوەی کەهەیەو بگرە زیاتریش گشتگیرە. سەرنجبدەن لەو خاڵەدا کەپارلەمان دایرشتووە, هاتووە: هەموو هاووڵاتییەکی عێراقی نیشتەجێی هەرێم ...., بەڵام لەوپێشنیازەدا هەموو هاووڵاتییەك دەگرێتەوە کەنیشتەجێی هەرێم بن. هەڵبەت ئەگەر ئەو پێشنیازە پەسەندبکرابایە روویەکی گەشتری یاساکەی نیشاندەدا, بەڵام دەبینین ئەو برگەیەی کەپەسەندکراوە تیایدا ئاماژە بەوەکراوە جگە لەهاووڵاتییانی عێراقی، ئەویش

بەمەرجێك نیشتەجێی هەرێم بن, کەسیتر مافی دەرکردنی چاپکراوی خولەکی نییە. هەربۆیە, ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی لەپێشنیازێکیدا کە لەو دانیشتنەدا دەیخاتە روو, هەمان بۆچوونی هەیەو پێیوایە باشترە ئەوە دیارینەکرێت هاوولاتییەکان عێراقیبن و نیشتەجێی هەرێم بن, چونکە ئەگەر سبەینێ کوردێکی ئێران, یان سووریا ئارەزووی کرد لێرە (مەبەست هەرێمی کوردستانە ـ مەم) رۆژنامەیەك یان گۆڤارێك دەربکات, بەپێی ئەو برگەیەبێت ناتوانێت چاپکراوەکەی دەربکاو بەشداریی لەپەرەپێدانی کولتووری راگەیاندنی ئێمەدا بکات[٣٢] .

دەربارەی ئەوەیشی کەدەبێت داخوازیی پێشکەش بەوەزیر بکرێت, پێشتر ئاماژەم بەوەکرد کە ئەوپێشنیازە لەلایەن بارزان مەلا خالیدەوە خراوەتە روو و دواتر لەناو گفتوگۆکانی پارلەمانیشدا بێ ئەوەی ئیستێکی لەبەردەمدا بکرێت پەسەندکراوە, ئەمە لەکاتێکدایە لەولاتێکی وەکو تورکیادا دەرکردنی رۆژنامە پێویست بەرەزامەندی وەزارەتی رۆشنبیری یان حکومەت ناکات, هەروەك چۆن لەپرۆژە پێشنیازکراوەکەی حسێن عارف ـ یشدا تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە.

لەخاڵی دووەمی هەمان بەنددا هاتووە: وەزیر دەبێ لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەرۆژی تۆمارکردنی داخوازییەکەوە لەلای وەزارەت بڕیاری خۆی لەبارەیەوە بدا.

ئەم خاڵەیان روون و ئاشکرایە, تیایدا زیاتر تەئکید لەوە دەکرێتەوە نابێت داخوازی رۆژنامەنووسان لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە وەلابنرێ" سەبارەت بەتۆمارکردنی داخوازییەك بۆ دەرکردنی رۆژنامە، یان هەر چاپکراوێکی خولەکی, پێویستە بەر لەتەواوبوونی ئەو ماوەیە کە(٣٠) رۆژە, وەزیر وەڵامی داخوازییەکە بداتەوە. ئەگەر هیچ وەڵامێك لەو ماوەیەدا لەلایەن وەزیرەوە نەدرایەوە, ئەوا چاپکراوە خولەکییەکە (وەك لەداخوازییەکەدا هاتووە) بەرێپێدراو دادەنرێن, وەك چۆن لەخاڵی سێیەمی هەمان بەندا ئاماژەی بۆکراوەو بەمشێوەیە: ئەگەر وەزیر لەوماوەیەی برگەی (٢)دا[٣٣] بڕیاری خۆی نەدا, چاپکراوە خولەکییەکە لەرووی یاساییەوە بەرێپێدراو دادەنرێ.

خاڵی چوارەمیش هەر تایبەتە بەچۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی و داخوازی هاوولاتییانی نیشتەجێی هەرێم بۆ دەرکردنی چاپکراوی خولەکی. لەم خاڵەدا, ئاماژە بەوەکراوە ئەگەر داخوازیی هاوولاتییەك کەداخوازیی پێشکەشکردووە رەتکرایەوە, ئەوا کەسەکە (ئەوەی داخوازییەکەی رەتکراوەتەوە) بۆی هەیە لەماوەی دە رۆژدا, لەو رۆژەوەی پێی رادەگەیەنرێ, لەلای دادگای پێداچوونەوە (تمیز)ی هەرێم تانووت لەبڕیاری وەزیر بداو دواتر بڕیاری دادگایش بنبڕ (ÌÚØÞ) دەبێت. ئەم بوار رەخساندنە بۆ هاوولاتییان لەحاڵەتی پەسەندنەکردنی داخوازییەکانیاندا بۆ دەرکردنی چاپکراوی خولەکی, خاڵێکی گەشی یاساکەیە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە, کەمی ئەو وادەیەیە کە بۆ هاولاتییەکە دانراوە (دیسانەوە مەبەست ئەو کەسەیە کە داخوازییەکەی رەتکراوەتەوە) کە تەنها لەماوەی دە رۆژدا ئەو مافەی دەبێت. لەکاتێکدا لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیدا (کە ئەگەر بەراوردیبکەین بەم یاسایە, دەبینین تیایدا کاری رۆژنامەنووسیی و چاپەمەنیی زۆر سنووردار کردووەو دەیان کۆت و بەندی داناوە) ئەو کەسەی لەلایەن وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندنەوە داخوازییەکی لەبارەی دەرکردنی چاپەمەنییەکی خولەکی رەتدەکرێتەوە, کەسەکە بۆی هەیە لەماوەی پانزە رۆژدا, واتا پێنج رۆژ زیاتر لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان, داخوازیی پێشکەش بەئەنجومەنی وەزیران بکات (کە دەسەڵاتەکەیشی لەدەسەڵاتی پیاداچوونەوە (تمیز)ی هەرێمی کوردستان بەرزترە) وە ئەوکات بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دوابڕیارو قەتعی دەبێت[٣٤] .

www.kurdistanet.org

بەندی شەشەمی ئەم یاسایە" بەسەر دووخاڵدا دابەش بووە. یەکەمیان بەمشێوەیەیە: چاپکراوی خولەکی لەکاتی دەرچوونی یەکەم ژمارەیەوە دەبێتە خاوەنی بوون (وجود)ی یاسایی خۆیو ئەگەر خاوەنەکەی ویستی ئەو بوونەی نەهێڵێ, دەبێ بەنووسین وەزارەتی لێ ئاگاداربکاو ئەوساڵە ڕۆژی تۆمارکردنی ئاگادارکردنەوە لەلای وەزارەت بوونە یاساییەکەی نامێنێ.

دەربارەی ئەم خاڵە" کەچاپکراوی خولەکی کاتێك دەبێتە خاوەنی بوون کە یەکەم ژمارەی لێدەربچێت, حسێن عارف لەیەکەمین دانیشتنی پارلەماندا کەتایبەت بووە بەگفتوگۆکردن لەبارەی ئەم یاسایەوە, پێیوابووە دەبوا بوترایە لەوکاتەوەی کەمۆڵەتەکە دەردەچێت" چاپکراوەکە دەبێتە خاوەنی بوون[٣٥] . ئەم پێشنیازەی حسێن عارف کەبەلامەوە زۆر بەجێیە لەودانیشتنەی پارلەماندا پەسەند نەکراوە. گرنگی ئەو پێشنیازە لەوەدایە کاتێك ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك مۆڵەتی یاساییان بۆ دەردەچێت, ڕەنگە دوای مانگێك یەکەمین ژمارەیان لێدەربچێت. گریمان لەو ماوەیەدا کەمۆڵەتی ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکە دەرچووەو هێشتا یەکەمین ژمارەیشیان لێدەرنەچووە, لەو ماوەیەدا ئەگەر ڕۆژنامەکە یاخود گۆڤارەکە زنجیرەیەك چالاکیی ڕۆژنامەنووسیی ئەنجام بدەن (وەك سازکردنی چەند کۆڕێك یاخود چەند مێزگردێکی ڕۆژنامەنووسیی) کە لەقازانجی ئاسایشی نەتەوەییدا نەبێت, ئەوکات چۆن لەوچالاکییانە دەڕوانرێ, لەکاتێکدا ڕێکخەری چالاکییەکان مۆڵەتی یاسایی هەیە, وە ئایا دەشێت بوترێت ڕێکخەری چالاکییەکان کەیەکێکە لەڕۆژنامە یان گۆڤارە مۆڵەتپێدراوەکان، هیچ بوونێکی یاسایی نییە؟ هەڵبەت وەڵامدانەوە نەخێرە. بۆیە, شیاوتربوو لەم خاڵەدا ئەو پێشنیازەی حسێن عارف بەهەند وەربگیرابایە, نەوەك دەرچوونی یەکەمین ژمارەی چاپکراوە خولەکییەکە پێوەری بوونی یاسایی چاپکراوەکە بێت. هەر دەربارەی ئەو پێشنیازەی حسێن عارف کەبوونی یاسایی ڕۆژنامە بەڕۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەیەوە دەبەستێتەوە, نەوەك بەدەرچوونی یەکەمین ژمارەیەوە, ئەگەر سەرنج بدەینە یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ی پارلەمانی کوردستان کەبەیاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ناسراوە, دەبینین لەبەندی هەشتەمی ئەو یاسایەدا ئاماژە بەوە کراوە "حزب لەڕۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەیەوە دەبێتە خاوەنی کەسایەتیی مەعنەوییو بۆی هەیە چالاکیی خۆی بنوێنێو ... "[٣٦]. هەروەها لەم خاڵەی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانو لەتەواوی خاڵو بەندەکانی تری ئەم یاسایەدا, وادەیەك دەستنیشان نەکراوە" لەحاڵەتی ئەوەی چاپکراوێکی خولەکی کاتێك مۆڵەتی یاسایی دەدرێتێ, ئەگەر دوای ماوەی چەند ڕۆژ یان چەند مانگ بڵاوکراوە خولەکییە مۆڵەت پێدراوەکەی چاپنەکرد, مۆڵەتەکەی بەتاڵ دەبێتەوە, وەك دەزانین لەیاسای چاپەمەنیی عێراقی ژمارە(٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨دا, بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانە یان ئەو ڕۆژنامانەی لەهەفتەیەکدا زیاتر لەجارێك دەردەچن (٣٠) ڕۆژی داناوەو بۆ چاپکراوی هەفتانەیش (٦٠) ڕۆژو بۆ ڕۆژنامەیش کە لەمانگێکدا دووجار دەربچێت (٩٠) ڕۆژو بۆ چاپکراوی مانگانەیش (١٢٠) ڕۆژو چاپکراوێکیش سێ مانگ جارێك دەربچێت, واتا فەسڵی بێت (٦) مانگ دانراوە, بۆ چاپکراوی ساڵانەیش دووساڵ دانراوە[٣٧] . هەڵبەت, دانانی ماوەیەکی دیاریکراو کارێکی بەجێیە" و دواتر پاڵنەردەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەسەی مۆڵەتەکەی دراوەتێ دەستوبرد بکات لەدەرکردنی بڵاوکراوە خولەکییە مۆڵەتپێدراوەکەی. دەمەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەیش ڕابکێشم مەبەستم لەوەنییە وادەیەکی کەم دابنرێت وەك لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیدا هەیە, بەڵکو ئەگەر وادەکە زیاتر بێت, ئەمەیش زیاتر لەخزمەتی ڕۆژنامەنووسانو کاری ڕۆژنامەنووسیدا دەبێت. وەبڕوایشم بەوە هەیە دانانی وادەیەکی دیاریکراو و بەئاستی جیاواز بۆ هەریەك لە جۆری بڵاوکراوەکان لەڕۆژانەوە تا ساڵانە, دەبێتە دەستنیشانکردنی جۆرێك لەمەسئولیەتو هاوکات پابەندکردنی مۆڵەتپێدراوان لەوەی کەمتەرخەم نەبن لەدەرکردنی چاپکراوە خولەکییە

مۆڵەتپێدراوەکەیان. بەڵام ئەم حاڵەتە وەك پێشتر هێمام بۆیکرد, بەهیچ شێوەیەك لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا نییە,و دەستنیشانی هیچ وادەیەك نەکراوە کەلێرەدا جێگای سەرنجدانمانەو بەهیچ جۆرێك یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ڕۆنەچووەتە نێو ئەو وردەکارییانەوە" وەك لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیدا هەیەو پێشتر ئاماژەم بۆیکرد. بەڵام لەساڵی ١٩٩٩دا (واتا حەوت ساڵ دوای دەرچوونی ئەم یاسایە!) لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسلێمانی, ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ی تایبەت بەجێبەجێکردنی یاسای چاپەمەنیی ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە[٣٨] . لەخاڵی سیانزەیەمینی ئەو ڕێنماییەدا بەوردی ڕۆچووەتە نێو ئەم لایەنەوە" بەوەی ئەگەر دەرچوونی هەر گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەك, لەپاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت بۆ ئەم ماوانەی خوارەوە دواکەوت, یان وەستا, مۆڵەتەکەی پوچەڵدەبێتەوە, ماوەکانیش بەمشێوەیەن:

- ٣٠ ڕۆژ بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانە.
- ٦٠ ڕۆژ بۆ ڕۆژنامەی هەفتانە.
- ٦٠ ڕۆژ بۆ ڕۆژنامە" ئەگەر مانگی دووجار دەربچێت.
- ١٢٠ ڕۆژ بۆ ڕۆژنامەی مانگانە.
- ٦ مانگ بۆ چاپەمەنیی وەرزی .
- ٣ ساڵ بۆ چاپەمەنیی ساڵانە.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەم ڕێنماییانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاپەمەنیی و تایبەت بەو لایەنە دەریکردوون, بەرادەیەکی زۆر لەو چەند خاڵە دەچن کەلەخاڵی پێنجەمی بڕگەی یەکەمی بەندی بیستو حەوتەمی یاسای چاپەمەنیی عێراقیدا ئاماژەیان بۆکراوە[٣٩] و هەندێك جیاوازی بچوك هەیە, ئەویش ئەوەیە لەیاسای چاپەمەنی عێراقیداو بۆچاپکراوی نیومانگی (٩٠) ڕۆژ دانراوە. بەڵام لەو ڕێنماییانەدا تەنها (٦٠) ڕۆژ دانراوە. بۆ چاپکراوی ساڵانەیش, لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیدا دوو ساڵ دانراوە, بەڵام لەو ڕێنماییانەی وەزارەتدا سێ ساڵ دانراوە[٤٠] . وێڕای ئەو دوو جیاوازییە, لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیدا چاپکراو (ÚæÈØã) ناوی هاتووە, وەك چاپکراوی نیومانگی یان مانگانە وەیاخود فەسڵی ... بەڵام لەو ڕێنماییانەدا, لەجیاتی زاراوەی چاپکراو, ڕۆژنامە دانراوەو نووسراوە ڕۆژنامەی هەفتانە یان ڕۆژنامەی نیومانگی، یاخود ڕۆژنامەی مانگانە. ئەم دەستەواژە لەڕووی زمانەوانییەوە هەڵەیە, چونکە ڕۆژنامە ناوەکەی بەخۆوەیە, واتا نامەی ڕۆژانە. ڕۆژنامە کاتێك ڕۆژنامەیە ڕۆژانەو بەبێ پشوو دەربچێت, کە تانووسینی ئەم باسە ڕۆژنامەمان نییە لەهەرێمی کوردستاندا ڕۆژانەو بەبێپشوو دەربچێت . ئیشکال لەوەدایە ناوی ڕۆژنامەی مانگانە هاتووە, کەلەجیاتی ئەوە, شیاوتربوو چاپکراوی مانگانە یان مانگنامە بنووسرابایە, ئەمە لەکاتێکدایە وشەی ڕۆژنامە کە (Journalism)ی پێدەوترێت, لەوشەی (diurnalism)ەوە هاتووە"کەوشەیەکی لاتینییەو بەمانا ڕۆژانە (daily) دێت[٤١] . دەربارەی سڕینەوەی بوونە یاساییەکەیشی کەدەبێت خاوەنەکەی بەنووسین وەزارەتی ڕۆشنبیری لێ ئاگادار بکات, ئەوکاتە لەڕۆژی تۆمارکردنی ئاگادارکردنەوە لەلای وەزارەت بوونە یاساییەکەی نامێنێت. هەڵبەت ئاگادارکردنەوەی وەزارەت لەنەهێشتنی بوونی یاسایی چاپکراوێکی خولەکی لەلایەن خاوەنەکەیەوە" کارێکی پێویستە. ئەگەر لەکۆتایی ئەم خاڵەدا وادەستنیشان بکرابایە کە لەکاتی ئاگادارکردنەوەکەوە بوونە یاساییەکەی نەسڕێتەوە, بەڵکو لەوکاتەدا بوونە یاساییەکە نامێنێ، لەدوای ئاگادارکردنەوەی وەزارەت لەلایەن خاوەنەکەیەوەو بڕیاری پەسەندکردنی نەهێشتنی بوونی یاسایی چاپکراوە

خولەکییەکە لەلایەن وەزارەتەوە دەربچێت, چونکە ئەگەر لەحاڵەتێکدا دەرنەچیٚو هاوکات خاوەنی چاپکراوە خولەکییەکە لەداخوازییەکەی پەشیمانبێتەوە سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی بوونی یاسایی چاپکراوەکەی, ئەوکات ئەگەر بەپێی ئەم خاڵەبێت ئەو داخوازییەی دواتری دادی ناداو تازە بوونی یاسایی چاپکراوە خولەکییەکە نەماوەو خاوەنەکەی دەبێت داخوازییەکیتر بۆ چاپکراوێکیتر پێشکەش بکات. بۆیە, بۆ سڕینەوەی بوونی یاسایی چاپکراوێکی خولەکی, لەوکاتەدا نەبێت کەخاوەنی چاپکراوەکە بەنووسراوێك وەزارەت ئاگاداربکاتەوە, بەڵکو چاکتروایە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەو یەکجارەکی, پەسەندکردنی وەزارەت بێت بۆ نووسراوی ئاگادارکردنەوەی خاوەنەکەی کە لەوبارەیەوە پێشکەشی وەزارەتی کردووە.

لەخاڵی دووەمی ئەم بەندەدا, باس لەوەدەکرێت دەشێت خاوەنی ئیمتیاز، وەیان سەرۆکی نووسین ــ مەبەست سەرنووسەرە ــ وەیان هەردووکیان پێکەوە بگۆڕێن" بەمەرجێك وەزارەتی لیٚ ئاگادار بکرێتەوە ئەم خاڵە, ڕۆنەچووەتە نێو قولاٚیی ئەو ئاگادارکردنەوەیەی وەزارەتو زۆر ڕوون نییە, هەربۆیە لێرەدا چەند پرسیارێك قوت دەبنەوە: ئایا کاتێك وەزارەت لەو گۆڕینە ئاگاداردەکرێتەوە, مۆڵەتی چاپکراوەکە بەهەمان ناوەوە دەمێنێتەوە؟ وەئایا ئەو مۆڵەتە یاساییە چیلێدێت کە بەناوی خاوەنی ئیمتیازەوەیەو خاوەنی ئیمتیازیش داوای پێشکەشکردووە بۆ دانانی کەسێکیتر لەجێگای؟ لەحاڵەتی گۆڕینی خاوەنی ئیمتیازدا, ئایا مۆڵەتێکی تری یاسایی بۆ چاپکراوەکە دەردەچێت؟ ئەگەر مۆڵەتێکیتری یاسای دەردەچێت، ئایا چاپکراوەکە بەهەمان ناوەوە دەمێنێتەوە؟ ... بۆیە، دەبوو لێرەدا زیاتر ڕۆشنایی بخرابایەتە سەر چۆنیەتی گۆڕینی خاوەنی ئیمتیازو چۆنیەتی ئاگادارکردنەوەی وەزارەتو دواتر چۆنیەتی بڕیاری وەزارەت لەوبارەیەوە.

لەبەندی حەوتەمدا هاتووە: دەبیٚ خاوەنی (ئیمتیاز)ی چاپکراوی خولەکی بەپێی حاڵی چاپکراوەکە دەفتەری تۆماری یاسایی ئوسووڵی (ÊíáæÕçáÇ ÊíäæäÇÞáÇ ÊÇáÌÓáÇ)ی سەلمێنراو لەلایەن دادنووسەوە ڕێکبخا.

ئەم بەندەیان زیاتر کاروباری ڕۆتینییەو پەیوەندی بەخاوەنی ئیمتیازەوە هەیە" کەپێویستە بەپیٚی جۆری چاپکراوەکەی, هەڵبەت مەبەست چاپکراوی خولەکییە, وە ئایا جۆری ئەوچاپکراوە ڕۆژنامەیە, یان گۆڤارە... بەپێی ئەو تایبەتمەندێتیانە دواتر زانیارییەکان لەنێو دەفتەری تۆماری یاسایی ئوسوڵیدا تۆماردەکرێنو لەلایەن دادنووس (کاتب عدل)ەوە ڕێك دەخرێن. لەمبارەیەوەو بۆ بەدەستکەوتنی زانیارییەکانی نێو ئەم دەفتەری تۆماریی یاساییەی کە بۆ خاوەنی ئیمتیازو لەلایەن دادنووسەوە ڕێکدەخرێت, سەردانی فەرمانگەی دادنووسم کرد لەشاری سلێمانیو زانیارییەکی ئەوتۆم دەست نەکەوتو ئەو دادنووسانەی لەوبارەیەوە قسەم لەگەڵ کردن زانیارییەکی ئەوتۆیان لەمبارەیەوە نەبوو, کەگومانی ئەوەم لادروست بوو پێدەچێت خاوەنی ئیمتیازی چاپکراوە خولەکییەکانمان دەفتەری تۆماری یاسایی ئوسوڵییان لەلایەن دادنووسەوە بۆ ڕێك نەخرابێت, کەئەگەر وابێت مانای ڕەچاونەکردنی ئەو بەندەی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانە, هەرچەندە لەگەڵ هەندێك لەخاوەنی ئیمتیازەکاندا قسەم کرد, بەڵام دواجار ئەوانیش زانیارییەکی ئەوتۆیان لەمبارەیەوە نەبوو. بۆ ئەوەیشی بزانم لەپارلەماندا چۆن لەبارەی ئەم بەندەوە گفتوگۆ کراوەو مەبەست چییە لەتۆماری یاسایی ئوسووڵی, وەدەبێت چی تێدا تۆماربکرێت, بەهەمان شێوە لەو گفتوگۆیانەی پارلەمانیشدا کە لەبارەی ئەم یاسایەوە ڕێکخراون, هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم چنگ نەکەوت" چونکە ئەم بەندە بەبیٚ ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوبۆچوون لەپارلەماندا پەسەندکراوە[٤٢] .

www.kurdistannet.org

بەندی هەشتەمی ئەم یاسایە لەسێ خاڵ پێکهاتووە. لەخاڵی یەکەمیدا ئاماژە بەوەکراوە: ئەوەی دەیەوێت چاپکراوی خولەکی چاپبکات, دەبێت پێشەکی لەلای کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم تۆماریبکاو دانەیەکی وەك خۆی بەوێ بسپێرێ.

لەرووی یاسابیەوە ئەم خاڵە بەجێیە, بەڵام سەیر لەوەدایە تانووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە کەهەشت ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەم یاسایەدا تێپەڕیوە, کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم دانەمەزراوەو رەنگە بەشێکی زۆری هۆکارەکان بۆ شەڕی چەند ساڵەی ناوخۆ بگەڕێتەوە" کەپارلەمان کارا نەبووەو حکومەتی هەرێمیش دووکەرت بووەو بەنیسبەت حکومەتی هەرێم لەشاری سلێمانیدا, بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ وبلاوکردنەوەی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری, رۆڵی کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم دەبینیٚو ئەو کەسەی چاپکراوی ناخولەکی چاپ دەکات, پێشەکی لەلای ئەم بەڕێوەبەرایەتییەدا دانەیەکی وەك خۆی لەچاپکراوە ناخولەکییەکەی (مەبەست کتێبە) بەوێ دەسپێرێت.

دەربارەی ئەم خاڵە, پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسول لەیەکەمین دانیشتنی پارلەماندا کەبۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم یاسایەوە رێکخراوە, پرسیاری ئەوە لەوەزیری رۆشنبیری ئەوکاتە (شێرکۆ بێکەس) دەکات, کە ئایا کتێبخانەیەکمان هەیە بەناوی کتێبخانەی نیشتمانییەوە؟ لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا وەزیری رۆشنبیری بە نەخێر وەڵام دەداتەوەو باس لەوە دەکات بەرەسمی شتێك نییە ناوی کتێبخانەی نیشتمانیی بێت, تەنها پرۆژەیەك هەیە کەکتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم بنیاتبنری"[٤٣]. لەکاتێکدا وەزیری رۆشنبیری بەر لەهەشت ساڵ لەمەوبەر باس لەپرۆژەی دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم دەکات, کەچی (وەك پێشتر هێمام بۆیکرد) تائێستا ئەم پرۆژەیە جێبەجێ نەبووەو کتێبخانەی نیشتمانیی نەبووە بەدامەزراوەیەکی رەسمی. بۆیە, ئەگەر لەرووی یاساییەوە بێت بەتایبەتی ئەگەر بەپێی حاڵی یاسای چاپەمەنییبێت, وەك لەم خاڵەدا ئاماژەی بۆکراوە, نابێت کەس چاپکراوی خولەکی دەربکات, تاوەکو دانەیەکی نەداتە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم کە تائێستا لەدایك نەبووە, بۆیە, دەبوا داڕێژەرانی ئەم یاسایە, بەتایبەتی لەگفتوگۆکانی پارلەماندا لەمبارەیەوە نەبوونی کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمیان بەهەند وەربگرتبایەو هیچ نەبوایە لەوخاڵەدا یان لەخاڵێکی تری ئەو بەندەدا ئاماژە بەوە بکرابایە تا ئەوکاتەی کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم دادەمەزرێت, بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ وبلاوکردنەوەی سەر بەوەزارەت بەو کارە هەڵدەستێت.

لەخاڵی دووەمی هەمان بەندا هاتووە: ئەوەی چاپکراوی ناخولەکی دەدات بەچاپکردن, دەبێ دوای چاپکردنی چەند دانەیەکی بسپێرێت بەکتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم.

دیسانەوە, دانەمەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم لێرەدا دەبێتەوە جێگای پرسیار" کەتائێستا فەرامۆشکراوە, و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بلاوکردنەوە ئەم رۆڵەی تریش دەبینیٚ.

لەم خاڵەدا, دەستنیشانی ئەوە نەکراوە دەبێت خاوەنی چاپکراوی ناخولەکی (بەتەحدید) تیراژی چەند دانە بە"کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم"ی لەدایك نەبوو بسپێرێ" وەك لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیدا دەستنیشانکراوە[٤٤]. ئەوە نەبێت لەڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ کە بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ (واتا دوای زیاتر لە شەش ساڵ بەسەر دەرچوونی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا!) دەرچووە, ئاماژە بەوە کراوە هەموو رۆژنامەیەك کە بەمۆڵەتی وەزارەت دەردەچێت, دەبێ (١٥) دانەی بدرێتە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بلاوکردنەوە, هەروەها دوو دانەیش بۆ داواکاری گشتی (الادعاء العام). هەموو ئەو کتێب و گۆڤارانەیشی کە بە مۆڵەتی وەزارەت چاپدەکرێن، دەبێ (١٠) دانەیان لێبنێررێت بۆ

وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ وبلاوکردنەوە[٤٥] . ئەگەر لێرەدا قەوسێك بكەمەوەو بگەڕێمە بۆ مەسەلەی دامەزراندنی كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم, پێم باشە ئاماژە بەوە بكەم پرۆژەی دامەزراندنی ئەم كتێبخانەیە ساڵێك بەر لەدەرچوونی یاسای چاپەمەنیی خراوەتە بەرنامەو پرۆژەی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە, هەروەکو چۆن لەخاڵی چوارەمی بەندی دووەمی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢, کەیاسای وەزارەتی رۆشنبیرییەو بەژمارە بڕیاری (٣٦)و لەرۆژی ١٦/١١/١٩٩٢داو بەئیمزای خوالێخۆشبوو نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا (جێگری سەرۆکی پەرلەمان) وەك بریكاری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ئیمزایکردووە، هاتووە[٤٦] .

ئەگەر سەرنج بدەینەوە ئەو رێنماییەی کەپێشتر هێمام بۆیکرد" کەوا لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە دەرچووە, دەبینین باس لەوەدەكات هەر كتێب و گۆڤارێك كە بەمۆڵەتی وەزارەت چاپ دەكرێت, دەبێ (١٠) دانەی بنێررێت بۆ وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ وبلاوکردنەوە[٤٧] . سەیر لەوەدایە تائێستا هیچ رۆژنامەیەك ئەو رێنماییەی جێبەجێنەكردووە, جگە لەژمارەیەكی كەمی خاوەن كتێب و گۆڤارەكان نەبێت[٤٨] . لەكاتێكدا باس لەسەرپێچی خاوەنی چاپكراوە خولەكی و ناخولەكییەكان دەكەم لەم رێنماییانەدا, دەخوازم جارێكیترو لێرەدا قەوسێكیتر بكەمەوەو ئیستێك لەبەردەم خاڵی چوارەمی ئەو رێنماییانەدا بكەم کەداوادەکات هەموو گۆڤارو رۆژنامەیەك دەبێ(١٥٠٠) دینار رەسمی مۆڵەت بدات و هەزار دینار ساڵانە بۆ رۆژنامەی رۆژانەو ( ٥٠٠) دینار ساڵانە بۆ رۆژنامە یان گۆڤاری هەفتانەو مانگانەو وەرزی بداتە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بلاوكردنەوە. نامەوێت لەرووی زمانەوانییەوە لەبارەی ئەم خاڵەوە بدوێم, وەك پێشتر وتم رۆژنامە كاتێك رۆژنامەیە رۆژانە دەربچێت و لێرەداو لەبەشی دووەمی ئەم خاڵەدا رۆژنامەی هەفتانە یان مانگانەو وەرزی ناوی هاتووە, کەهەفتەنامە ویان مانگنامەو وەرزنامە شیاوتربوو . ئەم داوایەی لەم خاڵەی ئەم رێنماییەدا هاتووە, بەهیچ شێوەیەك لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانداو هەروەها لەیاسای وەزارەتی رۆشنبیریشدا ئاماژەی پێنەکراوە[٤٩] . بۆیە, ئەم داخوازییە لەخۆیدا سەرپێچیكردنی بەندو حوكمەكانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیرییە، و مانای وەرگرتنی باجە بەبێ سەنەدی یاسایی.

لەخاڵی سێیەمی ئەم بەندەدا, ئاماژە بەوەكراوە دەبێت لەچاپكراوی ناخولەكیدا, ناوی دانەرو وەرگێڕو ساڵی چاپكردن و ناوی چاپخانەكەی كەلێی چاپدەكرێ, لەگەڵ ژمارەو رۆژی سپاردنی بەكتێبخانەی نیشتمانیی و تیراژی چاپكردنی تێدابێت.

ئەو خاڵەیان روون و ئاشكرایەو سەرنجێكی ئەوتۆ هەڵناگرێت, تەنها شتێك کەدیسانەوە ناچار دەبین بیڵێین ئەوەیە تائێستا كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێممان نییە.

لەبەندی نۆیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە: بلاوكردنەوە (النشر) لەو بابەتانە قەدەغەن كەهانی كردنی تاوان و كاری تیرۆریستی (الارهاب) دەدەن و رێوشوێنی بۆ خۆش دەكەن و تین و توانای بۆ دابین دەكەن, یاجنێو تانوت لێدان و ناوزڕاندنی كەسانیان تێدابێ, یا دەستدرێژییان بۆ سەر حورمەتی ئایین و مەزەبەكان و دابونەریت و سیستمی گشتی.

ئەگەر بەدیقەتەوە ئەم بەندە بخوێنینەوە, هەستدەكەین تەواو پێچەوانەی بەندی دووەمی هەمان یاسایە, کەپێشتر ئاماژەمان پێكرد" بەوەی چاودێری (رقابە) لەهەرێمدا ناخرێتە سەر چاپەمەنیی و هەر هاوڵاتییەك سەربەستە لەدەركردنی هەر چاپەمەنییەكدا, بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە. لەبەندی دووەمی ئەم یاسایەدا, باس لەنەبوونی چاودێری (رقابە) كراوە بەسەر چاپەمەنییەكانەوە, بەلام دواجار ئەم بەندە ملكەچی حوكمەكانی

ئەم یاسایەو حوکمەکانی ئەم یاسایەش تەواوی بەندەکانو برگەکانی ئەم یاسایە دەگرێتەوە کەتیایاندا لەبارەی ئازادیی رادەربڕینو چاپەمەنییەوە دواوونو سنوورەکانیان دەستنیشانکردووە. یەکێك لەحوکمەکانی ئەم یاسایەو سەبارەت بەئازادیی چاپەمەنیی و سنوورەکانی ئەو ئازادییە، لەرێی بەندی نۆیەمەوە بەئاشکرا قسەی لەبارەوە کراوەو لایەنەکانیشی تیادا دەستنیشانکراوە" بەوەی نابێت لەچاپکراوەکاندا هانی کاری ترۆریستیو جنێو و تانووت لێدانو دەستدرێژیکردنە سەر حورمەتی ئایینو مەزهەبەکانو دابونەریتو سیستەمی گشتی تێدابێت. ئەم تەوەرانەی لەم بەندەدا دەستنیشانکراونو بوونەتە هێڵی سوورو نابێت لەچاپکراوەکانماندا بیانبەزێنین، دەشێت بەدیوێکدا ئەگەر قسەی لەبارەوە بکەین بگەینە ئەو بەرەنجامەی کەوا لایەنی ئیجابیان تێدایە بەڵام ئەگەر بەدیوەکەی تردا لەبارەیەوە بدوێین هەستدەکەین ئەم بەندەو تابۆکراوەکانی ناوی، لاستیکیەتیان تیایەو هێندە گشتگیرن تەنانەت شەیتانیش دەتوانێت لەسایەی ئەو بەندەدا داکۆکی لەخۆی بکاتو هاوکات دەشتوانرێت فریشتەیشی پێ تاوانبار بکرێت. دەشێت بەشێکی زۆری چاپکراوەکان ئەگەر رەخنەی بونیادنەرانەیش بن، بەسوکایەتیکردن بەدابونەریت، وەیان سیستەمی گشتی تاوانبار بکرێن، لەبەرئەوەی لەخۆیدا دابونەریت لەبەرەنجامی پەیوەندییە گشتییەکانو لەهەناوی کۆمەڵگاوە دێتە بوون، کۆمەڵگا بەکارە چاكو خراپییەکانیەوە. سیستەمی گشتیش، لەکۆی پەیوەندیی تاکەکانی کۆمەڵگاوە دێتەبوون. ئەم دوولایەنە زۆر گشتگیرنو ئەم حاڵەتەیش وایکردووە زۆر کەسو لایەن بتوانن بەپشت بەستن بەم لایەنە چاپکراوەکان تاوانباربکەنو دواجار سنوورەکانی رادەربڕینو کاری رۆژنامەنووسیی تەسك بکەنەوە.

لەکاتێکدا ئەم دوولایەنە بەئیشکالی ئەم بەندەی دەزانم، هاورام لەوبارەیەوە کەنابێت چاپکراوەکان تانووت لەکەسانیتر بدەنو سوکایەتییان پێبکەن، چونکە هیچ مرۆڤێك مافی پێشێلکردنی ئازادیو بەها پیرۆزەکانی کەسانی تری نییە، وەك چۆن سارتەر دەیگوت: "تۆ تا ئەو شوێنە ئازادی کەئازادیی کەسانیتر پێشێل نەکەیت". یان: ئازادی هەمووکەسێك لەوێدا کۆتایی پێدێت کەسووکایەتی بە مافو ئازادیی کەسانیتر بکات. هەڵبەت جەوهەری ئازادیش لەئیلتیزامەوە سەرچاوە دەگرێ، ئیلتیزام بەکردەی هەڵبژاردنەوە، ئیلتیزام بە بەها جوانو پیرۆزەکانی مرۆڤایەتییەوە.

بەپێی ئەم بەندە، هەرچاپکراوێك ئەگەر ملکەچی رێنماییو راسپاردەکانی ئەم بەندە نەبێت، ئەوا قەدەغە دەکرێو بەتاوانی بلاوکردنەوە (جرائم النشر) دادەنرێت. لێرەدا، دەخوازم بەرلەوەی لەبارەی تاوانی بلاوکردنەوەوە بدوێم، پێشتر رۆشنایی بخەمە سەر ئەو بنەما گشتییانەی دەبێت لەچوارچێوەی ئازادیی راگەیاندندا بەهەند وەربگیرێن" کە ئەمانەن:

1) پارێزگاریکردنی دەوڵەت لەدوژمنکاریی ناوخۆو دەرەکیدا.
2) پاراستنی رەفتارو رەووشتی گشتی .
3) پارێزگاریکردن لەشەرەفو کەرامەتی هاووڵاتیان.
4) باشرەویی دادپەروەریی[٥٠] .

هەریەك لەو بنەمایانەیش چەندین لایەنیتر دەگرنەوە. هەر لەمبارەیەوە رۆشنایی زیاتر دەخەمە سەر تاوانی بلاوکردنەوە، بۆ نمونە لەیاسای فەرەنسیدا (یاسای چاپەمەنیی فەرەنسی لەساڵی ١٨٨١دا دەرچووەو بەسەرچاوەی یاسای چاپەمەنییەکان لەوڵاتانی جیهاندا دادەنرێت بەتایبەتی لەنیشتمانی عەرەبیدا. لەمبارەیەوە بروانە: ÙÝÇÍ äíÏáÇÍÇáÕ, هـ. س. پ ... ل١٢٢. هەروەها لەرۆژی ١٨١٩/٥/١داو لەوڵاتی فەرەنسادا ئازادیی رۆژنامەنووسیی راگەیاندراوە. لەمبارەیەوە شەوی ٢٠٠١/٥/٢\١ و لەکەناڵی ئاسمانی سووریا و لەگۆشەی

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

"ÉÑßÇÐ الايام"دا ئاماژەی پێکرا) تاوانی بڵاوکردنەوە بەمجۆرە دەناسرێ: "مەبەست لەتاوانی بڵاوکردنەوە, ئەو تاوانەیە کە لەڕێگای رۆژنامەوە، یان خوتبەی گشتی, یان هەڕەشەکردنی گشتی, یان هاوارکردن لەشوێنی گشتیدا, یان لەرێگای کاغەزێکی نووسراوەوە, یان چاپکراوێك" کە بۆ بڵاوکردنەوە یان فرۆشتن بێ" یان پیشاندانی لەشوێنی گشتیدا وەك ئیعلانات, یان وێنەی نیشاندراو بۆجەماوەر ... ئەنجام دەدرێت"[٥١].

هەروەها بەپێی بەندی ١٣ لەیاسای رۆژنامەنووسیی فەرەنسی بەرانبەر بە ١٩٤٤/٨/٢٨, دەربارەی ناوزڕاندن (تشهیر)کە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی بڵاوکردنەوەوە, ئاماژە بەوەکراوە ئەگەر کەسێك لەرۆژنامەیەکدا تەشهیری پێکرا, پێویستە لەسەر ئەو رۆژنامەیە لەماوەی سێ رۆژدا لەوەرگرتنی وەڵامی تەشهیرەکەیدا, تەشهیرەکە لەهەمان جێگاو بەهەمان سایز (ØäÈ)ی فۆنتەکەی تەشهیرەکەی پێنووسراوە, وەڵامەکە بڵاوبکاتەوە[٥٢]. هەر دەربارەی تاوانی بڵاوکردنەوە, دەبێت ئەو راستییە بزانین کە داڕێژەرانی یاسا چەندین دیدی جیایان بۆ تاوانی بڵاوکردنەوە هەیە. هەندێکیان پێیان وایە چاپەمەنی هیچ نییە بێجگە لەوەی کەهۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی تاوانێك[٥٣] . هەندێکی تریان پێیان وایە ئەو شتانەی لەچاپکراوەکاندا بڵاودەکرێنەوە، ناکرێت بەتاوان دابنرێن[٥٤] . ئەمە بێجگە لەوەی هەندێکی تر لەیاساناسان پێیان وایە ئەو تاوانانەی بەهۆی چاپکراوەوە دەکرێن, بەتاوانێکی تایبەت دادەنرێن" ئەمەیش لەبەر دووهۆ:

ــ تاوانەکە کار لەئەقڵ دەکات وەك لەجەستە, کە کاریگەریی بەسەر لایەنە فیکریو دەروونییەکان بەجێدەهێڵێ.

ــ لەبەرەنجامی تاوانەکەدا, زیانێکی ماددی راستەوخۆ ناکەوێتەوە" بەڵکو زیان بەسەر هۆشو ئەقڵو دڵەراوکێی دەروونییدا بەجێدەهێڵێ"[٥٥].

دیدێکیتر" وا لەتاوانی بڵاوکردنەوە دەروانێ کە: بەکارهێنانی چاپەمەنیی بۆ ئەنجامدانی تاوانێك زیانەکانی زۆرتر دەکات" لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی چاپکراوەکە وەك هۆکارێك بایەخێکی زیاتر دەخاتە سەر تاوانەکە[٥٦] .

ئەگەر لەو پێناسەو بۆچوونانە رابمێنین کە بۆ تاوانی بڵاوکردنەوەو لەلایەن یاساناسانەوە کراون, راستەوخۆ هەست بەدیدی جیاواز لەیەکتری دەکەین بەرانبەر بەتاوانی بڵاوکردنەوە" بەڵام یەك حەقیقەت هەیە کە هیچ کامیان ناتوانن نکوڵی لێبکەن, ئەویش تایبەتە بەکۆڵەکەکانی تاوانی بڵاوکردنەوە، کەئەوانیش لایەنە شەرعیو ماددیو مەعنەوییەکانن[٥٧] .

لەکاتێکدا یاساناسان کۆك نین لەسەر چۆنیەتی ناساندنی تاوانی بڵاوکردنەوە, دواجار لەقسەکردنماندا لەسەر بابەتە یاساغکراوەکان لەچاپکراوەکانماندا و بەپێی ئەم بەندەی یاسای چاپەمەنیی (وەك پێشتر وتم لاستیکییەتێکی زۆری تیایە) دەیان دیدی جیا لەبارەی تاوانەکانی بڵاوکردنەوەوە دێنەبوونو سنوورەکانی رادەربڕینیش لەحاڵەتی پیادەکردنی ئەو بەندەدا, بەتەواوی لەقاڵب دەدرێن. لەکاتێکدا باس لەتەسککردنەوەی سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین دەکەم کەبەهۆی ئەم بەندەوەو لەم یاسایەدا دروستدەبێت, دەمەوێت ئاماژە بەوەیش بکەم لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیداو لەبەندی شانزەیەمینداو لەکۆی دوانزە خاڵدا تابۆکراوەکان دەستنیشانکراونو نابێت چاپکراوەکان خۆیانی لەقەرە بدەن. لەکۆی ئەو دوانزە خاڵەی ئەو بەندەدا, سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕینو چاپەمەنیی بەرادەیەك تەسککراونەتەوە, نووسەرانو رۆژنامەنووسان بەتەواوی لەقاڵب دراونو کۆتوبەندکراون.

هەروەها, لەیاسای چاپەمەنیی عوسمانیداو لەبەندی سیانزەیەمینیدا, ئاماژە بەوەکراوە هەرکەسێك بەهۆی رۆژنامەوە خەڵکی هانبداتو دژ بە دەوڵەتی پایەداربێت, ئەوا ئەو رۆژنامەنووسەو رۆژنامەکە بەیەکەوە

سزادەدرێن و ئاگاداردەکرێنەوەو رۆژنامەکەیش لەلایەن دەوڵەتەوە بەشێوەی کاتی یا بە بەردەوامی قەدەغە دەکرێت[٥٨] . ئەگەر ئەم بەندەی یاسای چاپەمەنیی عوسمانی بە بەندی نۆیەمی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان بەراوردبکەین, بەروونی هەست بەجیاوازییەکان دەکەین" بەتایبەتی لەڕووی ئەوەی لەم بەندەی یاسای چاپەمەنیی عوسمانیدا, وێڕای قەدەغەکردنی چاپکراوەکە, باس لەسزایش کراوە. ئەم لایەنەیان (مەبەست دەستنیشانکردنی سزایە) نەك بەتەنها لەبەندی نۆیەمی یاسای چاپەمەنیی هەرێمدا, بەڵکو لەتەواوی بەندەکانی ئەو یاسایەدا (مەبەست یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانە) وەلانراوەو باس لەسزادان نەکراوە" بەوەی دەبێت سزای پێشێلکەرانی بەندێك لەبەندەکانی یاساکە چیبێت. ئەمە وێڕای ئەوەی لەبەندی چواردەیەمی یاسای چاپەمەنیی عوسمانیدا، زۆر راشکاوانە دەستنیشانی سزاکان کراوە, کەتیایدا ئاماژە بەوەکراوە هەر رۆژنامەنووسێك شتێك بنووسێت لەگەڵ داب ونەریت و رەووشتی میللەتدا نەگونجێت, یاسوکایەتی تیابێت بەیەکێك لەئاینەکان، ئەوا لە یەك لیرەوە هەتا (٢٥) لیرە (جەریمە) دەکرێت, یان یەك هەفتە هەتا سێ مانگ زیندانی دەکرێت[٥٩] . ئەمە جگە لەوەی لەبەندی پانزەیەمینی هەمان یاسای چاپەمەنیی عوسمانیدا هاتووە: ئەگەر رۆژنامەنووسێ بەرانبەر سوڵتانی پایەدارو خانەوادەی ئەو, وشەو دەستەواژەی ناشایستە بنووسێت, لەشەش مانگ هەتا سێ ساڵ زیندانی دەکرێت, یا لە(٢٥) لیرە هەتا (١٥٠) لیرە (جەریمە) دەکرێت[٦٠] . ئەمە بێجگە لەوەی لەهەمان یاسای چاپەمەنیی عوسمانیداو لەبەندەکانی: شانزەیەم, حەڤدەیەم, هەژدەیەم, نۆزدەیەم, بیستەم, بیست ویەکەم, بیست ودووەم, بیست وسێیەم, بیست وچوارەم, بیست وپێنجەم و بیست وشەشەمدا, ئاماژە بەو بابەتە تابۆکراوانە کراون, بەوەی نابێت چاپکراوەکان خۆیانی لەقەرەبدەن, هاوکات بۆ هەریەکێك لەو لایەنانەی لەو بەندانەدا هاتوون, سزای جیاواز دانراون" کە لەجیاتی ئەوەی یاسای ناوبراو بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسیی و چاپکراوەکان بێت, و ژیانی رۆژنامەنووسان رێکبخات، هەروەك چۆن لەسەرەتادا ئاماژەم بەبۆچوونێکی رۆشنبیری عەرەب "کامل زهیری" کرد" کە لەمبارەیەوە خستوویەتیەروو، دەبینین یاسای چاپەمەنیی عوسمانی بۆ زیاتر لەقاڵبدانی چاپەمەنییە, هەروەك چۆن ئێستایشی لەگەڵدابێت لەدەوڵەتە تۆتالیتێرەکاندا بەهەمان نەفەس یاسای چاپەمەنییان دارشتووەو دایدەرێژن. هەروەك چۆن پێشتر لەباسکردنماندا بۆ مێژووی یاسای چاپەمەنیی عوسمانی و گۆڕانکارییەکانی سوڵتان عەبدولحەمید لەسەر ئەو یاسایە, ئەم حاڵەتەمان روونکردەوە.

لەبارەی ئەوەی پێشتر وتم بەندی نۆیەمی یاسای چاپەمەنیی هەرێم پێچەوانەی بەندی دووەمە, بۆ راستی ئەم بۆچوونەیشم، سەعدی ئەحمەد محەمەد (پیرە) ئەندامی پارلەمانی کوردستان, لەیەکەمین دانیشتنی تەرخانکراوی پارلەماندا بۆ ئەو یاسایە, بەهەمان شێوەو لەموداخەلەیەکیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بەندی نۆیەم تەواو پێچەوانەی بەندی دووەمە[٦١] .

لەهەمان دانیشتنی پارلەماندا, ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندی" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە" لەم بەندەدا کۆت و زنجیر هەیەو لەبەشێکی قسەکانیدا لەوبارەیەوە دەڵێت: "لەوخاڵانەی کەهاتووە (مەبەست لایەنەکانی بەندی ناوبراوە. دەبوا لەڕووی زمانەوانیشەوە بوترایە "لەو خاڵانەی کەهاتوون" ـ مەم) بەڕاستی کۆت و زنجیری تێدایە (دەبوا بوترایە کۆت و زنجیریان تێدایە ـ مەم), ئێمە داوای دیموکراتی و ئازادی دەکەین لەوڵاتەکەمان لەلایەك و لەلایەکی تریش کۆمەڵێك کۆت و زنجیر دادەنێین بۆ خۆمان"[٦٢] .

بەهەمان شێوەو لەهەمان دانیشتنی پارلەماندا, محەمەد تۆفیق رەحیم وەزیری یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاریی ئەوکاتە, لەموداخەلەیەکیداو لەکاتی گفتوگۆکردندا لەبارەی ئەم بەندەوە, جەخت لەسەر ئەوە دەکات

ئەو بڕگانەی دانراون دەستنیشانی ئازادیی بیروڕادەربڕین دەکەن. وەك چۆن لەبەشێکی قسەکانیدا هاتووە: "... کە یاسای چاپەمەنیی دادەنرێت, دەبێت رای دیموکراتی بپارێزێ نەك دیاریکردنی ئەو بڕگانەی کەدانراون, هەمووی دەستنیشانی ئازادیو بیروڕا دەربڕین دەکات"[٦٣] .

لەهەمان دانیشتنی پارلەماندا و لەدواین موداخەلەی ئەو دانیشتنەدا سەبارەت بەئەو بەندە, دیسانەوە سەعدی ئەحمەد محەمەد ئەندامی پارلەمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە, ئەو بڕگانەی لەو یاسایەدا هاتوون, قازانج ناگەیەنن بەدیموکراتییەتی هەرێم ...[٦٤] .

پێشتر باسم لەوە کرد" لەسێ دانیشتنی پارلەماندا ئەم یاسای چاپەمەنییە دوای تاوتوێکردن, پەسەندکراوە. لەکۆتاییەکانی دانیشتنی دووەمدا، گفتوگۆ لەبارەی بەندی نۆیەم کراوەو گفتوگۆکان درێژەیان کێشاوەو دوایین موداخەلەی یەکەمین دانیشتنی پارلەمان بۆ ئەم یاسایە, ئەو موداخەلەیەی سەعدی ئەحمەد محەمەد بووە. لەدانیشتنی دووەمی پارلەمانیشدا کەرۆژی ١٩٩٣/٤/١٤و بەسەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا بەڕێوە چووە, تەواوی ئەو دانیشتنە بۆ تەواوکردنی گفتوگۆکانی تایبەت بە ئەم بەندە تەرخانکراوە. هەر لەودانیشتنەداو لەبارەی ئەم بەندەوە" کەچەندین هێلی سووری تیادانراوەو نابێت چاپکراوەکان خۆیانی لەقەرەبدەن, وێڕای ئەو هێلە سوورانە, فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەنیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق (پارلەمان), پێشنیازی ئەوە دەکات لەو بەندەدا "ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم" زیاد بکرێ[٦٥] . ئەمە لەکاتێکدایە کە"ئاسایشی نەتەوەیی" دیسانەوە لاستیکیەتی تیایەو ناکرێت لەچوارچێوەیەکی تەسکدا قەتیس بکرێ, بەڵکو زۆر فراوانەو دەشێت زۆر لایەنی تابۆکراو لەنێو چوارچێوەی "ئاسایشی نەتەوەیی"دا قەتیسبکرێ, کەقەدەغەکردنی ئەوەی پێی دەوترێت ئاسایشی نەتەوەیی, هێندەی تر مانای لەقاڵبدانی چاپەمەنیی و سنوردارکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسییە. هەروەك چۆن لەوەڵامی ئەو پێشنیازەی سکرتێری پارلەماندا, عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە (ئەندامی پارلەمان) دەڵێت: "من لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی نیم, لێکدانەوەی زۆری تیانەکرێ, (ئەمنی قەومی) زاراوەیەکی فراوانەو ..."[٦٦] .

وێڕای ئەو وەڵامەی عەبدولخالق زەنگەنە, کەهاوڕام لەگەڵیدا, بەدرێژایی ئەو دانیشتنەی پارلەمانو لەلایەن ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پارلەمانەوە, چەندین دیدی جیا لەمبارەیەوە دەخرێنە روو" کەدواتر لەدەنگداندا بۆ ئەم بەندە, بوونی ئاسایشی نەتەوەیی وەك بڕگەیەك فەرامۆش دەکرێت, کە ئەم فەرامۆشکردنەیش لەخزمەتی ئازادیی رادەربڕینو چاپەمەنیدایە.

بەندی دەیەمی ئەم یاسایەیش بەمشێوەیەیە: خاوەنی ئیمتیاز یاسەرۆکی نووسینو نووسەری وتار لەچاپکراوی خولەکیداو پێشکەشکەری چاپکراوی ناخولەکی, لەحاڵەتی سەرپێچیکردنی ئەم یاسایەدا بەپێی یاسا رەچاوکراوەکان دەکەونە بەر لێپرسینەوەی یاساییەوە.

ئەم بەندە, جەخت لەوە دەکاتەوە سەرپێچیکردن لەحوکمەکانی ئەم یاسایە, سەرنووسەرو خاوەنی ئیمتیازو نووسەری وتار بۆ چاپکراوی خولەکی,و بۆ چاپکراوی ناخولەکیش پێشکەشکەری چاپکراوەکە دەکەونە بەردەم لێپرسینەوەی یاساییەوە. ئەم بەندە, لەخۆیدا زەنگێکە بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسانو نووسەران سڵبکەنەوەو سەرپێچینەکەن لەحوکمەکانی یاسای چاپەمەنیی. ئەو بەندە لەوە زیاتر هەڵناگرێت قسەی لەسەر بکرێت. ئەوەنەبێت بۆ چاپکراوی ناخولەکی (وەك کتێب) ناوی پێشکەشکەری چاپکراوەکە هاتووە, و باس لەنووسەرەکەی نەکراوە" کە ئەم لایەنەیان پێویستی بەروونکردنەوەی زیاتر هەیە, چونکە دەشێت لەهەندێك حاڵەتدا پێشکەشکەری چاپکراوی ناخولەکی نووسەرەکەی نەبێت, بۆیە لەحاڵەتێکی لەوجۆرەدا ئەگەر

نووسـەرەکە سەرپێچـی لەیاسـای چـاپەمەنیی هـەرێمی کوردسـتان کردبێـت, بـۆ نمونـە خـۆی لەقـەرەی ئـەو تابۆکراوانە دابێت کە لەبەندی نۆیەمدا هێمایان بۆکراوە, ئەوا بەپێی حوکمەکانی یاسای ناوبراو, لێپرسینەوەی یاسـایی لەگـەڵدا ناکرێـت, چـونکە لـەم بـەندەدا بەهـیچ جۆرێـك نـاوی نووسـەر بـۆ چـاپکراوی ناخولەکـیی نەهێنراوە,بەڵکو تەنها پێشکەشکەر ناوی هاتووە.

بـەندی یانزەیەمیـنی یاسـاکەیش لـەدووخاڵ پـێکهاتووە. لـەخاڵی یەکەمـیدا هـاتووە: ئـەو داوا (دعـوی) گشتییانەی لەسەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەوەشێنەوە, لەلایەن داواکاری گشتی (ÁÇÚÏÇáÇ العام)و بەپەسـەندکردن لەلایـەن وەزیـری دادەوە دەکـرێن, بـەڵام ئـەو داوا تایبەتیـیانەی لـێی دەوەشـێنەوە لەلایـەن زەرەرمەندەوە دەکرێن.

پێشـوەخت دەمـەوێ ڕۆشـنایی بخەمە سەرئەوەی داواکاری گشتی بەرپرسیارە لەوتاوانانەی دەرهەق بەمافی گشـت (حـق العـام) دەکرێن و تاکـە لایەنـە مـافی داکۆکیکردنی رەسمی و ئوسوڵی یاسایی هەیە لەبەردەم دادگادا. هەربۆیـە, ئـەو بابەتانـەی کـە لەچاپکراوەکاندا بڵاودەکرێنـەوەو تانـەو تەشـەریان تێدایە بۆسـەر ئـادابی گشـتیو تێکدانی داب‌ونەریـتو سیسـتمی گشـتی, یاخود دەستدرێژیکردن بن بۆسەر حورمەتی ئایینو مەزهەبەکان, واتا تانەوتەشـەرەکە گشـتگیربێ و تـەنها کەسـێکی دیاریکـراو نەگرێـتەوە, ئـەوا داوایـەکی لـەوجۆرە لەلایـەن داواکـاری گشتی (ÁÇÚÏÇáÇ العام)و دوای پەسەندکردنی لەلایەن وەزیری دادەوە دەکرێن.

بۆئـەوەی بـزانم لـەبواری چاپەمەنیی و ڕۆژنامەنووسـیداو لەهـەرێمی کوردسـتاندا, چـەند داوای گشـتی هـەنو ئامارێکی وردم لەوبارەیـەوە چنگ‌بکەوێـت, تادواتـر لەبارەیانـەوە بدوێـمو ڕۆڵـی داواکـاری گشـتی لـەو داوایانەدا ڕوونـبکەمەوە, سـەردانی وەزارەتـی دادم کـرد لەسـلێمانیی و لـەوێ فایـەق رەشـید ئەحمـەد (سـەرۆکی داواکـاری گشـتی)م بینـی کـە لـە٢٦/١٠/١٩٩٨ـەوە تاکـاتی نووسـینی ئـەم لێکۆڵینـەوەیە لەوپۆسـتەدا کاردەکـات. پـێی ڕاگەیانـدم لەوکاتـەوەی لـەو پۆسـتەدایە، واتـا لـەماوەی نـزیکەی دووسـاڵ‌ونیودا, تـەنها یـەك کێشـە هـەبووە وەك داواکـاری گشـتیو بۆ بەرژەوەندیکردن لەمافی گشـتی هاووڵاتییان لێی بەدەنگ هاتوونو لەلایەن ئەوانەوەو دوای پەسـەندکردنی وەزیریداد پێشکەشـکراوە" کەئـەوەیش لەسـەر چاپکـراوی گـۆڤاری "نقـار" بـوو, کـە لەیەکـێك لـە ژمارەکـانیدا وتـارێکی تونـدی لـەبارەی ئاییـنی ئیسـلامەوە بڵاوکـردبووەوە. هـەروەها داواکـاری گشـتی ناوبـراو ئەوەیشی پێڕاگەیاندم دواتر ئەو داوا (دعوی) تاقانەیە (غلق) کراوەو بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبێت[٦٧] .

سـەبارەت بـە داوا تایبەتییەکانـیش, ڕوونو ئاشـکرایە لەلایـەن زەرەرمەندەکـە خۆیـەوە دەکـرێو ئەمـە هـیچ تەعلیقێکی‌تر هەڵناگرێت.

خاڵی دووەمی ئەم بەندە بەمشێوەیەیە: ئەو داوایانە لەبڕگەی سەرەوەدا باسکراون نابێ دوای تێپەڕبوونی سـێ‌مانگ لـەڕۆژی بڵاوبوونـەوەوە بـۆ چاپکراوی خولـەکیو لـەکاتی دەسـتکردنەوە بەدابەشـکردن لەچاپکراوی ناخولەکیدا لەلایەن دادگاکانەوە ببینرێن.

واتـا هەریـەك لەزەرەرمـەندو داواکاری گشـتی تـەنها سـێ‌مانگیان لەبەردەمدایە بۆ پێشکەشکردنی داواکانیان لەسـەر ئەو تاوانانەی لەرێی چاپکراوەکانەوە لەدژیان کراوە, ئەمە لەکاتێکدایە لەیاسای چاپەمەنیی عوسمانیدا ئەگـەر مـافی یەکـێك یـان لایەنـێك لەرۆژنامـەدا (واتـا لەچـاپکراوی خولەکیدا) پێشـێلکرا, ئـەو کەسـەی مافەکـەی لـەرێی ڕۆژنامـەوە پێشـێلکراوە, شـەش مـانگی لەبەردەمدایـە بۆ تۆمارکردنی داواکەی لەسەر ڕۆژنامەی ناوبراو, دوای ئەو شەش مانگە چیتر داواکە نابیسترێت[٦٨] .

هەتا ئەو ماوەیە زیاتربێت, زۆرتر دەچێتە خزمەتی هاوولاتیانەوەو کەمترین خەڵك لەرێی چاپکراوەکانەوە مافەکانیان پێشێل دەکرێ‌و بنەماکانی ئازادیی رۆژنامەنووسیی‌و باش بەکارهێنانی ئازادیش بەوەی تۆ تا ئەو شوێنە ئازادی کەئازادی من پێشێل نەکەیت, چاکتر دەچەسپێن‌و چاپکراوەکان زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن‌و سڵدەکەنەوە لەوەی سوکایەتی بەمافی کەسێك، وەیان مافی گشت بکەن. ئەمە لەکاتێکدایە ئەمرۆ لەهەرێمی کوردستاندا ژمارەی تەنها چاپکراوە خولەکییەکان لەسەد چاپکراو تێپەریان کردووەو مرۆڤ ناپەرژێت هەموویان ببینێ‌و تەنانەت داواکاری گشتیش (وەك پێشتر هێمام بۆیکرد) وەك پێویست ئەو چاپکراوانە نابینێت. هەڵبەت بۆ چاپکراوی ناخولەکیش بەهەمان شێوەیە, بۆیە, دەگەینە ئەو ئەنجامەی یاسایەکی چاپەمەنیی وەکو یاسای عوسمانی (وەك پێشتر روونمانکردەوە هەمووی سزاو فراوانکردنی تابۆکراوەکانە) لەمبارەیەوە بواری زیاتری بۆ هاوولاتیان رەخساندووە بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانیان" کە لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا ئەو بوارە کەمترە.

بەندی دوانزەیەمینیش لەدووخاڵ پێکهاتووەو لەخاڵی یەکەمیدا هاتووە: حوکمی دادوەریی بەگوناهبارکردنی خاوەنی ئیمتیازو سەرۆکی نووسین بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە, لەچاپکراوی خولەکیدا خودی چاپکراوەکە ناگرێتەوەو بوونی بەردەوام دەبێ مەگەر خاوەنی ئیمتیاز خۆی وەهای حەزلێنەبێ کە ئەوساکە حوکمی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەی بەسەردا جێبەجێدەکرێ.

ئەم خاڵە, لایەنێکی جەوهەری تیایە" سەبارەت بەچاپکراوی خولەکی, کە لەحاڵەتی گوناهبارکردنی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەردا, لێپێچینەوە بەتەنها لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا دەکرێ, ئەمە لەکاتێکدایە ئەگەر چاپکراوە خولەکییەکە سەرپێچیکردبێ‌و حوکمەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی فەرامۆشکردبێ, تەنانەت لەحاڵەتێکی لەو جۆرەیشدا,چاپکراوەکە لەرەوتی چاپکردن بەردەوام دەبێت" کەئەمە ئاماژەیەکە بۆ بەگەورە تەماشاکردنی چاپکراوی خولەکی (ئەگەر جێبەجێ‌بکرێ). دواجار لەرێی ئەم خاڵەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی تەنانەت دەسەڵاتی دادوەریی (دادگا) مافی راگرتنی چاپکراوی خولەکی نابێت, بەڵکو راگرتنی چاپکراوە خولەکییەکە لەدەسەڵاتی خاوەنی ئیمتیازدایە" کەئەوەیش بەپشت بەستن بە بەندی شەشەم‌و لەرێگای تۆمارکردنی نووسینێك‌و ئاگادارکردنەوەی وەزارەت لەلایەن خاوەنی ئیمتیازەوە دەبێ‌و ئینجا بوونە یاساییەکەی نامێنێ‌و لەبلاوبوونەوە دەوەستێت.

لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە" بەوەی ئەگەر چاپکراوێکی خولەکی ئەو هێڵە سوورانەی بەزاند کە لەبەندی نۆیەمدا ئاماژەیان بۆکراوە, ئایا ئەوکات تەنها لێپێچینەوە لەگەڵ خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەردا دەکرێت؟! (کەهەندێك حاڵەت لەهەرێمی کوردستاندا هەبووە, چاپکراوێکی خولەکی هێڵە سوورەکانی بەزاندووەو لەجیاتی ئەوەی بەپشت بەستن بەم بەندە لێپێچینەوە لەگەڵ خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەردا بکرێت, کەچی چاپکراوە خولەکییەکە, یان بۆ کاتیی راگیراوە, یان بەتەواوی وەستێنراوە) یان لێپێچینەوە لەگەڵ نووسەریشدا دەکرێت" وەك لەبەندی دەیەمدا هێمای بۆکراوە؟ ئایا ئەگەر حوکمی دادوەریی لەگوناهبارکردنی هەریەك لەخاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەردا سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، ئەوکات لەغیابی خلوەنی ئیمتیازو سەرنووسەردا لەتواناد‌ا دەبێت چاپکراوەکە بەردەوام بێت؟ وەکێ لێی بەرپرسیار دەبێ؟ ئەمە لەکاتێکدایە وەك لەنێوان ئەو دوو کەوانەیەی پێشوودا ئاماژەم بۆیکرد, لەهەرێمی کوردستاندا, هەندێك نمونەمان لەبەرچاودایە کە بەرلەوەی حوکمی دادوەریی سەبارەت بەگوناهبارکردنی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر دەرچووبێت, چاپکراوە خولەکییەکە داخراوەو لەحاڵەتی لەوجۆرەیشدا, زۆربەی چاپکراوە خولەکییەکانی‌تر بێدەنگیان

لێکردووه, تەنانەت لەوەی ئەو راگرتنە یاخود داخستنە نایاساییە وەك تەنها هەواڵێکیش بڵاوبکەنەوە, کەبوونی ئـەمجۆرە حاڵەتـە وێـڕای ئـەوەی پێشـێلکردنی ئـەم بـەندەی یاسـای چـاپەمەنیی هـەرێمی کوردسـتانە, هاوکـات بەپەراوێزبوونی رۆژنامەنووسیی کوردی نیشـان دەدات" لـەوەی جورئـەت ناکـەن لەحاڵەتێکی وەها بێنەدەنگ و ئەرکەکەی خۆیان لەبیردەکەن.

ئەگەر زیاتر لەبارەی ئەم خاڵەوە بدوێین, هەرچەندە پێشتر وەك لایەنێکی جەوهەریی یاساى ناوبراو ناوزەدم کـرد" کەهـیچ دەسـەڵاتێك مـافی راگرتـنی چـاپکراوی خولـەکی نییـە, بـەڵام لـێرەدا لێلییـەك هەیـەو ئامـاژەی بـۆ نەکـراوە, ئـەویش ئەوەیـە: ئەگـەر چـاپکراوێکی خولـەکی حوکمـەکانی ئـەم یاسایەی جێبەجێنەکرد, بەتایـبەتی بەندی نۆیەم, ئایا هەڵوێست بەرانبەر چاپکراوەکە چی دەبێت؟ کەدەبوو لەخاڵێکدا یان بەندێکی تری یاساکەدا ئـەو لایەنـە روون بکـرابایەتەوە, هـەروەك چـۆن لەیاسـای چـاپەمەنیی عێراقـیدا روونکـراوەتەوە" بـەوەی ئەگـەر چـاپکراوێك لـەبارەی یەکـێك لەلایەنـە قەدەغەکـراوەکانی بـەندی نۆزدەیـەمی ئـەو یاسـایە (مەبەسـت یاسـای چـاپەمەنیی عیراقیە) شـتی بڵاوکـردەوە, ئـەوا وەزیـری رۆشـنبیریی و راگـەیاندن مـافی ئـەوەی هەیـە رێگانـەدات بەدابەشـکردنی چـاپکراوەکە لەعـێراقداو دەسـت بەسـەراگرتنی هـەموو تـیراژی چـاپکراوەکە[٦٩] . هەرچـەندە رێگانەدان ودەستگرتن بەسەر چاپکراوێکداو بەرگرتن لەبڵاوکردنەوەی (تەنانەت ئەگەر لەسەر تابۆکراوەکانیش نووسیبێتی) دیاردەیەکی نامەدەنییەو لەگەڵ بنەماو پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای دیموکراسی و مەدەنیدا یەکانگیر نابێت. ئەز, نـاخوازم لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردسـتاندا ئیجرائاتێکی لـەوجۆرەی تێهەڵکێش بکرابایە, وەیـان بکرێت, بەڵام دەبوو ئەوە روونبکرابایەتەوە ئەگەر چاپکراوە خولەکی و ناخولەکییەکان هێڵە سوورەکانیان بەزاند، کاردانەوە بەرانبەر چاپکراوەکان چیدەبێت؟ کەلێرەدا رووی پرسیارم لەچاپکراوە خولەکییەکانە, چونکە هـەروەك لـەخاڵی دووەمـی ئـەم بـەندەدا هـاتووە, کاردانـەوە بەرانـبەر بەچـاپکراوی ناخولـەکی روون و ئاشـکرایە" کەئەمە دەقەکەیـەتی: حوکمی دادوەریی بەگوناهبارکردنی پێشکەشکەری چاپکراوی ناخولەکی بۆ چاپ, خودی چـاپکراوەکە دەگرێـتەوەو تاکـاتی لادانـی هـۆی گوناهـبارکردنەکە, چـاپکراوەکە دەسـتی بەسـەردا دەگـیرێ و بڵاوکردنەوەی قەدەغە دەکرێ.

ئەوخاڵە روون و ئاشکرایەو پێویست بەتەعلیق ناکات لەسەری, بەڵام دواجار ئەوەی لێرەدا دەهێنێ قسەی لەسـەر بکرێـت نووسـەری چـاپکراوە ناخوولەکییـەکەیە" کـە بەهـیچ جۆرێـك نـاوی نـەهاتووەو تـەنها ئامـاژە بەپێشکەشـکاری چـاپکراوە ناخولەکییـەکە کـراوە. بۆیـە, دەبـوا ئـەو لایەنـەیش روونـبکرابایەتەوە بـەوەی ئایـا مەبەسـت لەپێشکەشـکاری چـاپکراوە ناخولەکییـەکە نووسـەرە, یـان ئـەو کەسـەیە کـەداوای بـۆ چـاپکردنی چاپکراوەکە پێشکەشـکردووە" کەدەشێت نووسـەری چـاپکراوەکە نـەبێ و هاوکـات نووسـەری چـاپکراوەکە یـان کۆچیدوایی کردبێت, یـان لـەدەرەوەی هـەرێمی کوردسـتاندابێت. لەحاڵـەتی دووەمیاندا, بـەوەی چ هەڵوێسـتێك وەردەگرێـت بەرانـبەر بەنووسـەری چـاپکراوە ناخولەکییـەکە" ئەگـەر گەڕایـەوە بـۆ نـاو هـەرێم و سـێ مانگ کـەمتر بەسـەر بڵاوبوونـەوەی چـاپکراوەکەدا تێپەڕیبوو؟ (وەك لـەخاڵی دووەمـی بـەندی یانزەیەمیـندا ئامـاژەم بۆیکـرد). بۆیـە, واتـێدەگەم پرسـیارێکی لـەوجۆرە پێویسـتی بەروونکـردنەوە هەیـە, کەدەبوایـە لـەو بـەندەدا ئامـاژەی بـۆ بکرابایە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گفتوگۆکانی ناوپارلەمان کە لەبارەی ئەم بەندەوە کراون, چەندین دیدی جیا دەبینین.. پێشـتر لەباسـکردنماندا لـەبارەی خـاڵی یەکـەمی ئـەم بـەندەوە, کـەباسمان لەوەکـرد بـەهۆی ئـەوەی چـاپکراوە خولەکییەکە ئەگەر سەرپێچیشی کرد داناخرێت لەبەر ئەوەی مۆڵکی هاووڵاتیانەو ئەم خاڵەیشمان بەلایەنێکی

www.kurdistannet.org

جەوهەری یاسای ناوبراو ناساند, کەچی ئەگەر سەرنجبدەینە گفتوگۆکانی ناو پارلەمان کەلەمبارەیەوە کراون, دەبینین لەوبارەیەوە جەمیل عەبدی سندی (ئەندامی پارلەمان) لەسێیەمین دانیشتنی پارلەماندا کەبۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم یاسایەوە تەرخانکراوە, پێشنیازی ئەوە دەکات: "ئەگەر چاپەمەنیی دەوری (٢ـ٣) هەڵەی کردو زیانی بەخەڵك گەیاند, بۆچی دادگا داینەخاتو دەستی بەسەردا نەگرێت"[٧٠] .

لەوەڵامی ئەو داخوازییەدا, حەسەن عەبدوکەریم بەرزنجی (سەرۆکی لیژنەی یاسایی و ئەندامی پارلەمان) لەوبارەیەوە دەڵێت: "... بەڕای ئێمە رۆژنامە مافی ئەو میللەتەیە بمێنێ, مافی ئەو کەسە نییە کەسەرپێچی تیادا دەکات ..."[٧١].

بەندی سیانزەیەمینی ئەم یاسایە بەمشێوەیەیە: هیچ کۆتێك لەسەر هاتنی چاپکراو بۆ ناو هەرێمو بردنی بۆ دەرەوەی نییە, تەنیا ئەوانە نەبێ کەپێچەوانەی حوکمەکانی مادەی نۆیەمی ئەم یاسایەنو سەرپێچیکەر دەکەوێتە بەر لێپرسینەوەی یاساییەوە.

لەبەشی یەکەمی ئەم بەندەدا" کەباس لەوە دەکات هیچ کۆتو بەندێك لەسەر هاتنی چاپکراو بۆ ناو هەرێمو بردنی بۆ دەرەوە نییە, لایەنێکی زۆر جەوهەریی یاساکەیە. ئەگەر ئەم بەندە تەنها ئەوەندە بووایە, سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕینی فراوان دەکردو سەرچاوەکانی زانیاریشی والادەکرد. بەلام لەبەشی دووەمی ئەم بەندەدا کەباس لەوە دەکات دەبێت چاپکراوەکان کە ئەو ئازادییەیان دەدرێتێ, ملکەچی حوکمەکانی بەندی نۆیەمی ئەم یاسایەبن, واتا نابێت لەو چاپکراوانەدا بۆ نموونە دەستدرێژیان تێدابێت بۆ سەر مەزهەبەکانو دابونەریتو سیستمی گشتی, وەك چۆن پێشتر لەمبارەیەوە دواین, بەوەی ئەم لایەنە تابۆکراوانە هێندە فراوانن و لاستیکییەتیان تیایە, دەشێت زۆر لەچاپکراوەکان بەسوکایەتیکردن بەو لایەنانە تاوانباربکەین, ئەگەر مەبەستمان بێت. لێرەشداو سەبارەت بەم بەندە, دەبێت رێگا بەزۆر لەچاپکراوەکان نەدرێت بچنە دەرەوەی هەرێمو بێنە ناوهەرێمەوە, ئەمەیش بەپێشت بەستن بەولایەنە تابۆکراوانەیە کە لەبەندی نۆیەمدا هاتوون. بۆیە, وایدەبینم ئەمڕۆ لەچەرخی جیهانگیری (Globalization)دا, کەجیهان بووەتە گوندێکی بچکۆلە, شتێك نامێنێتەوە ناوی پەردەپۆشکردنی نهێنییەکان بێو میدیا کەئینتەرنێت (International Net work) واتا تۆڕی نێودەوڵەتی بەشێکە لێی, هیچ سنوورێکی نەهێشتووەتەوە, بۆیە دەشێت ئەمڕۆکە دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر ئەو یاسایەدا, پێداچوونەوە نەك هەر بەم بەندەدا, بەڵکو بەتەواوی یاساکەدا بکرێتەوە" بەجۆرێك لەگەڵ ئەم چەرخەدا بگونجێ. بۆ نموونە سەبارەت بە ئەم بەندە, ئەگەر سەرنجبدەین لەبەشی دووەمیدا ئازادیی رۆیشتنو هاتنی چاپکراوەکان بۆ ناو هەرێم بەو مەرجانەی حوکمی بەندی نۆیەمەوە بەستراونەتەوە. ئەمڕۆ لەڕێی ئینتەرنێتەوە بەسەدان چاپکراومان بەدەست دەگات" کەبەشی هەرە زۆریان لەگەڵ حوکمەکانی بەندی نۆیەمدا یەکانگیرنابن. بەپێچەوانەیشەوە, بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆجیاوە, لەتواناندا هەیە لەڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەلێشاو زانیاری چاپکراو ئاودیوی هەرێم بکرێو بەجیهاندا پەخش بکرێ. بۆیە, بوونی بەشی دووەمی ئەو بەندە, کە بەحوکمی بەندی نۆیەمەوە بەستراوەتەوە, ناتوانێت بەر لەو شەپۆلە ئیعلامییە بگرێت" کەئەمڕۆ جیهانی تەنیووە, بۆیە دواجار لابردنی بەشی دووەمی ئەو بەندە (کەملکەچبوونە بەحوکمەکانی بەندی نۆیەم), وێڕای ئەوەی زیاتر خزمەتی ئاڵوگۆڕی زانیاریو چاپکراوەکان دەکات, هاوکات ئەقڵێکی مۆدێرنی شارستانیی نیشان دەدات" لەلای ئەو کەسانەی سەرلەنوێ بەداڕشتنەوەی ئەم بەندەو بەندەکانی تری یاساکەوە هەڵدەستن" دواجار سنوورەکانی ئازادیش (لەبواری چاپەمەنییو ئاڵوگۆڕی زانیاریدا) فراوانتر دەبێو ئاماژەیەکیش دەبێت بۆ بوونی ئەقڵیەتێکی دیموکراسیی حوکمڕان. ئەگەر لێرەوە مەرجەکانی





www.kurdistannet.org

ئاڵوگۆڕی چاپکراوەکان (بەپێی ئەم یاسایە)، بەمەرجەکانی یاسای چاپەمەنیی عوسمانی بەراورد بکەین، دەرک بەوە دەکەین مەرجەکانی لێرەدا هاتوون، لەمەرجەکانی یاسای چاپەمەنیی عوسمانی قورسترن، ئەمە لەکاتێکدایە لەیاسای چاپەمەنیی عوسمانیدا، رۆژنامەنووس بەتەواوی کۆتوبەندکراوە، بەڵام سەبارەت بەئاڵوگۆڕی چاپەمەنیی، بەتایبەتی هاتنی چاپکراوەکانی دەرەوە بۆ ناو فەزای حوکمڕانیکردنی دەوڵەتی عوسمانی، تەنها یەك مەرج دانراوە، وەك لەبەندی نۆیەمی یاساکەدا هاتووە: ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوانە کە لەدەرەوە دەردەچن و بابەتی سیاسیی هەمەجۆریان تیایەو دژ بەدەوڵەت دەنووسن، ئەوا قەدەغەیە لەناوخۆی دەوڵەتدا بڵاوبکرێنەوە[٧٢] . تاکە مەرج لێرەدا بۆ بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکانی دەرەوە لەناوخۆی دەوڵەتدا، بابەتە سیاسییەکانەو بەهیچ جۆرێك باس لەمەزهەبەکان و داب ونەریت و سیستمی گشتی و... نەکراوە" وەك لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

سەبارەت بە ئەم بەندەو بەرنەگرتن لەئاڵوگۆڕی چاپەمەنییەکان، بەتایبەتی هاتنی چاپکراوەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ ناو هەرێم، خوالێخۆشبوو فرەنسۆ تۆما هەریری (ئەندامی پارلەمان و سەرۆکی لیستی زەرد لەپارلەمان) لەسێیەم و دوایین دانیشتنی پارلەماندا کە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم یاسایەوە رێکخراوە، دەڵێت: "... لەگەڵ ئەوەم کە ئەو شتانەی لەدەرەوە دەنووسرێن بێن بۆ کوردستان، هیچ نەبێ بۆ ئەوەی بزانین چیمان پێدەڵێن، چۆن جنێومان پێدەدەن. من پێم وایە هیچ سانسۆریان لەسەر نەبێ، هەرچی دەبێت و دەهێنن، بابیهێنن.."[٧٣] .

بۆ پشتگیریکردنیش لەو دیدەی هەریری، ئەحمەد ئەبوبەکر بامەڕنی (ئەندامی پەرلەمان) لەبەشێکی قسەکانیدا، جەخت لەوە دەکات کە سانسۆر نەبێت، بەڵکو میللەت خۆی سانسۆربێ، و پێی وایە ئەگەر قەدەغەیش بکرێت، بڵاودەکرێتەوە[٧٤] .

رەنگە لای هەندێك ئەو بەندە والێکبدرێتەوە کەئازادیی ئاڵوگۆڕی چاپەمەنیی تیا فەراهەمکراوە. راستە" لەبەشی یەکەمی ئەم بەندەدا باس لەوەدەکات هیچ کۆتوبەندێك بۆ هاتنی چاپکراو بۆ ناو هەرێم و بردنی بۆ دەرەوەی نییە، بەڵام مەرجەکانی کە لەوبارەیەوەو بەپشت بەستن بەحوکمەکانی بەندی نۆیەمی یاسای ناوبراو دانراون، بەرادەیەك قورس و گشتگیرن، پێویست بەپیاداچوونەوە، یان سووککردنیان دەکات، وەك چۆن پێشتر بەدرێژیی لەبارەیەوە دووام.

لەبەندی چواردەیەمینیشدا هاتووە: سەربەستی کاری راگەیاندن بۆ پەیامنێرو نوێنەرانی دام و دەزگاکانی راگەیاندنی بیانی لەهەرێمدا مسۆگەرەو مەرج و بنچینەکانی کارکردنیان بەرێنماییەك دیاریدەکرێن" کە وەزیر دەریدەکا.

ئەم بەندە" کەتیایدا سەربەستیی کاری راگەیاندن بۆ رۆژنامەنووسانی میدیای بیانی دەستەبەر دەکات، لایەنێکی گەشی یاساکەیەو ئەو ئازادیی رەخساندنە بۆ میدیای بیانی و نوێنەرەکانی، زەمینەیەکی لەبار دەرەخسێنێ بۆ گەیشتنی دەنگی کورد بەجیهان لەرێی میدیای بیانییەوە، دواتر بۆ میکانیزمی کارکردنی ئەو پەیامنێرانەیش بەرێنمایی و لەلایەن وەزیری رۆشنبیرییەوە دەردەکرێت. ئەگەر سەرنج لەم بەندە بدەین، دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کەنوێنەرانی میدیا بیانییەکان ئازادن لەمومارەسەکردنی کاری رۆژنامەنووسیی لەناو جوگرافیای هەرێمی کوردستاندا، لەکاتێکدا رۆژنامەنووسانی میدیای کوردی چەندین کۆتوبەندیان بۆ دانراوەو نابێت خۆیانی لەقەرەبدەن، وەك چۆن لەبەندی نۆیەمیندا دەستنیشانکراون. هەرلەمبارەیەوە، ئەگەر سەرنجبدەینە یاسای چاپەمەنیی عوسمانی، دەبینین بەهیچ جۆرێك ئاماژە بەسەربەستی کاری راگەیاندنی پەیامنێرو نوێنەرانی میدیای بیانی نەکراوە. دەربارەی ئەوەیش رۆژنامەنووسانی میدیای بیانی لەکاری

رۆژنامەنووسیداو لەناو هەرێمدا سەربەستن, بەرلەوەی سەربەست بن, دەبێت رەچاوی رێنماییەکانی وەزیری رۆشنبیری بکەن" کە لەوبارەیەوە بۆیانی دادەنێ‌و سکێچی کارکردنیان بۆ دەستنیشاندەکات" کەرەچاوکردنی رێنماییەکانی وەزیر بۆ کارکردن وادەکەن ئەم بەندە یەکانگیربێتەوە بەبڕگەی (أ) لەبەندی پانزەیەمینی یاسای چاپەمەنیی عێراقی" کە بەمشێوەیە: نابێت پەیامنێرانی رۆژنامەو گۆڤارەکان‌و ئاژانسە بیانییەکان بەکاری خۆیان هەستن" گەر مۆڵەتی وەزارەتیان نەبێت[٧٥] . هەڵبەت وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەت دواجار مانای رەچاوکردنی رێنماییەکانی وەزیرە, واتا کاتێك رۆژنامەنووسانی بیانی بۆیان هەیە لەعێراقدا کاری رۆژنامەنووسیی بکەن، کەوەزیری رۆشنبیری رازیبێ‌و رەزامەندی کارکردنیان (لەرێی رێنماییەکانییەوە) بۆ بکات, دواتر لەچوارچێوەی ئەو رێنماییانەدا ئازاد دەبن لەکارکردندا ..

بەندی پانزەیەمینیش بەمشێوەیەیە: دەبێ خاوەنانی ئەو چاپکراوە خولەکییانەی تاکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە هەن, لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەرۆژی بلاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا حوکمی مادەی پێنجەمی جێبەجێ بکەن.

ئەم بەندە زیاتر بۆ رێکخستن‌و جێبەجێکردنی یاساکەیە لەکاری چاپەمەنیی‌و رۆژنامەنووسییدا لەهەرێم" بەهۆی رەچاوکردنی هەر چوار خاڵەکەی بەندی پێنجەم. ئەم بەندە کاتێك جێبەجێدەکرێت کەیاسای چاپەمەنیی هەرێم جێبەجێبکرێ. هێندە هەیە لەرووی زمانەوانییەوە لەجیاتی ئەوەی بنووسرابایە "خاوەنانی" شیاوتر بوو "خاوەنی" بنووسرابایە, چونکە لەزمانی کوردیدا, بۆ نمونە لەجیاتی ئەوەی بووترێت یان بنووسرێت: خاوەنانی رۆژنامە ئەهلییەکانی هەرێم, یان: خاوەنانی کۆمپانیا بازرگانیەکانی هەرێم ...، دەوترێت یان دەنووسرێت: خاوەنی رۆژنامە ئەهلییەکانی هەرێم, یان خاوەنی کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێم..

بەندی شانزەیەمینیش بەمشێوەیەیە: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکا.

ئەم بەندەیش بۆ ئەوەیە باشترین‌و بەجێترین میکانیزم دابنرێت بۆ جێبەجێکردنی یاساکە بەشێوەیەکی ئاسان. بەلام ئەوەی جێگای نیگەرانییە لەرێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ی نووسینگەی تایبەتی وەزیری رۆشنبیری کە بەژمارە (٩٨)و لەرۆژی ١٠/١٠/١٩٩٩و بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاپەمەنیی دەرچووە, هەرچەندە تیایدا کارئاسانی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان کراوە, بەلام ئەوەی لەو رێنماییەدا هاتووەو جێگای نیگەرانییەو کارئاسانی‌نییە بۆ جێبەجێکردنی یاساکەو خزمەتکردنی بواری رۆژنامەنووسیی, خاڵی چوارەمی ئەو رێنماییەیە کەبەمشێوەیەیە: هەموو گۆڤارو رۆژنامەیەك (١٥٠٠) دینار رەسمی مۆڵەت بدات‌و هەزار دینار ساڵانە بۆ رۆژنامەی رۆژانە, (٥٠٠)دینار ساڵانە بۆ رۆژنامە یان گۆڤاری هەفتانەو مانگانەو وەرزی بداتە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ‌و بلاوکردنەوە. ئەمە لەکاتێکدایە لەهیچ کام لەبەندو خاڵەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا باس لەوەرگرتنی رەسمی مۆڵەت‌و وەرگرتنی پارەی ساڵانە لەچاپکراوە خولەکییەکان نەکراوە" کە دیسانەوە تەئکیدی لێدەکەمەوە ئەمە مانای وەرگرتنی باجە بەبێ سەنەدی یاسایی، هەروەك چۆن مامۆستا حسێن عارف وەك یاساناسێك‌و لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتمدا لەگەڵیدا، کە بەکاسێتی دەنگیی تۆمارکراوە، تەئکیدی لەسەردەکاتەوە.

لەبەندی حەڤدەیەمینیشدا هاتووە: کار بە هیچ دەقێك ناکرێ" لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ.

ئەم بەندە مەبەستی لەوەیە هەردەقێکی تری یاسایی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن, ئەوا کاریان پێناکرێت. ئەگەر بکرابایە ئەم بەندە دووخاڵ بوایەو ئەوە لەخاڵی یەکەمیدا بنووسرابایە, بۆ خاڵی دووەمیش

www.kurdistannet.org

ئەو دەقی یاساییانەی تایبەت بەیاسای چاپەمەنیی (کەسالأنێکی زۆر لەم هەرێمەدا کاریان پێکراوە) بەتالّ بکرابانایەتەوەو ئاماژە بەوەبکرابایە چیتر کار بەدەقی یاسای چاپەمەنییەکانی پێشووتر ناکرێت, وەك چۆن لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیداو لەبڕگەکانی "أ, ب, ج"ی بەندی سێ و دووەمیندا ئاماژە بەوەکراوە یاسای چاپەمەنیی ژمارە (٥٣)ی ساڵی ١٩٦٤ هەڵدەوەشێتەوە, و هاوکات ئەو مۆڵەتانەیش بەتالّ دەبنەوە کەبەپێی ئەو یاسایە بەخشراونەتە چاپکراوەکان. هەروەها تەواوی ئەو مۆڵەتانەیش بەتالّ دەبنەوە کە بەپێی ژمارە (١٥٥)ی ساڵی ١٩٦٧ی یاسای دامەزراوە گشتییەکانی رۆژنامەنووسیی بەخشراونەتە چاپکراوە خولەکییەکان. دیارە ئەم بەتالّ بوونەوەیە هەلأوێرد (إÁÇäËÊÓ) کراوە لەڕۆژنامەی دامەزراوەی گشتیی رۆژنامەنووسیی. هەروەها ئەو مۆڵەتانەیش بەپەیامنێرانی رۆژنامەو گۆڤار یان ئاژانسەکانی هەواڵی ناعێراقی و بەر لە دەرچوونی ئەو یاسایە (واتا یاسای ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨) مۆڵەتیان پێدراوە, بەپێی ئەم یاسا نوێیە (یاسای ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨), مۆڵەتی نوێیان دەدرێتێ[٧٦].

لەبەندی هەژدەیەمینیشدا هاتووە: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا.

ئەم بەندە تەنها تەئکیدکردنەوەیە لەجێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەلایەن دەسەلأتی راپەڕاندنەوە. ئەمە لەکاتێکدایە ئەنجومەنی وەزیران, کەدەسەلأتی راپەڕاندنە, نەك بەتەنها لەسەریەتی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات, بەڵکو وەك دەسەلأتی راپەڕاندن, لەسەریەتی تەواوی ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات کە لەلایەن دەسەلأتی یاسادانان (پارلەمان)ـەوە دەردەچن.

لەدوایین بەندیشدا هاتووە: ئەم یاسایە لەڕۆژی بلأوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێت.

ئەوەیش رۆتینیاتی یاساییەو لەهەموو یاسایەکی چاپەمەنیدا هەیە, بۆیە پێویست بەتەعلیق ناکات.

## سەرچاوەو پەراوێزەكانی بەشی سێیەم :

(١) سولّتان عەبدولحەمیدی یەكەم" ساڵی ١٨٣٩ حوكمڕانیكردووە.. لەم بارەیەوە بڕوانە: م. ڕەسوڵ هاوار, كوردو باكوری كوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان, لەبڵاوكراوەكانی ناوەندی چاپەمەنییو ڕاگەیاندنی خاك, بەرگی یەكەم, چاپی یەكەم, سلێمانی, ٢٠٠٠.

(٢) د. كەمال مەزهەر ئەحمەد, تێگەیشتنی ڕاستی شوێنی لەڕۆژنامەنووسیی كوردییدا, بەغداد, ١٩٧٨, ل ٥٢.

(٣) بڕوانە ìÒÇÛ äÓÍ )ÈÍÑÙÊ: áÇãÚ ÑÇÈÚÛ(, ÎáÑÇÊ äÍãÇÊÐ ÈÇÚÖÊÖãÍáÇ ÈÍäÇÃÈÚáÇ ÈÇÃæáÍáÇ ÈÍÐÇÑÚáÇ ãÍáÑÇÞæ äÇÊÈÖÏÑß ÉãÍáãæ ÉÍÑÍáÇ äÒ áÌÃ ÑÑÍÊáÇ, گولان العربی, العدد١٠, القسم áæÃáÇ,١٩٩٧, ص٦٨.

(٤) هەرچەندە دكتۆر كەمال مەزهەر پێیوایە هیچ كام لەوفەرمانانە نەدۆزراونەتەوە, ئەمە لە كاتێكدایە دەوڵەتی عوسمانی هەر لەسەرەتاوە بایەخی تەواوی دەدا بەپاراستنی هەموو بڕیارو فەرمانێكی میری.. لەم بارەیەوە بڕوانە: د. كەمال مەزهەر ئەحمەد, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٤٥.

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٤٥.

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٤٦.

(٧) حاجی سەید, شكۆداربێت جەژنی سەدوسیٚ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی كوردی, گۆڤاری كاروان, ژمارە١٥٦, هەولێر, ٢٠٠١, ل ٤٧.

(٨) بڕوانە: ÊÇÓÇÑÏ íÝ ÉÝÇÍÕáÇ ÉíÞÇÑÚáÇ, ص١٠. لەڕیٚی: غازی حسن, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل٦٩.

(٩) د. كەمال مەزهەر ئەحمەد, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٥٤.

(١٠) ÑæÊßÏáÇ áíáÎ ÊÇÈÇÕ, ÉÝÇÍÕáÇ ÉíÞÇÑÚáÇ, äÝ, ãáÚ, ÉÑåÇÞáÇ, 1959, Õ١٢, لەڕیٚی: د. كەمال مەزهەر ئەحمەد, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٥٤.

(١١) غازی حسن, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٦٨. هەرچەندە, وەك پێشتر هێمام بۆیكرد, سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم لەنێوان ساڵانی ١٨٧٦ـ ١٩٠٩ حوكمڕانیكردووە. لەم سەرچاوەیەداو لێرەدا تەنها سولّتان عەبدولحەمید ناوی هاتووە" ئەمە لەكاتێكدایە ئەو كەسەی لەساڵی ١٨٦٣دا سولّتان بووە, هەمان كەس نەبووە" كە لەساڵی ١٨٧٧دا سولّتان بووبێت, تاوەكو بوترێت پاشگەزبووەتەوەو بڕیارێكیتری دەركردووە. ساڵێك بەرلەدەرچوونی یەكەمین بڕیار كەساڵی ١٨٧٦ دەكات, سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم حوكمڕانی گرتووەتە دەستو خاوەنی بڕیاری پێكهێنانی دەستەی "چاودێریكردنی ئیدارەی چاپەمەنیی" بووە. بەڵام ئەو بڕیارەی ساڵی ١٨٦٣ دەرچووە" كەیاسای چاپەمەنیی بووەو بۆ چەواشەكردنی ڕایگشتی بووە, هیچ پەیوەندییەكی بەسولّتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە نەبووە,و بۆ كاتی حوكمڕانیكردنی سولّتانێكی تر دەگەڕێتەوە" كەواتێدەگەم ئەوكاتانە سولّتان عەبدولعەزیز, یاخود سولّتان عەبدولحەمیدی یەكەم حوكمڕانیكردبیٚ. بەهەرحاڵ هەركامیان بێت" وەیان هەركەسێكیتر بێت, سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم نییە" هەرچەندە لەو سەرچاوەیەدا سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم نەنووسراوەو تەنها سولّتان عەبدولحەمید نووسراوە. وە دەمەوێت جەخت لەوە بكەمەوە كەیەك سولّتان خاوەنی ئەو دوو بڕیارە نییە" تاوەكو بوترێت لەبڕیاری دووەمدا كەساڵی (١٨٧٧)ـە, لەبڕیاری یەكەمی پاشگەزبووەتەوە" كەساڵی ١٨٦٣ دەریكردووە. ئەم ڕوونكردنەوەیەیشم بەپێویست زانی, چونكە بەلامەوە زانیارییەكانی ئەم سەرچاوەیەی لێرەدا هێمام بۆیكردووە, جێگای گومانەو بەباشم زانی خوێنەرانی لیٚ ئاگاداربكەمەوە.

(١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٦٩.

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

(١٣)	ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, پرۆتۆكۆڵەكان, بەرگی حەوتەم, ١٩٩٣, چاپی یەكەم, ١٩٩٧, ل ٢٣١ ـ ٢٩٤.

(١٤)	بەشێك لەو زانیارییانەی لێرەداو دواتر دەیانخەمەروو, لەمامۆستا حسێن عارف وەرگیراون كە ئەوكات ئەندامی پارلەمانو ئەندامی لیژنەی یاسایی پارلەمانو هاوكات داڕێژەری پرۆژەی یاساكە بووە. زانیارییەكانیش بەكاسێتی دەنگی تۆماركراونو لەلام پارێزراون.

(١٥)	لەپرۆژەی ئەم یاسایەدا, وەك مامۆستا حسێن عارف پێی راگەیاندم, پشتی بەهیچ یاسایەكی چاپەمەنیی دەوڵەتانیتر نەبەستووە, تەنانەت یاسای چاپەمەنیی دەوڵەتی عێراقیو عوسمانی" كە كەم تازۆر لەهەندێك خاڵدا لێكچوون لەنێو ئەویاسایەی هەرێمی كوردستانو هەریەك لەو یاسایانەی ترداهەیە" كەدواتر لەشیكردنەوەی بەندەكانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی كوردستاندا لەبارەیانەوە دەدوێینو ئەم لایەنە روونەدەكرێتەوە. بەپێی زانیارییەكانی حسێن عارف, پرۆژەكەی لەوێوە هاتووەتە بوون كەپشتی بەئەزموونی خودییو كاری رۆژنامەنووسییو هاوكات سەلیقەی یاسایی خۆی بەستووە" كە وەك پارێزەرێكو رۆشنبیرێك ئاگاداری بوارەكە بووەو ماوەیەكی زۆریش گیرۆدەی یاسای چاپەمەنیی عێراقی بووە" كەلەم هەرێمەدا كاری پێكراوەو بەهۆیەوە سنوورەكانی رادەربڕینو ئازادیی رۆژنامەنووسیی تەسككرابوونەوە" هەربۆیە لەوپرۆژەی یاسای چاپەمەنییەی ناوبراودا كە گەڵاڵەی كردبوو, رەچاوی ئازادییەكی زۆری رۆژنامەنووسیی كرابوو (هەروەك چۆن خۆی تەئكیدی لێدەكاتەوە), تائەو ئاستەی رۆژنامەنووسان ئازادبن بەبێ مەرجو سانسۆرو مۆڵەت, بڵاوكراوەو رۆژنامە دەربكەن, هەروەك چۆن لەتوركیادا پیادە دەكرێت, واتا لەتوركیادا رۆژنامە دەركردن ئازادەو لەمبارەیەوە پێویست بەرەزامەندیی حكومەت ناكات. لەم بارەیەوە بڕوانە: وتاری بەڕێز مامجەلال لەكۆنگرەی یەكەمی یەكێتیی رۆژنامەنووسانی كوردستان, رۆژنامەی هەرێمی كوردستان, ژمارە ٣٨٧, ٢٠٠١/٤/٢٣, ل ٧.

(١٦)	بەداخەوە مامۆستا حسێن عارف ناوی ئەو ئەندامەی تری لیژنەی یاسایی لەبیرنەمابوو. لەبەرئەوەی نزیكەی حەوت ساڵ بەسەر لەكاركەوتنی پارلەمانو بەنبەست گەیشتنی كۆبوونەوەكانی پارلەماندا تێپەڕیووە, كەبەهۆی شەڕی ناوخۆوە فراكسیۆنەكانی سەوزو زەرد تووشی كەرتبوون هاتوون.

(١٧)	لێرەدا زانیاری تەواوم لەسەر لیژنەی رۆشنبیری پارلەمان دەستنەكەوت" كەژمارەیان چەند بووە؟ ئایا ئەم لیژنەیەیش وەك لیژنەی یاسایی فیفتی بەفیفتی بووە یان نا؟! ئەوەنەبێت د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ كەئەوكات ئەندامی پارلەمانو سەرۆكی لیژنەی كاروباری خوێندنی باڵا بووە, دەربارەی تەواوی لیژنەكانی ناو پارلەمان پێی راگەیاندم 118 هەر لیژنەیەك كەسەرۆكەكەی بۆنمونە لەلیستی سەوزبووایە, دەبوو وەزیری وەزارەتە پەیوەندیدارەكەی ئەو لیژنەیە لەلیستی زەردبێت. بەهۆی ئەوەی وەزیری رۆشنبیری لەلیستی سەوز بووە" ئەوا سەرۆكی لیژنەی رۆشنبیریش لەلیستی زەردبووە. هەر لەوبارەیەوە وادەردەكەوێت فەلەكەدین سابیر كاكەیی ئەوكات سەرۆكی لیژنەی رۆشنبیری بووبێت. لەم بارەیەوە بڕوانە: ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٦٣" كە لەوەڵامی پرسیارێكی جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستاندا لەبارەی ئەوەی رای لیژنەی رۆشنبیری لەسەر بەندی نۆیەمی یاساكە چییە, فەلەكەدین سابیر كاكەیی بەناوی لیژنەی ناوبراوەوە دەڵێت: "بەندی نۆ نەمێنێو بكرێتە برگەیەكو بخرێتە سەر بەندی دەیەم". بۆیە, وادەردەكەوێت ئەو بەڕێزە سەرۆكی لیژنەی رۆشنبیری بووبێت.

(١٨)	دیسانەوە حسێن عارف تەنها ناوی ئەو دوو ئەندامە بەڕێزەی لەبیرمابوو. هەروەها د. عیزەدینیش كەبەشداری ئەو كۆبوونەوەیەبووە, تەنها ئەو ناوانەی لەبیرمابوو, لەگەڵ داوای لێبوردندا.

(١٩)	بڕوانە: ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٣٥.

(٢٠)	هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٣٥.

(٢١)	بڕوانە: یاسای چاپەمەنیی لەدەوڵەتی عوسمانیدا, (وەرگێڕانی لەفارسییەوە: عەبدوڵڵا نەجمەدین تەها), رۆژنامەڤانی, گۆڤارێكی وەرزییە, سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان دەریدەكات، ژمارە ٣, كۆتایی كانوونی یەكەم ٢٠٠٠, ل ١٦٢ ـ ١٦٦.

(٢٢)	ÜÈØáÇ ÉäÓ ãæÏÈ ,ãÇáÜÇá ãÓÞ /ÏÇÏÛÈ ÉÚãÇÌ /ÈÇÏÂáÇ ÉíáÈ ,ãíáÇæÝáÇ ÚíÑÔÊ ãíáÏ,ص١٥٠ لەپشبندی ئویلیە بەكوردی دەخوێننەوە.

(٢٣)	هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢ ـ ٤.

(٢٤)	هەمان سەرچاوەی پێشووتر, ل ١٦٣.

(٢٥)	ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراقی, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٣٦.

(٢٦)	هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٣٧.

(٢٧)	هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٣٨.

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

(٢٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٣٩.

(٢٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٤٠.

(٣٠) تەلەفزیۆنی ئاسمانی "ئەلجەزیرە", هەواڵەکانی سەعات ٥,٣٠ی سەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠٠١/٢/٨.

(٣١) هەمان سەرچاوەی پێشووتر, ل ٢٤٥.

(٣٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٤٦.

(٣٣) بڕگەی (٢) مەبەست خاڵی دووەمە, هەروەك چۆن لەسەرەتادا ئاماژەم بەوەکرد خاڵەکانی نێو بەندەکان وەکو بڕگە مامەڵەیان لەگەڵداکراوە, کە لەیاسای چاپەمەنیی عێراقیدا هەندێك لەبڕگەکان چەندین خاڵیان لێدەبێتەوەو جیاوازە, چ لەرووی تایبەتمەندێتییەوە, چ لەرووی زمانەوانییەوە.

(٣٤) دليل تشريع القوانين, ص ٥.

(٣٥) ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٥١.

(٣٦) حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی داد, راگەیاندنی یاسایی, زنجیرەی یاساو بڕیارەکان ٧, سلێمانی, ٢٠٠٠, ل ٩١.

(٣٧) هەمان سەرچاوەی پێشووتر, ل١٣.

(٣٨) بڕوانە: رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣, نووسینگەی تایبەتی وەزیر, ژمارە "٩٨", رۆژ ١٩٩٩/١٠/١٠, بەئیمزای محەمەد شاکەلی وەزیری رۆشنبیری. لەپاشبەندندا دەقەکەی دەخوێننەوە.

(٣٩) دليل تشريع القوانين, ص١٣.

(٤٠) هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو.

)41( ÐÇÈÓÇÈÚ ÑæÊÈÏÇÇ ÑÇÈÚÇÊÈÚ ÏÇæÌ, ÂÝ ÊÈÇÊÈÝ ÑÇÈÌÇÇ ÑÇÊÚ, ÂÇÃÚ ÑÇÏ ÍáæÇÌÏÏã , ÊÚÈÌÇÍ ÌÍáæÇÇÇ, 1999, Õ 47. ئەو لەکاتێکدایە بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی یونسکۆ رۆژنامەی رۆژانە ئەو رۆژنامەیەیە بەلایەنی کەمەوە لەهەفتەیەکدا چوار جار دەربچێ لەبارەیەوە بڕوانە: ÑæÊÈÏÇÇ ÇáÔíã ÈÍÑÚÇÇ, ÇÇÍÕÇÊ ÇÇÎÍÑÃÊ ÓÇÑÜÇÍæ, ÊÚÈÌÇÍ ÍáæÇÇÇ, ÇÇáÊÈá, ÊÈæÑíÊ, 1978, Õ110.

(٤٢) ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٥٢.

(٤٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٥٣.

(٤٤) لەم بارەیەوە بڕوانە: ÏáíÏ ÚÍÑÔÊ ÇáÇÌÇæÇÍÇ, Õ 7. ÇÍÎæÏ: ÇáÇæÇÍÇÚ ÇáÚÇÑÈÍÊ, ÚÏÏ 1677, Õ 8. لەهەریەك لەو دوو سەرچاوەیەدا, کەدەقی یاسای چاپەمەنیی عێراقی ژمارە (٢٠٦)ی لەخۆگرتووە, لەبڕگەی (ج)ی بەندی سیانزەیەمدا تیراژی چاپکراوەکە دەستنیشانکراوە" بەوەی دەبێت خاوەنی چاپکراوەکە (٢٠) دانە لەچاپکراوەکەی بداتە وەزارەت (کە مەبەست وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندنە)و دوو نووسخەیش بداتە داواکاری گشتی .. ئەمە لەکاتێکدایە وێرای ئەوەی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمدا تیراژی ئەو چاپکراوانە دەستنیشاننەکراوە کەپێویستە خاوەنی چاپکراو بیانداتە "کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم", هاوکات باس لەوەیش نەکراوە پێویستە چەند دانە لەو چاپکراوە بدرێتە داواکاری گشتی" لەکاتێکدا پێویستە داواکاری گشتی بەردەوام ئاگاداری چاپکراوەکان بێت, هەروەك چۆن فایەق رەشید ئەحمەد سەرۆکی داواکاری گشتی لەوەزارەتی دادـ ی حکومەتی هەرێمی کوردستان (کە لە١٩٩٨/١٠/٢٦ ـەوە تانووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو پۆیستەدایە) پێی راگەیاندم بەرێكوپێکی بڵاوکراوەو چاپکراوەکانیان بەدەست ناگاتو ئەوقسانەیش بەکاسێتی دەنگی تۆمارکردووەو لەلام پارێزراون.

(٤٥) بڕوانە: خاڵی شەشەمو حەوتەمی رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩" بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣" کە لەرۆژی ١٩٩٩/١٠/١٠و بەژمارە (٩٨)و لەلایەن نووسینگەی تایبەتی وەزیرەوە دەرچووە.

(٤٦) بڕوانە: راگەیاندنی یاسایی وەزارەتی داد, زنجیرەی بڕیارو یاساکان (٦), ٢٠٠٠, ل ١٢ ـ ١٥.

(٤٧) هەمان سەرچاوەی پێشووتر, خاڵی حەوتەم.

(٤٨) لەم بارەیەوە بەکاسێتی دەنگی, لێدوانی محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی بەڕێوەبەری گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە لەوەزارەتی رۆشنبیری_ م لەلایە" کەباس لەم حاڵەتە دەکات.

(٤٩) بۆ دڵنیابوونەوە" خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دەقی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانو یاسای وەزارەتی رۆشنبیری کە لەپاشبەندی ئەم تۆژینەوەیەدا بڵاوکراونەتەوە.

(٥٠) الدكتور ابراهيم الداقوقي, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٤١ ـ ٢٤٢.

(٥١) ÍÇãÏ ÇáÍãÏ ÒÇÝÑ, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٢٣.

www.kurdistanet.org

(٥٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمان لاپەڕە.

(٥٣) هەمان سەرچاوەی پێشووتر, ل ٣٠٠.

(٥٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمان لاپەڕە.

(٥٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو,هەمان لاپەڕە.

(٥٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمان لاپەڕە.

(٥٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٣٠٣.

(٥٨) یاسای چاپەمەنیی لەدەوڵەتی عوسمانیدا, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٦٤و ١٦٥.

(٥٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٦٥. هەرچەندە ئەو سزایە لەکۆمەڵگا مەدەنیو دیموکراسییەکانداو لەیاساکانیاندا بوونی نییە, هاوکات ئەو سزایە لەبەرانبەر سوکایەتیکردن بەسوڵتانو خانەوادەکەی, ئەگەر بەراوردی بکەین بەدەوڵەتە تۆتالیتێرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کەتیایاندا سەرۆك تەوتەمێکەو دەبێت بپەرسترێو مەحاڵە لەسەری بەخراپە بنووسرێت, لەوجۆرە دەوڵەتانەدا کە بەبەردەوامی مافەکانی مرۆڤو ئازادیی رۆژنامەنووسیی تیا پێشێل دەکرێت, ئەگەر کەسێك لەسەر "سەرۆکی پایەبەرز!" بنووسێت, ئەوا زۆر زەحمەتە جارێکیتر رووناکی ببینێتەوە. واتا لەبەراوردکردندا لەم بارەیەوەو بەو جۆرە دەوڵەتانە, هێشتا ئەو سزایەی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری وەك دەوڵەتی عوسمانی, بەسزایەکی هێمنی دەزانم.

(٦٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو, هەمانە لاپەڕە.

(٦١) ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٥٥.

(٦٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٥٦.

(٦٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٥٧.

(٦٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٥٧.

(٦٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٦٦.

(٦٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٦٨.

(٦٧) ئەو زانیارییانەی سەرۆکیداواکاری گشتی, بەکاسێتی دەنگی تۆمارکردوونو لەلام پارێزراون.

(٦٨) بڕوانە: یاسای چاپەمەنیی لەدەوڵەتی عوسمانیدا, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٦٦.

(٦٩) دلیل تشریع القوانین, ص ١١. یاخود: ÚÆÇÞæáÇ ÉíÞÇÑÚáÇ, عدد ١٦٧٧, ص ٩.

(٧٠) ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٨٤.

(٧١) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٨٥.

(٧٢) یاسای چاپەمەنیی لەدەوڵەتی عوسمانیدا, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ١٦٤.

(٧٣) ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٨٩.

(٧٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٩٠.

(٧٥) دلیل تشریع القوانین, ص ٦, یاخود بڕوانە: ÚÆÇÞæáÇ ÉíÞÇÑÚáÇ, عدد ١٦٧٧, ص ٨.

(٧٦) هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو, لاپەڕەکانی ١٥ و ١١.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

## ئەنجام و راسپـــــــاردە:

بۆ ئەوەی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق فۆرمێکی نوێتر لەخۆبگرێ و سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕینی تیا فراوانتر بکرێت, کەپێشتر هێمام کرد بۆ ئەو لایەنانەی بوونەتە هۆی تەسککردنەوەی سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین..هەربۆیە" لەم بەرەنجامەدا ئەم راسپاردانە دەخەمە روو:

ــ دەستنیشانکردنی مافەکانی رۆژنامەنووسان لەوەی ئازادن لەبلاوکردنەوەی دژەپێکردنی هەر هەواڵێك کەبەلای خۆی و رایگشتییەوە بایەخدارە, ئەمەیش لەو پێودانگەوەیە کەوا رۆژنامەنووسان مافی ئەوەیان هەبێت دەستیان بگاتە هەریەك لەو دۆکیۆمێنت و زانیارانەی پێشتر رۆشناییان نەخراوەتەسەر. دواجار رۆژنامەنووس مافی بەداواداچوون و زانیاری هەبێت لەبارەیانەوەو لەزۆربەی ئەو کۆبونەوانەدا بەشداربێت کەپەیوەندی راستەوخۆیان بەهاووڵاتیانەوە هەیە, لەوانە: دانیشتنەکانی پارلەمان, کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و تەواوی دانیشتنەکانی دادگا" کەبۆ تاوانە جیاجیاکان ئەنجام دەدرێن, یان هەرکام لەوکۆبوونەوانەی رۆژنامەنووس دەیەوێت لەنزیکەوە ئاگاداری وتوێژەکانی بێت, پاشان ئازادبێت لەبلاوکردنەوەیان, بەمەرجێك رەچاوی حوکمەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان بکات (هەڵبەت دوای ئەوەی لەو گشتگیرییە دادەماڵرێت" وەك لەبەندی نۆیەمدا هەیە).

ــ چاکتروایە بەندێك, یان خاڵێك بۆ سەر یەکێك لەبەندەکان زیادبکرێت" بەوەی ئەگەر خاوەنی چاپکراوێکی خولەکی توانی چەند ژمارەیەك (بێگومان دەبێت ژمارەکە دەستنیشان بکرێت), گریمان دە ژمارە بۆ چاپکراوی خولەکی هەفتانەو پێنج ژمارە بۆ چاپکراوی خولەکی مانگانە ... لەسەر ئەرکی خۆی چاپ بکات, ئەوکات بڕێك پارە تەرخانبکرێت تاوەکو مانگانە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری یان هەرچ لایەنێکی پەیوەندار لەوبارەیەوە, بەبێ مەرج بۆ چاپکراوەکە خەرج بکرێت.

ــ لەبەراوردکردنی ئەم یاسایەدا (مەبەست یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانە) بەیاسای چاپەمەنیی عیراقی, دەبینین لەم یاسایەدا سزا دەستنیشاننەکراوە" ئەوەنەبێت کۆمەڵێك لایەنی گشتگیر (وەك لەبەندی نۆیەمدا هەیە) دانراون و قەدەغەن" نابێت چاپکراوەکان خۆیانی لەقەرەبدەن, بەلام دواتر سزای هیچ کام لەوانە دەستنیشاننەکراوە" کەسەرپێچیکەر دەبێت چۆن و چ سزایەك رووبەرووی ببێتەوە. هەڵبەت لەسەرپێچیکردنی هەریەك لەو قەدەغەکراوانەدا, خاوەنی چاپکراو بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت" ئەمە لەکاتێکدایە ئەو یاسای سزادانە چەندین سزای تیایە لەگەڵ ئەمڕۆدا ناگونجێت. بۆنمونە بەپێی بەندی ١٦٣ی ئەم یاسایە هەرکەسێك شوێنێك یان بنکەیەك, یان دامەزراوەیەکی سەربازیی تێكبدات, یان خراپی بکات ... ئەوا بۆ هەتاهەتایی سزا دەدرێت! ئەگەر بەپێی ئەم بەندەبێت، هەموو ئەو کەسانەی لەراپەریندا بەشدارییانکردووە لەتێکدانی دەزگا سەربازییەکانی حکومەتی عێراقیدا, دەبێت سزا بدرێن! بۆیە, ئەمە نمونەیەکی زۆر سادەیە کەناشێت کار بەزۆربەی بەندەکانی یاسای سزادانی عێراقی بکرێت, کەهەڵوەشاندنەوە یان راگرتنی کارکردن بەو یاسایە لەئەستۆی پارلەمانی کوردستاندا بووە, بەلام دەبینین تائێستایش کاری پێدەکرێ و ئەم کارپێکردنەیش لەخزمەتی ئازادیی رۆژنامەنووسیی نێو یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندانییە. هەربۆیە, بۆ ئەوەی زیاتر یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان فراوانتر بکرێ کە

لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێت, پێویستە سزای تابۆکراوەکانی نێو یاساکە لەبەندێکدا یان لەخاڵێکی یەکێك لەبەندەکانی (ئەگەر وەك خاڵێك بخرێتە سەر بەندی نۆیەم شیاوترە) ئیزافەبکرێت, نەوەك هاوشانی ئەو حوکمە توانادانەبێت (وەك لەیاسای سزادانی عێراقیدا هەیە) کەنووسەران و ڕۆژنامەنووسانی پێ تاوانبار دەکرێت.

ــ لەم یاسایەدا ئاماژە بەوە نەکراوە یاساکانی تری چاپەمەنیی, ئەوانەی ساڵانێکی زۆر لەم هەرێمەدا کاریان پێکراوە, چیتر کاریان پێناکرێت و هەڵدەوەشێنرێنەوە. ئەوە نەبێت لەبەندی حەڤدەیەمدا هاتووە: کار بەهیچ دەقێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ. ئەم دەستەواژەیە ئەوە ناگەیەنێت یاساکانی تری چاپەمەنیی, بەتایبەتی یاسای چاپەمەنیی عێراقی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ کەساڵانێکی زۆر لەم هەرێمەدا کاریپێکراوە (ئێستایشی لەگەڵدابێت لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدا کاری پێدەکرێت) چیتر کاری پێناکرێت (هەرچەندە بەعەمەلی و لەدوای دەرچوونی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانەوە کار بەیاسای چاپەمەنیی عێراقی نەکراوە). بەپێی ئەو بەندەی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان بێت (مەبەست بەندی حەڤدەیەمە), ئەگەر یاسایەك پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان نەبێت (ئەمە وەکو گریمانێك) ئەوا کاری پێدەکرێت (ئەم بەندە هێندە گشتگیرە, ئەگەر یاسای چاپەمەنیی مۆزەمبیق تەبا بێت لەگەڵ حوکمەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا, ئەوا لەهەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت!). بۆیە, بەجێتر بوو لەیەکێك لەبەندەکاندا, یان لەخاڵێکی یەکێك لەبەندەکاندا ئاماژە بەوە بکرابایە چیتر کار بەیاسای چاپەمەنیی (بۆ نمونە یاسای ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨)ی عێراقی ناکرێت, واتا یاسا هەڵوەشاوەکانی دەستنیشانبکردبایە" کەچیتر کاریان پێناکرێت, هەروەك چۆن لەیاسای ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ی عێراقیداو لەبڕگەی (أ)ی بەندی سیودووەمیندا باس لەوەکراوە یاسای چاپەمەنیی ژمارە ٥٣ی ساڵی ١٩٦٤ هەڵدەوەشێتەوەو چیتر کاری پێناکرێت, هەروەها هەموو ئەو مۆڵەتانەیش هەڵدەوەشێنرێنەوە کە بەپێی یاسای پێشووتر (مەبەست یاسای ژمارە ٥٣ی ساڵی ١٩٦٤ ــ ٥) بەخشراونەتە چاپکراوە خولەکییەکان.

ــ لەم یاسایەدا بەتەواوی ماف و ئەرکەکانی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر دیارینەکراون, لەکاتێکدا بەپێی بەندی حەوتەم خاوەنی ئیمتیاز لەلای دادنووس دەفتەری تۆماری یاسایی ڕێکدەخاو مۆڵەتەکەی بەناوەوە دەبێت, وەك چۆن لەخاڵی یەکەمی بەندی پێنجەمدا ئاماژەی پێکراوە: هەر هاووڵاتییەکی عێراقی نیشتەجێی هەرێم بیەوێت چاپکراوێکی خولەکی دەربکات (واتا ببێتە خاوەنی ئیمتیازی چاپکراوی خولەکی) ناوی خۆی و سەرنووسەرو چاپکراوەکەو زمانەکەی دیاریدەکات. واتا خاوەنی ئیمتیاز لێرەدا سەرنووسەر دەستنیشاندەکات, بەو پێیەی خاوەنی چاپکراوەکەیە, بەڵام ئەگەر سەرنجبدەین دەبینین ئەم یاسایە ئەو مافەی بەخاوەنی ئیمتیاز نەداوە هەرچ کاتێك ویستی بتوانێت سەرنووسەر لاببات. بەڵکو خاوەنی ئیمتیاز تەنها ئەوەندە دەتوانێت ئەگەر ویستی کۆتایی بەتەمەنی چاپکراوە خولەکییەکەی بهێنێ, دەبێ بەنووسین وەزارەتی ڕۆشنبیری لێ ئاگادار بکات (وەك لەخاڵی یەکەمی بەندی شەشەمدا هاتووە). واتا خاوەنی ئیمتیاز لەمبارەیەوە هێندە مافی هەیە کۆتایی بەتەمەنی چاپکراوەکە بهێنێ و بوونی یاسایی نەهێڵێ. بۆ ئەوەیشی کەروون و ئاشکرانییە, خاوەنی ئیمتیاز سەرنووسەر لەپۆستەکەی لاببات, لەخاڵی دووەمی هەمان بەندا هاتووە: دەشێ خاوەنی ئیمتیاز یا سەرۆکی نووسین (مەبەست سەرنوسەرە ــ مەم) یا هەردووکیان بگۆڕدرێن, بەمەرجێك وەزارەتی لێ ئاگاداربکرێ. لێرەدا تەنها ئاماژە بەوەکراوە لەگۆڕینی هەرکامیاندا, ئەگەر بەنمونە باس لەگۆڕینی سەرنووسەر بکەین, دەبێت پێشوەخت وەزارەتی ڕۆشنبیری لێ ئاگاداربکرێتەوە. ئەو ئاگادارکردنەوەو گۆڕینە

(ئەگەر بەپێی ئەم خاڵەبێت) تەنها لەدەسەڵاتی خاوەنی ئیمتیازدا نییە, بەڵکولێلییەکی تێدایەو تەنها باس لەوەکراوە وەزارەتی لێ ئاگاداربکرێت. لێرەدا دەپرسم: ئەگەر سەرنووسەر ئامادەنەبوو بگۆڕدرێت و لەپۆستەکەی لابرێت, ئایا ئاگادارکردنەوەی وەزارەت بۆ گۆڕینی ناوبراو لەلایەن خاوەنی ئیمتیازەوە ئیکتیفا بەوە دەهێنێ کە سەرنووسەر دەگۆڕرێت؟ بێگومان ئەگەر بەپێی ئەو خاڵەی ئەو بەندەبێت (مەبەست خاڵی دووەمی بەندی شەشەمە), وەڵامێکی رازیکەرمان بۆ ئەو پرسیارە چنگ ناکەوێت. بۆیە, ئەو خاڵە زیاتر پێویست بەروونکردنەوە دەکات. یان خاڵێکی تر زیادبکرێت بۆ ئەوەی ئەگەر سەرنووسەر ئامادەنەبوو نووسراو پێشکەش بەوەزارەت بکات بۆ گۆڕینی و لاچوونی لەپۆستەکەی, دەشێت ئەوکات مافی خاوەنی ئیمتیاز (کەخاوەنی چاپکراوە خولەکییەکەیە) دەستنیشانبکرێت, لەوەی دەتوانێت سەرنووسەر لاببات یان نا..

بۆ ئەوەیشی کەبزانین تاچەندە ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەم یاسایەدا هەیە, چاکتروایە بگەڕێینەوە بۆ بەندی نۆیەم بەتایبەتی و هەروەها بەندی دووەمی یاسای ناوبراو.. لەبەندی دووەمی ئەم یاسایەدا, باس لەنەبوونی سانسۆرکراوەو هەموو هاوولاتییەك سەربەستکراوە لەدەرکردنی هەرچ چاپەمەنییەکدا" بەمەرجێك رەچاوی حوکمەکانی ئەم یاسایەبکەن. گرنگترین حوکمی ئەم یاسایە لەبارەی ئازادیی رادەربڕینەوە, حوکمەکانی بەندی نۆیەمی ئەم یاسایەیە. گشتگیریی حوکمەکانی ئەو بەندە بەتەواوی ئازادیی رادەربڕین تەسکدەکاتەوەو رۆژنامەنووس و نووسەران بێ بەریدەکات لەوەی مافی نووسینیان هەبێت" لەسەر زۆربەی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەهاوولاتییانەوە هەیە, بەجۆرێك مافی رەخنەگرتنیان هەبێت. ئەمە لەکاتێکدایە، جارێکی تر جەختی لەسەردەکەمەوەو هاوڕام لەبارەی ئەوەی ناکرێت رێگابدرێت بە ناوزڕاندن و تانووت لێدان لەهاوولاتییان, هەروەها نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەر حورمەتی ئایین و مەزهەبەکان, بەڵام بۆ مەسەلەی دابونەریت, ئەم لایەنەیان زۆر گشتگیرەو دەشێت نووسەران و رۆژنامەنووسان مافیان هەبێت لەم بارەیەوە قسەی خۆیان هەبێ و رەخنە بگرن, بەوپێیەی دابونەریتی ئەمرۆ جیاوازە لەدوێنێ و لە سبەینێیش جیاوازتر دەبێ. بۆیە, ئەرکی رۆژنامەنووسانە (کەدواجار بەشێکن لەرۆشنبیر) رەخنە لەواقعی ئەمرۆمان بگرن (هەڵبەت واقیعی ئەمرۆمان پەیوەندییەکی دینامیکی هەیە بەدابونەریتی ئەمرۆمانەوە), هەروەك چۆن جۆرج تەرابیشی لەبارەی چەمکی رەخنە بۆ واقیعی ئەمرۆی عەرەب دەڵێت: "چەمکی رەخنە خۆشەویستترین چەمکێکە لەلام, چونکە لەدۆخگەلێکی دژواردا, وەك دۆخی ئەمرۆی عەرەب, رەخنە تاکە ئامرازی گۆڕانکارییە...". هەربۆیە, لەدۆخگەلێکی ئەمرۆی واقیعی کوردیشدا, رەخنە دەبێتە یەکێك لەهەر چەمکە جوانەکان بۆ گۆڕانکاری و بەشدارییکردن لەشەپۆلی دیموکراسی و بەرگرتن لەو دیدە دۆگمایەی داب ونەریت سەپاندویەتی بەسەرماندا. بۆیە, بەلابردنی دەستەواژەی "داب ونەریت" (وەك یەکێك لەپیرۆزەکان و تابۆکراوەکان کەنابێت قسەی لەبارەوە بکرێت) سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین فراوانتر دەکرێت.

بەهەمان شێوە (وەك پێشتر جەختم لەسەرکردەوە) سیستمی گشتی گشتگیرە (وەك یەکێك لەتابۆکراوەکان کەناکرێت لەبارەیەوە بنووسرێت) و دیسانەوە بەلابردنی ئەمەیش, سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین فراوانتر دەبێ. چونکە دواجار رەخنەگرتن نەك هەر لەو دووانە بەڵکو لەزۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتی و پیرۆزکراوەکان دەبێتە دەروازەیەك بۆ کرانەوە بەدونیای دەرەوەداو بەشدارییکردن لەرەوتی دیموکراسی و شەپۆلی جیهانگیری کەدونیای تەنیووە. هەروەك چۆن مامجەلال لەبارەی بەهای چەمکی رەخنەگرتن لەوتەیەکیدا بەبۆنەی یادی ۱۰۳ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی و لەکردنەوەی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستاندا وتی: "رەخنەگرتن و رەخنە لەخۆگرتن چەکێکە ژیان بەبێ بەکارهێنانی ئەم چەکە گەشەناکات, وەبگرە وەکو گۆمێکی

لێدیٚ کەوردە وردە ئاوی تێدەچیٚو بۆگەن دەبێتو دەبێتە مایەی نەخۆشی بڵاوبوونەوە, لەجیاتی ئەوەی مایەی ژیانو ئاودێریو ئاوەدانیبێت ..". بۆ ئەوەی ژیان لەم هەرێمەدا نەبێتە گۆمێکی بۆگەنو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی, چاکتر وایە لەناو ئەم یاسایەدا سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین فراوان بکرێنو تابۆکراوەکان کەمبکرێنەوەو مافەکانی رۆژنامەنووسانو نووسەران زامن بکرێن, کەدواجار ئەمە دەبێتە دەروازەیەك بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی کوردی, هەروەك چۆن لەم بارەیەوەو لەهەمان بۆنەدا مامجەلال وتی: "... حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز دەبێت ئەگەر بێت ئەوپەڕی سەربەستیو ئازادی دابین بکات بۆ نووسەرانو رۆژنامەنووسان, وە ئەوپەڕی ماوەی رەخنەگرتنو رەخنە لەخۆگرتن بدات بەهەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت بیروڕای خۆیان دەرببڕن ..." .

خاڵێکیتر کەدەمەوێت لێرەدا بیخەمەروو, ئەوەیە دەستنیشانی مافو ئەرکەکانی رۆژنامەنووسان نەکراوە (هەرچەندە بڕوام وایە ئەمە یاسای چاپەمەنییە نەوەك یاسای سەندیکا یاخود یەکێتیی رۆژنامەنووسان), ئەمەیش لەو روانگەوەیە کە کاری رۆژنامەنووسیی وەك بەشێك لەچاپکراو, بەتایبەتی چاپکراوی خولەکیو دواجار چاپکراوی خولەکیش دەبێتە یەکەیەکی یاسای چاپەمەنیی. دەبوو لەم یاسایەدا مافو ئەرکەکانی رۆژنامەنووسان دەستنیشانبکرابانایە, هەڵبەت مەبەستم لەتەواوی مافو ئەرکەکان نییە, بەڵکو تەنها ئەگەر بکرابایە ئاماژە بەسەربەستیی کاری راگەیاندنی پەیامنێرانی میدیای کوردی, یان رۆژنامەنووسانی کوردبکرایە, وەك چۆن لەبەندی چواردەیەمدا ئاماژە بەسەربەستیی کارکردنی پەیامنێرانی میدیای بیانی کراوە لەهەرێمدا" کە لەوبارەیەوەو لەلایەن وەزیری رۆشنبیرییەوە رێنمایی پێویستیان بۆ دەردەچێت..

دواجار دەهێنیٚ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە, ئەم یاسایە بە بەراورد لەگەڵ هەریەك لەیاساکانی چاپەمەنیی عوسمانیو عێراقی (کەماوەیەکی زۆر لەم هەرێمەدا کاریان پێکراوەو ئەو بەراوردکردنەیش هەر لەو سۆنگەیەوە هاتووەتە بوون) سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕینی زیاتر تیا فەراهەمکراوەو دەشێت دوای تێپەڕبوونی نزیکەی نۆ ساڵ بەسەر دەرچوونیداو لەپێناو گونجاندنی لەگەڵ سەردەمو فراوانکردنی ئاسۆکانی ئازادیی رادەربڕیندا, پێداچوونەوەی پێدا بکرێت" تاوەکو گوزارشت لەیاسایەکی مەدەنیو یاسایەکی چاپەمەنیی بکات کەبوترێت لەهەناوی دەسەڵاتێکی دیموکراسەوە هاتووەتە بوون, چونکە بڕوام وایە هەرچەن٥ دە ئەم یاسایە لەلایەن پارلەمانی کوردستانەوە دەرچووە, بەڵام دواجار لەخۆیدا هەڵگری کەموکورتییەو ئەم تۆژینەوەیەیش وێڕای بەدەرخستنی لایەنە گەشەکانی, هاوکات بۆ مەبەستی دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکانیەتیو دەروازەیەکیشە بۆ فراوانکردنی سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین لەنێو ئەو یاسایەدا" بەجۆرێك لەخزمەتی بزووتنەوەی چاپەمەنییو رۆژنامەنووسیدا بێت لەهەرێمی کوردستاندا.

# پاشبەند

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ٢٤

مێژووی بڕیار: ١٩٩٣/٤/٢٥
یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق

((بڕیـــــــار))

بەپێی حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر پێشنیازی وەزیری ڕۆشنبیریو بڕیار لەسەردانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٣/٤/١٨دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٩٣

# یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق
٢- وەزارەت: وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم
٣- وەزیر: وەزیری ڕۆشنبیری هەرێم
٤- چاپکراوی خولەکی (دەوری): هەر چاپکراوێك کە بەردەوام بەژمارەی زنجیرەیی و لەکاتێکی دیاریکراودا دەربچێ وەك ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەو هەرچییەکی لەم بابەتەبێ.
٥- چاپکراوی ناخولەکی (نادەوری): هەر چاپکراوێك کە بۆ یەك جار دەربچێ یان بەشبەشی دیاریکراو بێ بەبێ گوێدانە چاپکردنەوە (ÚÈØáÇ ÉÏÇÚÇ) وەك مەوسوعەو قامووس و کتێب و نامێلکەو نەخشە (ÉØ1ÑÎ) و ڕسمو هەرچییەکی لەم بابەتەبێ.

**ماددەی دووەم:**

چاودێری (ڕقابە) لەهەرێمدا ناخرێتە سەر چاپەمەنیی و هەر هاووڵاتییەك سەربەستە لەدەرکردنی هەر چاپەمەنییەکدا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێهەم:**

مەرجە چاپەمەنیی خولەکی خاوەن (امتیاز)و سەرۆکی نووسینی هەبێ کە دەبێ خوێندنەوەو نوسین بەزمانی چاپکراوەکە بزانن و ئەهلییەتی یاسایی تەواویان هەبێ و لەسەر تاوانێك (جنایە) یاکەتنێکی (جنحە) ناسیاسیی لەکەدارکەری شەرەف حوکم نەدرابن.

**ماددەی چوارەم:**

خاوەنی (امتیاز)و سەرۆکی نووسینی چاپکراوی خولەکی بەهاوبەشی لەبەردەم یاساو دادوەریدا لێی بەرپرسیارن.

**ماددەی پێنجەم:**

١- هەر هاووڵاتییەکی عێراقی نیشتەجێی هەرێم کەبیەوێ چاپکراوێکی خولەکی دەربکا، دەبێ داخوازییەك پێشکەش بەوەزیری ڕۆشنبیری بکاو تیایدا ناوی خۆیو ناوی سەرۆکی نووسین و ناوی چاپکراوەکەو زمانەکەی دیاری بکات.
٢- وەزیر دەبێت لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەڕۆژی تۆمارکردنی داخوازییەکەوە لەلای وەزارەت بڕیاری خۆی لەبارەیەوە بدات.
٣- ئەگەر وەزیر لەو ماوەیەی بڕگەی (٢)دا بڕیاری خۆی نەدا، چاپکراوە خولەکییەکە لەڕووی یاساییەوە بەڕێپێدراو دادەنرێ.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

٤ـ لەحاڵـەتی ڕەتکردنەوەی داخوازییەکەدا, خـاوەنی داخوازییـە ڕەتکـراوەکە بـۆی هەیـە لـەماوەی دە ڕۆژدا لـەو ڕۆژەی پـێی ڕادەگەیەنریٚ لەلای دادگای پێداچوونەوە (تمیز)ی هەرێم تانووت لەبڕیاری وەزیر بداو بڕیاری دادگاش بنبڕ (ÌÚØÞ) دەبێت.

**ماددەی شەشەم:**

١ـ چاپکراوی خولەکی لەکاتی دەرچوونی یەکەم ژمارەیەوە دەبێتە خاوەنی بوون (وجود)ی یاسایی خۆیو ئەگەر خاوەنەکەی ویستی ئەو بوونەی نەهێڵیٚ, دەبیٚ بەنووسین وەزارەتی لیٚ ئاگادار بکاو ئەو ساڵە ڕۆژی تۆمارکردنی ئاگادارکردنەوە لەلای وەزارەت بوونە یاساییەکەی نامێنیٚ.

٢ـ دەشیٚ خاوەنی (امتیاز) یا سەرۆکی نووسین یا هەردووکیان بگۆڕدرێن بەمەرجیٚ وەزارەتی لیٚ ئاگادار بکریٚ

**ماددەی حەوتەم:**

دەبیٚ خاوەنی (امتیاز)ی چاپکراوی خولەکی بەپێی حاڵی چاپکراوەکە دەفتەری تۆماری یاسایی ئوسووڵی (ÉÍäæäÇÞáÇ ÊÇáÌÓáÇ) ÉÍáæÕÇáÇ)ی سەلمێنراو لەلایەن دادنووسەوە ڕێك بخات .

**ماددەی هەشتەم:**

١ـ ئەوەی دەیەویٚ چاپکراوی ناخولەکی چاپ بکا, دەبیٚ پێشەکی لەلای کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم تۆماری بکاو دانەیەکی وەك خۆی (ÞÈØ الاصل) بەویٚ بسپێریٚ.

٢ـ ئـەوەی چـاپکراوی نـاخولـەکی دەدا بەچـاپکردن دەبیٚ دوای چـاپکردنی چـەند دانەیـەکی بسـپێرێت بـە کتێبخـانەی گشـتیی هەرێم.

٣ـ دەبـیٚ چـاپکراوی نـاخولـەکی کەچـاپ دەکـریٚ, نـاوی دانـەر یـان دانـەرو وەرگـێڕو پێشکەشـکەری بـۆ چـاپو بڵاوکـەرەوەی (ناشـر)و سـاڵی چـاپکردنیو نـاوی ئـەو چـاپخانەی لـێی چـاپکراوەو ژمـارەو ڕۆژی سـپاردنی بەکتێـبخانەی نیشـتمانیو ژمـارەی دانەکانی تێدابێت.

**ماددەی نۆیەم:**

بڵاوکردنەوە (النشـر) لـەو بابەتانـە قەدەغـەن کـەهانی کـردنی تـاوانو کـاری تیرۆرسـتی (الارهاب) دەدەنو ڕێوشوێنی بۆ خۆش دەکـەنو تینو توانـای بـۆ دابین دەکـەن, یاجنێوو تـانووت لـێدانو نـاوزڕاندنی کەسـانیان تـێدابیٚ, یادەستدرێژی بۆ سـەر حورمـەتی ئایینو مەزهەبەکانو دابو نەریتو سیستمی گشتی تێدابیٚ.

**ماددەی دەیەم:**

خـاوەنی (امتـیاز) یـا سـەرۆکی نووسـینو نووسـەری وتـار لەچـاپکراوی خولەکـیداو پێشکەشـکەری چـاپکراوی نـاخولـەکی, لەحاڵەتی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا, بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان دەکەونە بەر لێپرسینەوەی یاساییەوە .

**ماددەی یانزەیەم:**

١ـ ئەو داوا (دعوی) گشتییانەی لەسەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەوەشێنەوە, لەلایەن داواکاری گشتی (ÁÇÚÏÇáÇ العـام) وەبەپەسـەندکردن لەلایـەن وەزیـری دادەوە دەکـرێن. بـەڵام ئـەو داوا تایبەتـیانەی لـێی دەوەشـێنەوە لەلایـەن زەرەرمـەندەوە دەکرێن.

٢ـ ئـەو داوایانـە لەبـڕگەی سـەرەوەدا باسـکراون, نـابیٚ دوای تێپەڕبوونی سـیٚ مـانگ لـەڕۆژی بڵاوکـردنەوەوە بـۆ چـاپکراوی خولەکیو لەکاتی دەستکردنەوە بەدابەشکردن لەچاپکراوی ناخولەکیدا لەلایەن دادگاکانەوە ببینرێن.

**ماددەی دوانزەیەم:**

١ـ حوكمی دادوەری بەگوناهباركردنی خاوەنی (امتیان)و سەرۆكی نووسین بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە چاپكراوی خولەكیدا خودی چاپكراوەكە ناگرێتەوەو بوونی (وجود)ی بەردەوام دەبێ, مەگەر خاوەنی (امتیان) خۆی وەهای حەزلێ نەبێ كە ئەوسا حوكمی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەی بەسەردا جێبەجێ دەكرێ.

٢ـ حوكمی دادوەری بەگوناهباركردنی پێشكەشكەری چاپكراوی ناخولەكی بۆ چاپ خودی چاپكراوەكە دەگرێتەوەو تاكاتی لادانی هۆی گوناهباركردنەكە چاپكراوەكە دەستی بەسەردا دەگیرێ و بڵاوكردنەوەی قەدەغەدەكرێ.

**ماددەی سیازدەیەم:**

هیچ كۆتێك لەسەر هاتنی چاپكراو بۆ ناو هەرێم و بردنی بۆ دەرەوەی نییە" تەنیا ئەوانە نەبێ كەپێچەوانەی حوكمەكانی ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایەن و سەرپێچیكەر دەكەوێتە بەر لێپرسینەوەی یاساییەوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەربەستیی كاری راگەیاندن بۆ پەیامنێرو نوێنەرانی داموو دەزگاكانی راگەیاندنی بیانی لەهەرێمدا مسۆگەرەو مەرج و بنچینەكانی كاركردنیان بەرێنماییەك دیاری دەكرێن كە وەزیر دەریدەكات.

**ماددەی پازدەیەم:**

دەبێ خاوەنانی ئەو چاپكراوە خولەكیانەی تا كاتی جێبەجێكردنی ئەم یاسایە هەن, لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەرۆژی بڵاوكردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا حوكمی ماددەی پێنجەمی جێبەجێ بكەن.

**ماددەی شازدەیەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانی جێبەجێكردنی ئەم یاسایە دەربكا.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

كار بەهیچ دەقێك ناكرێ كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێ.

**ماددەی هەژدەیەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكا.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوكردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا كاری پێدەكرێت.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان**

# یاسای چاپەمەنیی دەوڵەتی عوسمانی

یاسای تێكرای رۆژنامەو بڵاوكراوەو هەواڵنامەی دەوڵەتی و سیاسی كە لە ئیستەمبوڵ و تێكرای وڵاتانی پاشایەتی ـ عوسمانی ـ دەردەچن.

## بـــــــــــەشی یەكەم

## (بابەتە گشتییەكان)

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

**یەکەم:**

رۆژنامەو هەموو بابەتێکی سیاسی و دەوڵەتی, بەهەر زمانێك بێت, جا لەکاتێکی دیاریکراودا دەربچێت یا بە بەش بەش لەکاتی دیاریکراودا, بەبێ مۆڵەتی یاسایی نابێت بڵاوبکرێتەوە.

خاوەنی ئیمتیازی ئەو بڵاوکراوەو رۆژنامانە, ئەگەر هاووڵاتی دەوڵەتی پایەبەرز بن, داواکاری خۆیان پێشکەش بە وەزارەتی (علوم) دەکەن و ئەگەر سەر بەدەوڵەتێکی بێگانەش بن, ئەوا داواکارییەکەیان پێشکەش بە وەزارەتی دەرەوە دەکەن.

ئەگەر ئەو مەرجانەی کە لەبڕگەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هەن, لەو کەسانەدا هاتنەدی ئەوا مۆڵەتی یاساییان پێ دەدرێت, بەڵام مۆڵەتنامەکە لە بەڕێوەبەرایەتیی چاپەمەنییەکان دەردەچێت.

**دووەم:**

ئەو کەسانەی کە لەمیرنشینەکانی سەر بەوڵاتی پاشایەتیدان و دەیانەوێت ببن بەخاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەو بڵاوکراوە, ئەگەر ئەو کەسانە هاووڵاتی بن, ئەوا داواکارییەکەیان بۆ وەزارەتی (علوم) دەنووسن و ئاگاداری دەکەن, ئەگەر بێگانەش بوون ئەوا داوا لەوەزارەتی بەڕێزی دەرەوە دەکەن.

ئەگەر ئەو مەرجانەی کە لەماددەی سێهەمدایە تیایاندا بێت, ئەوا مۆڵەتنامەیەك دەدرێتە فەرمانڕەوای ئەو شوێنە.

**سێهەم:**

ئەو کەسەی کە دەیەوێت رۆژنامە دابمەزرێنێت, ئەگەر هاووڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بێت, پێویستە تەمەنی لە ۳۰ساڵ کەمتر نەبێت و, هیچ تاوانێك و کارێکی نایاسایی ئەنجام نەدابێت و, خاوەن مافی کەسایەتی خۆی بێت و, بتوانێت سەربەخۆ کارەکانی ئەنجام بدات, بەو شێوەیە دەتوانێت مۆڵەت وەربگرێت .

بەڵام ئەگەر سەر بەوڵاتێکی بێگانە بوو, ئەوا پێویستە وەك هاووڵاتییەکی دەوڵەتی عوسمانی شوێنکەوتەی یاساکان بێت, هەموو ئەو یاسایانەی کە بەسەر هاووڵاتییەکدا پیادە دەکرێن, دەبێت ئەو گوێڕایەڵیان بێت, ئەگەر ئەو مەرجانەی پەسەندکرد, ئەوا مۆڵەتی کاری رۆژنامەگەریی پێ دەدرێت.

**چوارەم:**

لەگەڵ ئەو داواکارییەی کە لەخاڵی یەکەمدا باسکرا, پێویستە سەنەدێك بەمۆرو ئیمزا کەناوی رۆژنامەکەو ناوی چاپخانەکەو بەڕێوەبەری رۆژنامەکەو رۆژانی چاپکردنی و چەند جار لەمانگێکدا دەردەچێت, پێشکەش بکات و بەڕێوەبەری رۆژنامەکە بەخەتی خۆی یەك نوسخە ئیمزا بکات و رەوانەی شوێنی تایبەتی بکات, نوسخەکانی تر چاپ بکات و پاشان ئیمزای بکات. لەمیرنشینەکانیشدا ئەو داواکارییە دەدا بەفەرمانڕەوای ئەو شوێنە.

**پێنجەم:**

هەر کاتێك خاوەن یا بەڕێوەبەری رۆژنامەو بڵاوکراوە ویستی مۆڵەتەکەی خۆی بە کەسێکی تر بدات, ئەوا پێویستە سەردانی ئەو شوێنە بکات کەلێوەی دەرچووەو, دەبێت ئەو کەسەش بەگوێرەی خاڵەکانی یەك و, دوو, سێ مۆڵەت وەربگرێت. ئەگەر رۆژنامە, چاپخانە بگۆڕێت, پێویستە بەڕێوەبەری یاخود خاوەنەکەی ئاگاداری ئەو شوێنە بکات کەمۆڵەتەکەی لێوە دەرچووە.

**شەشەم:**

ئەو بڵاوکراوە سیاسییانەی کە لەئەستەمبوڵ و میرنشینە عوسمانییەکان دەرچوون, لەمۆڵەتنامەی رەسمی بەخشراون و, هەموو ئاگادارکردنەوەو سزایەك بەرامبەر ئەوان هەڵوەشاوەیە, بەڵام ئەو بڵاوکراوانە کە لەئێستە بەدواوە دەردەچن ئەوا دەبێت پەیرەوی ئەم یاسایانە بکەن.

**حەوتەم:**

لەكۆتایی هەموو بابەتێك لەلایەن كەسێكی ترەوە لەرۆژنامەكەدا بڵاوكرابێتەوە, پێویستە ئیمزای نووسەرەكەی هەبێت, ئەگەر نەبێت ئەوا رۆژنامەكە بەرپرسە لەوەی كەچاوپۆشی لێكردووە.

ئەگەر خاوەن بابەتەكەش ئیمزای كردبوو, بەڵام بەگوێرەی ئەم یاسایە كاری نەكردبوو ئەوا خاوەن رۆژنامەكەو نووسەری بابەتەكەش هەردووكیان لە لێپرسینەوەدا هاوبەشن.

**هەشتەم:**

ئەگەر سەرۆكایەتیی دەزگا رەسمییەكان لە ئەستەمبوڵو میرنشینەكان نامەی رەسمی بنێرن بۆ رۆژنامە, ئەوا پێویستە بەبێ وەرگرتنی پارەی بەرامبەرو هەقی بڵاوكردنەوە, ئەو نامانە لەلاپەرەكانی یەكەمو دووەمدا بڵاوبكرێنەوە, هەروەها ئەگەر وەڵامی نامەی كەسایەتییە بەرێزەكانیشی تێدابوو, ئەوا لەهەمان لاپەرەدا بەبێ بەرامبەر دەبێت بڵاوكرابێتەوە, بەمەرجێك دوو ئەوەندەی نامەی پێشوو نەبێت.

**نۆیەم:**

ئەو رۆژنامەو بڵاوكراوانە كە لەدەرەوە دەردەچنو بابەتی سیاسی هەمەجۆریان تێدایەو دژ بەدەوڵەت دەنووسن, ئەوا قەدەغەیە لەناوخۆی دەوڵەتدا بڵاوبكرێنەوە.

## بەشی دووەم

## ( دەربارەی ئاگاداركردنەوەو سیاسەت )

**دەیەم:**

هەر كەسێك بەبێ مۆڵەتی یاسایی دەوڵەتو بەپێچەوانەی ئەم یاسایە رۆژنامە یان بڵاوكراوە دابمەزرێنێتو چاپ بكات, ئەوا بۆ هەر نوسخەیەك یا بۆ هەر بەرگێك (دە) لیرەی زێری لێ دەسێنرێتو رۆژنامەكەشی قەدەغە دەكرێت.

**یازدەیەم:**

ئەگەر رۆژنامەنووسێ لەبڵاوكردنەوەی ئاگادارییە رەسمییەكان, كە لەخاڵی هەشتەمدا باسكرا نكوڵی بكاتو بڵاوی نەكاتەوە, ئەوا لە (دوو) لیرەوە هەتا ٢٥لیرە (جەریمە) دەكرێت, هەروەها ئەگەر وەڵامنامەی خەڵكی لەسەر ئەو بابەتانەی كە لەرۆژنامەكەدا هەن بڵاونەكاتەوە, لەدوو لیرەوە هەتا ٢٠لیرە جەزای لێ دەسەنرێت.

**سیانزەیەم:**

وەك چۆن لەیاسای سزاداندا باس كراوە, هەر كەسێك بەهۆی رۆژنامەوە خەڵكی هانبدات بۆ ئاژاوەو پشێویو خراپەكاری كەئاسایشی ناوخۆ تێكبداتو دژ بەدەوڵەتی پایەدار بێت, ئەوا ئەو رۆژنامەنووسەو رۆژنامەكە بەیەكەوە سزا دەدرێنو ئاگاداردەكرێنەوەو رۆژنامەكەشی لەلایەن دەوڵەتەوە بەشێوەی كاتی یا بە بەردەوامی قەدەغە دەكرێت.

**چواردەیەم:**

هەر رۆژنامەنووسێك شتێك بنووسێت كە لەگەڵ دابونەریتو رەوشتی میللەتدا نەگونجێت, یا سووكایەتی تیابێت بەیەكێك لەئاینەكان, ئەوا لەیەك لیرەوە هەتا ٢٥لیرە (جەریمە) دەكرێت, یا یەك هەفتە هەتا سێ مانگ زیندانی دەكرێت.

**پانزەیەم:**

ئەگەر رۆژنامەنووسێ بەرامبەر سوڵتانی پایەدارو خانەوادەی ئەو, وشەو دەستەواژەی ناشایستە بنوسێت, لەشەش مانگ هەتا سێ ساڵ زیندانی دەكرێت, یا لە ٢٥ لیرە هەتا ١٥٠لیرە (جەریمە) دەكرێت.

**شانزەیەم:**

ئەگەر مەبەستێك بنووسێت كە ئابڕووی وەزیرەكانی دەوڵەتو میرەكانی ناشرین بكات ئەوا لەیەك مانگ هەتا یەك ساڵ زیندانی دەكرێت, یا لە ٥ لیرە هەتا ١٠٠ لیرە (جەریمە) دەكرێت .

www.Kurdistannet.org

**حەڤدەیەم:**

ئەگەر بەرامبەر ئەو پاشایانەی کە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هاوپەیمانن, شتێك, یا دەستەواژەیەکی نابەجێ بنووسێت, ئەوا لە ٣مانگ تا یەك ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت, یا لە ٥ لیرەوە هەتا ١٠٠ لیرە (جەریمە) دەکرێت.

**هەژدەیەم:**

(توانج) بەوە دەڵێن کە رەفتارو کرداری کەسێك یا گرووپێك بنوسرێت پاشان ئابڕووی لەکەدار بکرێت و پلەو پایەی ناشرین بکرێت, (سوکایەتیش) بەوە دەڵێن کە کردەوەی تایبەت باس ناکرێت و لەگەڵ ئەوەشدا سووکایەتی پێدەکرێت و قسەی نابەجێی بەرامبەر دەکرێت.

**نۆزدەیەم:**

ئەگەر بەرامبەر لیژنەیەکی دەوڵەتی یا دادگاو کۆمیسیۆنێك توانج و سووکایەتی بکرێت, ئەوا ئەو کەسەی کە ئەو کارەی کردووە لە ١٥ رۆژ تا یەك ساڵ زیندانی دەکرێت, یا لە دوو لیرەوە هەتا ٥ لیرە جەریمە دەکرێت.

**بیستەم:**

ئەگەر توانج لەفەرمانبەرو خزمەتکارانی دەوڵەتی پایەدار بگیرێت, ئەوا لە ١٠ رۆژ هەتا ١٠ مانگ زیندانی دەکرێت, یا لەیەك لیرەوە هەتا چل لیرە جەریمە دەکرێت.

**بیست ویەکەم:**

ئەگەر بەرامبەر باڵیۆزو وەزیری هەڵبژێرراو کارمەندانی باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی دەرەوە, کەدانیشتوانی وڵاتی پایەدارن (عوسمان) توانج بنوسرێت, ئەوا ئەو کەسە لەهەشت رۆژ تا هەشت مانگ زیندانی دەکرێت, یا لەیەك لیرەوە هەتا سی لیرە (جەریمە) دەکرێت.

**بیست ودووەم:**

ئەگەر لەناو رۆژنامەدا توانج لەهاووڵاتیان گیرا, ئەوا رۆژنامەنووسەکە لەپەنجا قرۆشەوە هەتا ١٥ لیرە (جەریمە) دەکرێت, یا لەپێنج رۆژ تا ١٥ رۆژ زیندانی دەکرێت.

**بیست وسێیەم:**

ئەگەر بەرامبەر کاربەدەستی میریی توانج بگیرێت, ئەوا ئەو ئاگادارییانەی سەرەوە کە باسکران دەیگرێتەوە. ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا بوو, ئەوا پاش دادگایی ئەگەر رۆژنامەنووس توانی نووسینەکانی خۆی بسەلمێنێت, ئەوا هیچی لەسەر نییە.

ئەگەر لەگەڵ توانج دا سووکایەتیشی پێکرا, ئەوا تەنها لەسەر ئەو کارە سەرزەنشت دەکرێت.

**بیست وچوارەم:**

ئەگەر بەرامبەر کارمەندانی دەوڵەتە دۆستەکانی ئەوەی لەخاڵی بیست و یەکدا باسکرا ئەنجامدرا, ئەوا نووسەرەکە لە پێنج رۆژ تا پێنج مانگ زیندانی دەکرێت.

**بیست وپێنجەم:**

ئەگەر بەرامبەر هەریەکێك لەهاووڵاتییان سووکایەتی کرا, ئەوا لەدوو رۆژ تا دوو مانگ زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت, یا لەسێ قرۆش تا پێنج لیرە (جەریمە) دەکرێت.

**بیست وشەشەم:**

ئەگەر رۆژنامەنووسێك بە ئەنقەست هەواڵی درۆو بەڵگەنامەی هەڵبەستراوو بەنییەتی ئاشووب و تێکدان بنووسێت, یا لەرۆژنامەی ترەوە نەقڵی بکات, ئەوا لەیەك مانگ تا یەك ساڵ زیندانی دەکرێت, یا لە دە لیرە تا پەنجا لیرە (جەریمە) دەکرێت.

**بیستوحەوتەم:**

ئەو ئاگادارکردنەوەو سەرزەنشتانەی کە لەبرگەی پانزەو, شانزەو, حەڤدەو, بیستو, بیستویەکدا هەن ئەنجام نەدرا, ئەوا دەوڵەت ئەگەر بەپێویستی زانی دەتوانێت بۆ ماوەی یەك مانگ ڕۆژنامەکە دابخات.

**بیستوهەشتەم:**

ئەو فەرمانەی کە دژ بەڕۆژنامەنووس دەردەچێت لەکاتی قەدەغەکردنی دەرچوونی ڕۆژنامەکەدا, دەبێت تاماوەی یەك مانگ ئەو هەواڵە بڵاوبکرێتەوەو کرێی بڵاوکردنەوەکەشی لەئەستۆی تاوانباردایە.

**بیستونۆیەم:**

ئەگەر لەماوەی دوو ساڵدا ڕۆژنامە یان بڵاوکراوە سێ جار تاوانبار کرا, ئەوا دەوڵەت دەتوانێت بەشێوەی کاتیی یا بەیەکجاری ڕۆژنامەکە دابخات.

**سییەم:**

ئەگەر بەڕێوەبەر یا خاوەنی ڕۆژنامەکە لە ئەنجامی سەرپێچیکردندا, یا کارێکی دژ بەیاسا زیندانیکرا, دەتوانێت یەکێکیتر لەشوێنی خۆی دابنێت بەمەرجێك, مەرجە یاساییەکانی تیابێت.

**سیویەکەم:**

ئەگەر لەڕۆژنامەدا سووکایەتی کرا, ئەوا هەتا خاوەنی ئەو دەعوایە خۆی داوا نەکات هیچ کارێك دژ بەڕۆژنامەکە ناکرێت, بەڵام ئەگەر سووکایەتی بەسوڵتانو خانەوادەو دەوڵەتو وەزیرەکانی یا دژ بەنەریتو ڕەوشتی کۆمەڵایەتی کرا, ئەوا دەوڵەت دەبێتە (مدعی) داواکار.

ئەگەر سووکایەتی بەئایینو مەزهەب کرا, هەتا کاربەدەستانی ئەو ئاینانە خۆیان داوا نەکەن, دەوڵەت داواکاری تۆمار ناکات.

**سیو دووەم:**

ئەگەر لەڕۆژنامەدا مافی یەکێك یا لایەنێك پێشێلکراو تا (شەش) مانگ دەعوا لەسەر ڕۆژنامەکە تۆمار نەکرا, ئەوا دوای شەش مانگ ئەو داواکارییە نابیسترێتو کاری پێ ناکرێت.

**سیو سێیەم:**

ئەگەر ڕۆژنامەکە سەرپێچی یاسایی دووبارەکردەوە پاش ئەوەی لەلایەن دەوڵەت یا دادگاوە ئاگادار کرایەوە, ئەوا سزاکەی دووبەرامبەر دەبێتەوە.

**سیو چوارەم:**

بۆ ئەو تاوانانەی کەدەدرێنە پاڵ ڕۆژنامەیەك وەك ئەوانەی کە لەماددەی پانزەو, حەڤدەو, نۆزدەو, بیستو, بیستویەکەم, بیستوچوارەم, باسکرا, یەك کۆمیسیۆنی پێنج کەسی لە(باب العالی) دروست دەکرێتو پاش لێکۆڵینەوە, ڕاپۆرتی تایبەت بۆ دیوانی بەرزی وڵات بەرز دەکرێتەوەو لەوێ فەرمانو ئاگادارکردنەوەو سزادان دەردەچێتو ئەوەی پەیوەندیشی بەتاوانو دەست درێژییەوەبێت وەك لەبرگەکانی تردا نووسراوە, ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ دادگای دەوڵەتو لەوێ فەرمان دەردەکرێت.

**سیو پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ٢ی شەعبانی (١٢٨١) کۆچییەوە کاری پێ دەکرێت.

**تێبینی:**

*ئەو سەرچاوەیەی کە ئەم دەقی یاسایەم لێوەرگرتووە، ژمارە "٣"ی وەرزە گۆڤاری "رۆژنامەڤانی"یە" کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات و دەقی یاساکەیش "عەبدوللا نەجمەدین تەها" لەفارسییەوە کردوویە بەکوردی. هەردەمەویٰ ئاماژە بەوەیش بکەم کە لەبلاوکردنەوەی ئەو دەقی یاسایەداو لەو گۆڤارەدا، بەندی دوانزەیەم نەنووسراوەو لەبەندی یانزەیەمەوە بازدراوە بۆ بەندی سیانزەیەم (کە رەنگە هۆکەی بۆ کەمتەرخەمی هەڵەچن بگەڕێتەوە) و بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوەی ترم شکنەبرد، ناچار وەك خۆی دامناوەتەوەو لێرەدا بەندی دوانزەیەمی تیانییە، لەگەڵ دوای لێبوردندا.*

## یاسای چاپەمەنیی عێراقی
## ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨

***بەناوی گەلەوە***

***سەرۆکایەتیی کۆمار***

بەپشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی پەنجا لەدەستووری کاتیی, وە لەسەر ئەو داوایەی کەوەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن خستیە روو, ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی نیشانداو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری لەسەردا:

ئەم یاسایەی خوارەوە تەسدیق کرا:

**بەندی یەکەم:**

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە مەبەستەکانیان بەرانبەریان روونکراونەتەوە:

١) وەزیر: وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن.

٢) وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن.

٣) چاپکراوی خولەکی: هەر چاپکراوێك بە بەردەوامی دەربچێت" بەژمارەی یەك لەدوای یەكو لەکاتی دیاریکراودا.

٤) چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی: هەر چاپکراوێکی ئاینیی, یان ئەدەبی, یان رۆشنبیری, یان کۆمەلایەتی یاپیشەیی.. هتد .

٥) چاپکراوی ناخولەکی: هەر چاپکراوێك یەك جار دەربچێت, یان بە بەشی دیاریکراو دەربچێت, وەك کتێبو وێنەکانو بلاوکراوەکان .. هتد. جا ئەگەر بێتو چاپکراوبێت یان بەدەست نووسرابێت, یان بە هەر ئامێرێك لەچاپ درابێت لەژمارەیەك زیاتر بەمەبەستی بلاوکردنەوە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

**بەندی دووەم:**

پێویستە هەر چاپکراوێکی خولەکی خاوەن و سەرنووسەری بەرپرسی هەبێت.

**بەندی سێیەم:**

أ ـ مەرجە خاوەنی چاپکراوی خولەکیی سیاسی:

١) عێراقی بێت بە لەدایك بوون و تەمەنی ٢٥ ساڵی تێپەڕاندبێ.

٢) حوکم نەدرابێت بەتاوانێکی ناسیاسی" یان تۆمەتێکی ئابڕووبەر.

٣)لەشوێنی دەرچوونی چاپکراوەکەدا نیشتەجێ بێت.

٤) فەرمانبەر نەبێت" یان دەست بەکار نەبێت لەفەرمانگەیەکی رەسمی یان نیمچە رەسمیدا.

٥) خاوەنی بڕوانامەی لێهاتوویی بێت لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق و لەلایەن وەزارەتەوە تەسدیق کرابێت بەوەی کەخاوەن بەهرەیەو توانای رۆژنامەنووسیی هەیە. ئەم مەرجە ئەوانە ناگرێتەوە کەخاوەن بڕوانامەی زانکۆی باوەڕپێکراون لەبواری راگەیاندن و رۆژنامەنووسیدا.

٢) لانی کەم خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیی بێت" یان بڕوانامەیەك لەو ئاستەدا.

ب ـ مەرجە سەرنووسەری چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی جگە لەو مەرجانەی لەبڕگەی (أ)ی ئەم بەندەدا هاتبوون, خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرز بێت.

جـ ـ ئەگەر هاتوو خاوەنی چاپکراوی خولەکیی سیاسی کۆمپانیایەك بوو, مەرجە ئەو کۆمپانیایە لەناو عێراقدا دامەزرابێت" وپێشکەشکەری ئەو داوایە مەرجە وێنەیەکی تەسدیقکراو لەبڕوانامەی تۆمارکردنی ئەو کۆمپانیایەو پەیڕەوی ناوخۆیی ـ گەر هەبوو ـ هاوپێچ بکات" لەگەڵ ناوبردنی بەڕێوەبەرو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرو شوێنی نیشتەجێیان و رەگەزیان و رەچاوکردنی حوکمەکانی بڕگەی (ب) لەم بەندەدا, ئەوەی پەیوەندیدارە بەسەرنووسەری چاپکراوی تایبەت بەکۆمپانیاکەوە.

د ـ ئەگەر هاتوو خاوەنی چاپکراوی خولەکی "کۆمەڵە" یەك بوو, مەرجە لەناو عێراقدا دامەزرابێت و وێنەیەکی باوەڕپێکراوی مۆڵەتەکەی پێشکەشبکات, لەگەڵ ناوی دەستەی بەڕێوەبەرو شوێنی نیشتەجێیان و رەگەزنامەیان, ئینجا پەیڕەوی بڕگەی (ب) لەبەندی تایبەت بەسەرنووسەر بکات.

هـ ـ نابێت سەرنووسەر لێپرسراوی زیاتر لەیەك چاپەمەنیی خولەکیی بێت لەیەك کاتدا.

و ـ دەشێت خاوەنی چاپکراوی خولەکیی سیاسی سەرنووسەر بێت, گەر مەرجەکانی پێشەوەی تێدابوو" کە لەبڕگەی (ب)دا هاتوون لەم بەندەداو خاوەنی بڕوانامەی باوەڕپێکراوی زانکۆبێت لەبواری راگەیاندن و رۆژنامەنووسیدا.

**بەندی چوارەم:**

أ ـ داواکاری مۆڵەت بەم زانیارییانە پێشکەش وەزارەت دەکرێت:

١) ناوی خاوەن داواکەو ناوبانگی و تەمەنی و شوێنی نیشتەجێبوونی و رەگەزنامەو پیشەکەی.

٢) ناوی سەرنووسەرو ناوبانگی و تەمەنی و شوێنی نیشتەجێ و رەگەزنامەو پیشەکەی و دەستنووسی قایلبوونی بەوەی کەببێتە سەرنووسەری ئەو چاپکراوە خولەکییەی کەداوای مۆڵەتنامەی بۆ دەکات.

٣)ناوی چاپکراوە خولەکییەکەو ئەو زمانەی پێی دەردەچێت, مەرجە ئەو ناوە پێشتر لەچاپکراوێکی خولەکیی مۆڵەتدراو نەنرابێت.

٤) شوێنی دەرچوونی کەمەرجە لەشوێنی چاپکردنیدا بێت, گەر وانەبێت مەرجە وەزیر رەزامەندی خۆی لەسەر بدات.

٥) ناونیشانی نووسینگەی بەڕێوەبردنی مەرجە لەشوێنی دەرچوونیدا بێت.

٦) کاتی دەرچوونی.

ب ـ لەگەڵ داواکەدا هەموو بەڵگەنامە رەسمییەکان هاوپێچ دەکرێت تا بسەلمێنرێت مەرجە یاساییەکانی بەندی سێیەم هەیە.

**بەندی پێنجەم:**

أ ــ مەرجە خاوەنی چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی هەموو مەرجەکانی بڕگەی (أ)ی بەندی سێیەمی تێدابێت, جگە لەدوو مەرجی (٤ و ٦).

ب ــ مەرجە سەرنووسەری لێپرسراوی چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی مەرجەکانی (٥,٣,٢,١)ی بڕگەی (أ)ی بەندی سێیەمی ئەم یاسایەی تێدابێت.. سەرباری ئەمانەش خاوەن بڕوانامەیەکی بالآبێت, یان ڕێپێدراوبێت لەپەیمانگەیەکی ئایینی باوەڕپێکراودا, ئەگەر هاتوو چاپکراوەکە ئایینی بوو یاخود ئەدەبی.

جـ ــ دەکرێ خاوەنی چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی ببێتە سەرنووسەری, ئەگەر مەرجەکانی بڕگەی (ب)ی ئەم بەندەی تێدابوو, خاوەن بڕوانامەیەکی زانکۆی باوەڕپێکراو بێت لەکاروباری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیدا.

**بەندی شەشەم:**

دەکرێ سەندیکاکان و یانەکان و دەزگا هاریکاری و گەشتوگوزاری و بازرگانییەکان چاپکراوی خولەکیی ناسیاسی دەربکەن" بەمەرجێك ڕەچاوی مەرجەکانی ئەم یاسایە بکەن.

**بەندی حەوتەم:**

أ ــ وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتی چاپکراوەکە بدات یان داواکارییەکە ڕەتبکاتەوە لەماوەی یەك مانگدا لەڕۆژی تۆمارکردنەوە" گەر هۆکارێکی تێدا بینی لەبەرژەوەندی گشتیدا بوو, یان ڕێکخستنی ڕۆژنامەنووسیی, گەر ئەم کاتەیش تێپەڕی و وەزیر لەداواکەی نەکۆڵییەوە, ئەو چاپکراوە بەڕێگاپێدراو دادەنرێت.

ب ــ لەحوکمی بڕگەی (أ)ی ئەم بەندەدا, چاپکراوی خولەکیی سیاسی ڕۆژانە جیا دەکرێتەوە, یان ئەو چاپکراوەی زیاتر لەجارێك لەهەفتەیەکدا دەردەچێت, خاوەنێتی بەپێی پێشنیازی وەزیرو بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەبەخشرێت, پاشان ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ڕازیبوونی خۆی نیشان دەدات.

جـ ــ دەکرێ هەر کەسێك کەداواکارییەکەی پەسەند نەکرا, بەپێی بڕگەی (أ) لەم بەندە, تانووت لەبڕیاری وەزیر بگرێ لەڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەماوەی پانزە ڕۆژدا لەڕۆژی ڕاگەیاندنی بڕیارەکەوە, پاشان بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران یەکلاییکەرەوەدەبێت.

**بەندی هەشتەم:**

دەکرێ خەڵکی ناعێراقی لەناو عێراقدا چاپکراوی خولەکی دەربکەن" بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەو بەرەزامەندی وەزارەتی دەرەوە" بەپێی مەرجی بەرانبەر واتا بوونی پشتگیریی لەلایەن باڵیۆزی وڵاتەکەیەوە، یان نوێنەری سیاسی" بوونی ئەو مەرجانەی کە لەوڵاتەکەی خۆیدا ڕێگای پێدەدات.

**بەندی نۆیەم:**

نابێ هیچ کەسێکی ناعێراقی بڵاوکراوەیەکی خولەکی چاپ بکات, یان بیهێنێتە ناو عێراقەوە ئەگەر هاتوو:

١) دەستێوەردانێکی تێدابوو بۆ کاروباری ناوخۆی عێراق.

٢) توخنی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بکەوێت, یان نەگونجێت لەگەڵیدا.

**بەندی دەیەم:**

گەر کەسە عیراقییەکە سەرپێچیی بڕگەکانی بەندی "١٠"ی کرد، بۆ وەزیر هەیە دوای گفتوگۆ لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا، مۆڵەتی چاپکراوە خولەکییەکەی هەڵوەشێنێ.

**بەندی یانزەیەم:**

أ ـ نابێت پەیامنێری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و ئاژانسە بیانییەکان بەکاری خۆیان هەستن" گەر مۆڵەتی وەزارەتیان نەبێت.

ب ـ ئەو پەیامنێرەی کە لەبڕگەی (أ)ی ئەم بەندەدا هاتووە, ئاگاداردەکرێتەوە ئەگەر هاتوو ئەو هەواڵانەی بڵاویکردەوە لەسەر عێراق, زیادەڕۆیی یان دروستکراو یان تەمومژاوی یان ڕاست نەبوو, ئەگەر بەردەوامیش بوو لەسەر ئەو کارەی, ئەوا مۆڵەتی ڕێگاپێدانی لێدەکێشرێتەوە.

جـ ــ ئەگـەر هـاتوو پەيامنـێری رۆژنامـەو گۆڤـارو ئاژانسـە بيانيـيەكان عـێراقی بـوو, مەرجـە خـاوەنی بـڕوانامەی زانكـۆی باوەڕپێكراوبێـت لـەبواری راگـەیاندن و رۆژنامەنووسـیدا, یـان خـاوەنی بـڕوانامەی بـەتوانایی بێـت لەسـەندیكای رۆژنامەنووسـان و وەزارەت پشتگیری كردبێت.

**بەندی دوانزەیەم:**

ناكـرێ سەرنووسـەر یـان نـاوی چـاپكراوی خولـەكی یـان شـوێنی چـاپكردن و جۆرەكـەی یـان كـاتی دەرچـوونی بگـۆڕرێـت بەرەزامەندی وەزیر نەبێت و بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەندی سیانزەیەم:**

أ ــ دەكرێ پاشـكۆیەك بـۆ چـاپكراوی خولـەكی دەربكرێـت بەرەزامـەندی وەزیـر, بەمەرجێك هەڵگری نـاوی بڵاوكـراوەكە بێـت و لەلاپەڕەی یەكەمدا ئاماژە بەوە بكرێت كەپاشكۆیە.

ب ــ دەبێـت چـاپكراوی خولـەكی لەشـوێنێكی ئاشـكرادا نـاوو ناونیشـانی نووسـینگەی بەڕێوەبـردنی و نـاوی خاوەنەكـەی و سەرنووسەرو چاپخانەو ژمارەو رۆژی تێدا بنووسرێت.

جـ ـ دەبێت خاوەنی چاپكراوەكە (٢٠) دانە لەهەر ژمارەیەك بەخۆڕایی بنێرێتە وەزارەت و (٢) دانەیش بۆ داواكاری گشتی.

**بەندی چواردەیەم:**

أ ــ دەبێـت خـاوەنی چاپكراوەكە, چاپكراوە خولەكییەكەی رابگرێـت" ئەگـەر خـۆی یـان سەرنووسـەر یەكێك لەمەرجەكانی ئەم یاسایەیان لەدەستدا, یان گەر سەرنووسەر وازیهێنا. دەشێت دەست بەدەرچوون بكاتەوە گەر مەرجە یاساییەكانی بۆ گەڕایەوە.

ب ــ ئەگەر خـاوەنی چاپكراوی خولەكی, عێراقی بۆ كاتێك بەجێهێشت و سەرنووسەری هەبوو, دەشێت چاپكراوەكە بەردەوام بێـت, بەڵام گـەر خـۆی سەرنووسەریش بوو, مەرجە چاپكراوەكە رابگرێت تا دەگەڕێتەوە یان سەرنووسەرێك بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەمەزرێنێ.

جـ ـ مەرجە خاوەنی چاپكراوەكە لەناو و پێناسی هەموو كارمەندانی چاپكراوەكەی وەزارەت ئاگاداربكاتەوە لەگەڵ ناونیشان و جۆری پیشەو موچەو هەر گۆڕانێك كەبەسەر كارەكانیاندا دێت.

د ــ ئـەوەی حوكمـی بـڕگەی (جـ)ی ئـەم بـەندە دەیگرێتـەوە, مەرجـە خـاوەنی بـڕوانامەیەكی لێوەشـاوەیی بێـت لەسـەندیكای رۆژنامەنووساندا, بەڵام گەر خاوەنی بڕوانامەیەكی زانكۆیی تایبەت بوو بەئیش و كاری راگەیاندن و رۆژنامەنووسیی, ئەوا ئەو مەرجە نایگرێتەوە, هەروەها كرێكاران و كارگێڕییەكانیش ناگرێتەوە.

هـ ــ دەبێت خـاوەنی چاپكراوی خولـەكی تۆمـاری ژمێریاری یاسـایی هەبێت و لەلایـەن دادنووسەوە ریكخرابێت, هەموو پارەو خەرجیی چاپكراوەكەی تێدا تۆماركرابێت و ئامادەبێت بۆ پشكنین لەهەر كاتێكدا.

**بەندی پانزەیەم:**

أ ــ خـاوەنی چاپكراوی خولـەكی دەبێـت بـەبێ بەرانبـەر وەڵامـی ئەوانـە بڵاوبكاتـەوە كـە تۆمـەت و ناوزڕاندنیان پێكراوە, گـەر ناوزڕاندنەكەیش كەسێكی مردووی گرتەوە, تا پلە چواری كەسوكاری مردووەكە مافی وەڵامدانەوەیان هەیە.

ب ـ خاوەنی چاپكراوی خولەكی دەبێت بەبێ بەرانبەر وەڵامەكانی حكومەت, كە لەسەر ماددە بڵاوبووەكانی ناو چاپكراوەكەی دێن, بڵاوبكاتەوە.

جـ ــ ئـەو وەڵامانـەی ئاماژەیـان بۆكرا, لەهـەمان جێگاو لەیەكـەم ژمـارەدا پـاش گەیشـتنیان بڵاودەبنـەوە. گـەر لـەو ژمارەیـەدا نەتوانرا ئەوا لەژمارەی دوای ئەودا, بەمەرجێك وەڵامەكە دوو هێندەی بابەتی ناوزڕاندنەكە نەبێت.

**بەندی شانزەیەم:**

نابێت لەچاپکراوی خولەکیدا ئەمانە بلاوبکرێنەوە:

١) ئەوەی توخنی تێوەگلانی سەرەك كۆمارو ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش و سەرۆك وەزیران و ئەوانەی لەو ئاستەدان.

٢) ئەوەی زیان بە پەیوەندییەکانی عێراق و ولاتە عەرەبی و ولاتە دۆستەکانی دەگەیەنێت.

٣) بەخراپە هێنانی شۆڕش و چەمکەکانی و دەولەتی كۆماری و دامەزراوەکانی و پیاهەڵدانی بیری ئیمپریالیزمی و جیاخوازی و كۆنەپەرستی و هەرێمچێتی و زایۆنیزم و رەگەزپەرستی و هەرچییەك ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ناوخۆو دەرەوە.

٤) هەرچییەك هانی تاوان و گوێڕایەڵ نەبوونی یاسا و سوکایەتیکردن بەهەیبەتی دەوڵەت بدات.

٥) هەرچییەك قین و دووبەرەکی و بلاوکردنەوەی لێکترازانی ئەندامانی گەل و نەتەوەکانی و تیرە ئایینییە جۆراوجۆرەکان بدات یان ببێتە هۆی درەتێکردنی یەکێتیی ناوخۆ.

٦) ئەوەی تانەبێت بۆ سەر ئەو ئایینانەی لەلایەن كۆماری عێراقەوە ئیعترافیان پێکراوە.

٧) ئەوەی پێشێلکردن بێت بۆ پیرۆزی رەفتارو رەوشتەکانی گشت کۆمەڵ.

٨) ئەوەی کار لەدادوەرەکان بکات" سەبارەت بە ئەو داوایانەی لەبەر دەستیاندایە.

٩) رای جیاوازی ئەندامی دەستەی پێکهێنەری دادگا.

١٠) ئەوەی کار لەداواکاری گشتی و پارێزەران و لێکۆڵەروان و شاهیدو رایگشتی بکات لەداوایەکی بەردەم دادگا.

١١) توخن کەوتنی کەسانیتر کە بەناوزڕاندن و جنێودان بکێشێتەوە بۆ کەسایەتییان.

١٢) ئەو هەوالانەی دەبنە روخانی پارەی نیشتمانیی یان سنداتی قەرزی حکومی و لاوازکردنیمتمانە پێیان لەناوەوەو دەرەوەدا.

**بەندی حەڤدەیەم:**

نابێت لەچاپکراوەکاندا بەبێ مۆڵەتی شوێنە رەسمییەکان ئەمانە بلاوببنەوە:

١) هیچ بەیاننامەو وتەیەك بەناوی سەرەك كۆمار یان ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش یان وەزیران و هەرکەسێکیدی لەو ئاستەدا.

٢) كۆنووسی كۆبوونەوە نهێنییەکانی دادگا و ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش و ئەنجومەنی وەزیران و نووسراوە نهێنییە رەسمییەکان.

٣) تاوتوێکارییەکانی ئەنجومەنی وەزیران و بڕیارەکانی و بڕیارە رەسمییەکانی تر.

٤) ئەو رێککەوتننامەو پەیماننامانەی حکومەتی عێراقی دەیانبەستێ, هەروەها ئەو یاساو سیستەم و رێنماییانەی بەر لەبلاوکردنەوەیان لە رۆژنامەی رەسمیدا دەردەچن.

٥) رێچکەی لێکۆڵینەوە لەتاوانەکان.

٦) فەرمانەکانی بزوتنەوەی هێزە چەکدارەکانی سوپاو پۆلیس, یان هێزێکی تری نیشتمانیی, یان هەر شتێك کەپەیوەندیداربێت بە ریزەکانی و رێکخستنەکانی و جبەخانەو تەقەمەنییەکانیەوە.

٧) بڕیارە پەیوەندیدارەکان بەنرخاندن و هاوردەو گومرگ و ئالۆیری دراو.

**بەندی هەژدەیەم:**

بۆ ئەوانەی چاپکراوەکان لەدەرەوەی سنووری ولاتەوە دەهێنن, پێویستە لەسەریان:

١) پێشکەشکردنی دوو دانە بۆ وەزارەت بەر لەفرۆشتنی یان دابەشکردنی لەناو عێراقدا" بۆ ئەوەی رێگای فرۆشتنیان پێبدرێت.

٢) دانانی نرخی ئەو چاپەمەنییانە لەسەر بەرگەکەی و بەشێوەیەکی دیارو بەپارەی عێراقی.

www.Kurdistanet.org کوردستان نێت

**بەندی نۆزدەیەم:**

ڕێگا لەدابەشکردنی ئەو چاپکراوانە دەگیرێت" کە لەدەرەوەی عێراقەوە دێن" ئەگەر هاتوو:

١) لەگەڵ سیاسەتی کۆماری عێراقدا نەگونجا.
٢) بانگەشەکردن بۆ بیری ئیمپریالیزم بەهەردوو شێوەی کۆنو نوێوەو شێواندنی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی جیهان.
٣) بانگەشەکردن بۆ بزووتنەوە رەگەزپەرستەکانی وەك زایۆنیزمو ئەوانی تری لەو بابەتە.
٤) شێواندنی هێزی چەکداریی, یان بڵاوکردنەوەی نهێنیی و جوڵەو بزاوتەکانی.
٥) وروژاندنی قینو دووبەرەکی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵدا، یان نەتەوەکانو تیرە ئایینییەکاندا.
٦) ئەوەی لەگەڵ ئادابو رەووشتی گشتیدا نەگونجێت.
٧) پلاردانە وڵاتە عەرەبیو وڵاتە دۆستەکان بەنیەتێکی خراپەوە.
٨) هەر ماددەیەکیتر کە بەپێی حوکمەکانی تری ئەم یاسایە بڵاوکردنەوەیان قەدەغە کرابێت.

**بەندی بیستەم:**

أ ــ ئەگەر بڵاوکراوەکە هیچ بابەتێکی قەدەغەکراوی لەوانەی بەندی (١٩) لەخۆ نەگرتبوو, یەك لەو دوودانە بۆ هاوردەکەی دەگەڕێتەوەو ڕێگادانی دابەشکردنی لەگەڵ هاوپێچ دەکریێ.

ب ــ ئەگەر ئەو چاپکراوەیە یەکێك لەو قەدەغەکراوانەی لەخۆ گرتبوو کە لەبەندی (١٩)دا هاتوون, دابەشکردنی لەناو عێراقدا قەدەغە دەکرێتو بەبڕیارێکی وەزیر دەست بەسەر هەموو ژمارەکانیدا دەگیرێتو سەرجەم دەزگا تایبەتییەکانیشی لێ ئاگاداردەکرێت, و دەبێت بەیاننامەیەك لەوبارەیەوەو لەرۆژنامەی رەسمیی و ناوخۆییەکاندا بڵاوبکاتەوە.

جـ ــ گەر گەڕاندنەوەی ئەو چاپکراوە قەدەغەبووە بۆ دەرەوەی عێراق زیانی نەبوو, بۆ وەزیر هەیە داوایەکی نووسراو بۆ هاوردەکەی بنووسێتو ڕێگای گەڕاندنەوەی پێبدات, لەم حاڵەتەیشدا دەکرێت چەند دانەیەکی لەوەزارەتدا گلبداتەوە.

د ــ گەر بڕیار لەسەر قەدەغەکردنو دەست بەسەراگرتنی ئەو چاپکراوە درا, بۆ هاوردەکەی نییە داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بکات.

**بەندی بیستویەکەم:**

ناکرێ نووسخەی ئەسڵی, یان وەرگێڕدراوی بڵاوکراوە قەدەغەکراوەکان, بەشێکی یان هەمووی لەچاپەمەنییە عێراقییەکاندا بڵاوبکرێنەوە, تەنها لەحاڵەتی وەڵامدانەوەدا یان بەدرۆخستنەوەدا نەبێت, یان توێژینەوەی زانستیی, پێویست بەبڵاوکردنەوەی بکات.

**بەندی بیستودووەم:**

أ ــ بۆ وەزیر هەیە ئاگادارکردنەوە بداتە سەرنووسەر گەر هاتوو لەبڵاوکراوەکەیدا بابەتێکی بڵاوکردبووەوە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجا, مەرجە سەرنووسەریش دوای پێگەیشتنی ئەو نووسراوە رەسمییە, دەقی ئەو ئاگادارنامەیە لەیەکەم ژمارەدا بڵاوبکاتەوە.

ب ــ ئاگادارنامە ڕێگا لەبەدواداچوونی یاسایی ناگرێت سەبارەت بە ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتوون" لەساتێکدا کە ئاگادارنامەی بۆ دەرکرابێت.

**بەندی بیستوسێیەم:**

بۆ وەزیر هەیە چاپکراوی خولەکی رابگرێت بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ زیاتر نەبێت, ئەگەر هاتوو بابەتێکی تێدا بڵاوکرایەوە سەرپێچی بەندەکانی (١٦)و (١٧)ی ئەم یاسایەی کردبوو.



www.kurdistannet.org

**بەندی بیستو چوارەم:**

دەبێت لەسەر چاپکراوی ناخولەکی ناوی دانەرو وەرگێڕو بڵاوکەرەوە (الناشر) ڕۆژی چاپ (مانگو ساڵ)و چاپخانەکەی بنووسێت.

**بەندی بیستو پێنجەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو چاپکراوانە ناگرێتەوە کەفەرمانگە رەسمیو نیمچە رەسمییەکان دەریدەکەن.

**بەندی بیستو شەشەم:**

دەشێت هەواڵنامە (المخابرات) رەسمییەکان بگەیەنرێنە دەستی خاوەنی چاپکراوی خولەکی یان سەرنووسەر, یان لەدەرگای نووسینگەی بەڕێوەبردن بدرێت, بەڵام چاپکراوی ناخولەکی دانەرو وەرگێڕو بڵاوکەرەوەکەی لەهەواڵنامەی رەسمیداو بەو شێوازانەی کە لەدادگادا پەیڕەودەکرێن ئاگاداردەکرێن.

**بەندی بیستو حەوتەم:**

أ ـ مۆڵەتنامەی چاپکراوی خولەکی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا هەڵدەوەشێتەوە:

١) ئەگەر خاوەنەکەی داوای هەڵوەشاندنەوەی بکات.

٢)ئەگەر خاوەنەکەی کەسایەتییەکی مەعنەویی‌بوو" ئەم کەسایەتییەی لەدەستدا.

٣) ئەگەر هاتوو چاپکراوی خولەکیی ناسیاسیی, سەرباری ئاگادارکردنەوەیشی سنووری مۆڵەتەکەی خۆی بەزاند.

٤) ئەگەر هاتوو لەچاپکراوی خولەکیدا بابەت بڵاوکرایەوە کەببێتە هۆی مەترسی لەسەر شۆڕشو ئاسایشی ناوخۆ یان دەرەوە.

٥) ئەگەر خاوەنی چاپکراوە خولەکییەکە پاش مۆڵەت پێدانی, دواکەوت لەدەرکردنی چاپکراوەکەی بەبێ هۆیەکی شیاو, وەزارەت بڕیار دەدات ماوەی:

أ ـ سی ڕۆژ بۆ چاپکراوی ڕۆژانە یان ئەوەی زیاتر لەجارێك لەهەفتەیەکدا دەردەچێت.

ب ـ شەست ڕۆژ بۆ چاپکراوی هەفتانە.

جـ ـ نەوەد ڕۆژ بۆ چاپکراوی نیومانگی.

د ـ سەدو بیست ڕۆژ بۆ چاپکراوی مانگانە.

هـ ـ شەش مانگ بۆ چاپکراوی وەرزی.

و ـ دووساڵ بۆ چاپکراوی ساڵانە.

٦) ئەگەر هاتوو چاپکراوی خولەکی هۆکارێکی گرتەبەر بۆ خەڵەتاندنو دەست بەسەراگرتنی ناشیاو:

أ) هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی چاپکراوی خولەکیی سیاسیی ڕۆژانە, یان ئەوەی زیاتر لەجارێك لەهەفتەیەکدا دەردەچێت, بەپێشنیازی وەزیرو بڕیارێك لەئەنجومەنی وەزیرانەوە هەڵدەوەشێتەوە کەدەبێت ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش پەسەندی بکات .. بەڵام هەڵوەشاندنەوەی چاپکراوە خولەکییەکانیتر تەنها بەبڕیاری وەزیر دەبێت.

ب) خاوەنی چاپکراوە خولەکی مافی تانووت لێدانی هەیە لەبڕیار وەزیر لەڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەماوەی پانزە ڕۆژدا لەڕۆژی ئاگادارکردنەوەی بەبڕیارەکەو ئەوسا بڕیاری ئەنجومەن یەکلاکەرەوە دەبێت.

**بەندی بیستو هەشتەم:**

أ ـ هەرکەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات, سزادەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت, یان بەلێسەندنی بڕێك پارە کە لە(٥٠) پەنجا دینار زیاتر نەبێت, یان بەهەردوو سزاکە پێکەوە.

www.kurdistanet.org کوردستانێت

ب ـ ئەگەر هاتوو هەر سزایەکی توندتر بەسەر سزادراوداو بەپێی هەر یاسایەکیتر سەپێنرابوو, ئەوا حوکمەکانی یاسای ناوبراو جێبەجیٚ دەکرێت.

**بەندی بیستو نۆیەم:**

أ ـ خاوەنی چاپکراوی خولەکیو سەرنووسەرو نووسەری وتارەکە لێپرسراو دەبن لەو وتارانەی لەم یاسایەدا هاتوونو دەبێت پێکەوە ئەو قەرەبووکردنەوەیە (ÖíæÚÊ) بدەن" کەدادگا بەسەریاندا دەیسەپێنیٚ.

ب ـ دانەری چاپکراوی ناخولەکی یان وەرگێڕ یاخود بڵاوکەرەوە کە لێپرسراو دەبن لەو وتارانەی لەم یاسایەدا هاتوون, دەبێت پێکەوە ئەو قەرەبووکردنەوەیە بدەن کەدادگا بەسەریاندا دەیسەپێنیٚ.

**بەندی سییەم:**

أ ـ نابێت شکایەت لەبابەتێکی تاوان یان داوای قەرەبووکردنەوە لەسەر هەر تاوانێکی ئاماژە بۆکراوی ئەم یاسایە بکرێت" لەپاش تێپەڕبوونی (٣) مانگ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە.

ب ـ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە شکایەتەکانی تایبەت بەریٚو شوێنو سزا کارگێڕییەکان لەبەردەم دادگادا نابینرێن.

**بەندی سیویەکەم:**

داواکاری گشتی کاتێك ئەم داوایانە تاوتوێدەکات کە لەئەنجامی سەرپێچیی حوکمەکانی ئەم یاسایەوە خولقابن" کەوەزیر داوای لێبکاتو رەزامەندی وەزیری دادی لەسەر بێت, بەڵام داواکارییە تایبەتەکان بەپێی یاسا رەچاوکراوەکانو لەلایەن زیانلێکەوتووانەوە بەرزدەکرێنەوە.

**بەندی سیودووەم:**

أ ـ یاسای چاپەمەنیی ژمارە (٥٣)ی ساڵی ١٩٦٤ هەڵدەوەشێتەوەو لەگەڵیدا هەموو مۆڵەتی چاپکراوە خولەکییەکانیش کەبەپێی ئەو یاسایە بەخشراون هەڵدەوەشێنەوە.

ب ـ هەموو مۆڵەتی چاپکراوە خولەکییەکان کە بەپێی یاسای دامەزراوەی گشتی رۆژنامەنووسیی ژمارە (١٥٥)ی ساڵی ١٩٦١ بەخشراون هەڵدەوەشێنەوە" جگە لەرۆژنامەکانی دامەزراوەی گشتیی رۆژنامەنووسیی.

جـ ـ هەموو ئەو مۆڵەتانەی بەر لەدەرچوونی ئەم یاسایە بەخشراون بەپەیامنێری رۆژنامەو گۆڤارو ئاژانسە بیانییەکانی هەواڵ هەڵدەوشێنەوەو مۆڵەتی نوێیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پیٚ دەبەخشرێت.

**بەندی سیوسێیەم:**

وەزیر بۆی هەیە پرۆگرامو رێنمایی دەربکات بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەندی سیوچوارەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێدەکرێت.

**بەندی سیو پێنجەم:**

لەسەر وەزیرەکانە ئەم یاسایە جێبەجیٚ بکەن.

لەبەغدا نووسرا لەرۆژی حەوتی مانگی شەووال ی ساڵی ١٣٨٨ی کۆچی, بەرانبەر بەرۆژی بیستو شەشی مانگی کانوونی یەکەم ی ساڵی ١٩٦٨ی زایینی.

**ئەحمەد حەسەن بەکر**

**سەرەك كۆمار**

**سەرەك وەزیران**



www.kurdistannet.org كوردستان نێت

**ئەمین عەبدولکەریم**

وەزیری دارایی

**عەبدولکەریم عەبدولسەتار شێخلی**

وەزیری دەرەوە

**صالح مەهدی عماش**

جێگری سەرەك وەزیران و وەزیری ناوخۆ

**حردان عەبدولغەفار تکریتی**

جێگری سەرەك وەزیران و وەزیری بەرگری

**دکتۆر عیزەت مستەفا**

وەزیری تەندروستی

**ئەنور عەبدولقادر ئەلحەدیسی**

وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی و وەکیلی وەزارەتی پیشەسازیی

**دکتۆر ئەحمەد عەبدولستار ئەلجەواری**

وەزیری پەروەردە

**مەهدی الدولعی**

وەزیری داد

**دکتۆر رەشید ئەلرفاعی**

وەزیری نەوت و کانزاکان

**دکتۆر فەخری یاسین قەدوری**

وەزیری ئابووری

**جاسم کازم ئەلعەزاوی**

وەزیری چاککردنی کشتوکاڵی

**دکتۆر عەبدولحسێن ودایĔØÚăÇ**

وەزیری کشتوکاڵ

**عدنان ئەیوب صبری ئەلعەزی**

وەزیری دەوڵەت و وەکیلی وەزارەتی گەیاندن

**دکتۆر عەبدوڵلا ئەلخزەیر**

وەزیری یەکێتی و وەکیلی وەزارەتی کاروباری باکور

**شەفیق ئەلکەمالی**

وەزیری سەرپەرشتیی لاوان و وەکیلی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن

**دکتۆر غائب مولود مخلص**

وەزیری کاروباری شارەوانی و گوندەکان

**دکتۆر حمد دلی ئەلکەربولی**

وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەوقاف

**تەها محێدین**

وەزیری دەوڵەت و وەکیلی وەزارەتی ئیشغال و نیشتەجێکردن

**حامد ئەلجەبوری**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

□ گۆڕینی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: کاروان ئەنوەر

# ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣

نیشانە بەمادده (١٦)ی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ١٩٩٣ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد کە شوێنی فەرمانی وەزاری ژمارە (٢١٥٠) لە ١٩٩٣/٧/١٠ دەگرێتەوە.

١ــ هەموو عێراقییەك کە لەسنووری هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە بۆی هەیە ببێت بەخاوەنی ئیمتیازو دەبێ خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر دانیشتووی کوردستان بن و خاوەنی کەسێتیی دیارو ئاسایی بن.

٢ــ هەر خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرێك لەدەرەوەی کوردستان ڕۆژنامەو گۆڤار چاپ بکەنەوە, دەبێ یان بەپێی برگەی (١) خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری دیکە دابنێ یان بەڕێوەبەرێکی بەرپرسیان هەبێ لەکوردستاندا بۆ لێپرسینەوە ئەگەر لەبڕگەکانی ئەم ڕێنماییانەو یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ لایان دا.

٣ــ کە داوای مۆڵەت دەکرێت ناوی خوازراو بۆ خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەو گۆڤار بەکار ناهێنرێت.

٤ــ هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەیەك دەبێ (١٥٠٠) دینار ڕەسمی مۆڵەت بداتو (١٠٠٠) دینار ساڵانە بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانە (٥٠٠) دینار ساڵانە بۆ ڕۆژنامە یان گۆڤاری هەفتانەو مانگانەو وەرزی بداتە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە.

٥ـ خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر دەبێ ڕەگەزنامەی عێراقی (ÉíÓäÌáÇ ÉíÐÇÑÚáÇ) و (دفتر نفوس) لەگەڵ داواکردنی مۆڵەتدا بداتە بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە.

٦ــ هەموو ڕۆژنامەیەك کە بەمۆڵەتی وەزارەت دەردەچێت دەبێ (١٥) دانەی بدرێتە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە، هەروەها (٢) دانە بۆ داواکاری گشتی ( ÁÇÚÏÇáÇ العام).

٧ــ هەر کتێبو گۆڤارێك کە بەمۆڵەتی وەزارەت چاپ دەکرێت دەبێ (١٠) دانە بنێرێت بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە.

٨ــ پێویستە هەموو چاپخانەکانی کوردستان (ڕەسمیو ئەهلی) هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبو چاپەمەنییەك بەبێ مۆڵەتی ڕەسمی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرێتیی چاپو بڵاوکردنەوە چاپ نەکەن.

٩ـ هەر چاپخانەیەك ئەم ڕێنماییە فەرامۆش بکات:

أ ـ بۆ جاری یەکەم ئاگاداردەکرێتەوە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

ب ـ بۆ جاری دووەم غەرامەی (٥٠٠) تا (٢٠٠٠) دینار دەكرێت.

جـ ـ بۆ جاری سێیەم دادەخرێ لەدوو هەفتەوە بۆ مانگێكو دەشێ تازە بكرێتەوە.

١٠- هەموو چاپكراوێك ناوی چاپخانەو رۆژو مانگو شارو ساڵی دەرچوونی پێوەدەبێت.

١١ـ لەكاتی وەستاندنی هەر رۆژنامەو گۆڤارێك لەدەرچووندا، پێویستە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوكردنەوە ئاگادار بكرێت, خۆ ئەگەر ویسترا دەربكرێتەوە دەبێ پێش (١٥) رۆژ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوكردنەوەی لێ ئاگادار بكرێت.

١٢ـ پێش گۆڕینی خاوەنی ئیمتیاز یان سەرنووسەر دەبێ هەردووكیان بەیەكەوە داواكاری پێشكەش بە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوكردنەوە بكەنو رەزامەندی وەزارەتی رۆشنبیری وەربگرن، ئەوسا ناوەكان لەسەر لاپەڕەی چاپكراوەكە دەگۆڕدرێت.

١٣ـ ئەگەر دەرچوونی هەر گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەت بۆ ئەم ماوانەی خوارەوە دواكەوت یان وەستا مۆڵەتەكەی پووچ دەبێتەوە.

*٣٠ رۆژ بۆ رۆژنامەی رۆژانە.

*٦٠ رۆژ بۆ رۆژنامەی هەفتانە.

*٦٠ رۆژ بۆ رۆژنامە ئەگەر مانگی دووجار دەربچێ.

*١٢٠ رۆژ بۆ رۆژنامەی مانگانە.

*٦ مانگ بۆ چاپەمەنیی وەرزی.

*٣ ساڵ بۆ چاپەمەنیی ساڵانە.

١٤ـ هەر رۆژنامە یان گۆڤارێك ماوەی دەرچوونی گۆڕی (لە رۆژانە بۆ هەفتانە) یان هەفتانە بۆ دوو هەفتە جارێك یان زیاتر یان بەپێچەوانەوە، دەبێ رەزامەندی وەزارەت/ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوكردنەوە وەربگرن.

١٥ـ نابێ خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری دوو رۆژنامە یان دوو گۆڤار هەمان كەس بێت, واتە كەسێك نابێت خاوەنی ئیمتیازی دوو رۆژنامە یان گۆڤارو كەسێك نابێت سەرنووسەری دوو گۆڤارو رۆژنامە بێت.

١٦ـ نابێ دوو ڕۆژنامە یان دوو گۆڤار ئەگەر سەر بەدوو لایەنی جیاوازبن، هەمان ناویان هەبێت.

١٧ـ ئەم رێنماییانە جێبەجێدەكرێن لەڕۆژی دەرچوونیەوە.

١٨ـ لەبەر بەرژەوەندیی گشتیو گونجان لەم بارودۆخەدا، وەزارەتی رۆشنبیری بۆی هەیە خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوەكانی خۆی بێت.

**محەمەد شاكەلی**

وەزیـــــــــری رۆشنبـــــیری

www.kurdistanet.org
كوردستان نێت

□ ئەم ڕێنماییانە لەرۆژی ١٩٩٩/١٠/١٠و لەلایەن نووسینگەی تایبەتی وەزیری رۆشنبیری‌و بەژمارە (٩٨) دەرچووە.

## یاسای وەزارەتی رۆشنبیری

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ژمارەی بریار/٣٦

مێژووی بریار/ ١٩٩٢/١١/١٦

بەپێی برگەی (١) لەماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر پێشنیازی وەزیری رۆشنبیری‌و بریار لەسەردانی ئەنجومەنی وەزیران, ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی رۆژی ١٩٩٢/١١/١٢دا بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١١) ساڵی ١٩٩٢
## یاسای وەزارەتی رۆشنبیری

**ماددەی یەکەم:** مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

١. هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢. وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم.
٣. وەزیر: وەزیری رۆشنبیری هەرێم.
٤. بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم.

**ماددەی دووەم:** وەزارەت بەدیهێنانی ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆیە:

١. پاراستنی رەسەنایەتیی رۆشنبیریی کوردی‌و پێشخستنی بەشێوەیەك کە لەگەڵ بەها رەوشتیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری‌و ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان‌و ئاواتە دیموکراتییەکانی‌و گەشەپێدانی گونجان‌و برایەتی لەنێوان کورو‌کاڵانی گەلی کوردستاندا بگونجێ, بەستنی پەیوەندیی رۆشنبیری لەنێوان کوردو گەلانی ناوچەکەو جیهاندا.
٢. پشتگیری کردن‌و هاندانی بزووتنەوەی دانان‌و وەرگێران‌و بڵاوکردنەوە لەهەرێمداو یاریدەدانی نووسەران‌و ئەدیبان‌و شاعیران‌و هونەرمەندان بە لەچاپدان‌و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان.
٣. دامەزراندنی دەزگایەك بۆ چاپەمەنی‌و رۆژنامەگەری‌و بڵاوکردنەوەو دابەشکردن.
٤. دامەزراندنی کتێبخانەیەکی نیشتمانیی بۆ هەرێم.
٥. دامەزراندنی مەڵبەندێکی گشتی بۆ هونەرەکان.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

٦. هاندانی بەهرەی ئەدەبی و هونەری و زانستی و وەرزشی خولقێنەری لاو.

٧. بایەخدانێکی تایبەتی بەرۆشنبیریی منداڵ بە ئەدەب و هونەرەوە.

٨. پشتگیری کردن و هاندانی بزووتنەوەی شانۆگەری و هونەرە میللی‌یەکان و پیشەسازیی سینەمای کوردی.

٩. پشتگیری کردن و هاندانی یەکێتی‌یەکان و رێکخراوە رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و زانستییەکان.

١٠. سازدانی میهرەجان و دیدارو کۆڕی رۆشنبیری و ئەدەبی و وەرزشی و رێکخستنی پێشانگای هونەری شێوەکاری.

١١. بوژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتیی میللی لەگشت بوارەکانیدا (ئەدەب, هونەر, پیشە میللییەکان) و دامەزراندنی ئەنتیکەخانەی تایبەتی بۆیان و پشتگیری و فراوانکردنی ئەوانەی هەن.

١٢. گەڕان بۆ دۆزینەوەی شوێنەوارەکان و پاراستنیان و وەرگرتنەوەی ئەوانەی لەدەرەوەی هەرێمدان و دامەزراندنی ئەنتیکەخانەیەکی نیشتمانیی و ئەنتیکەخانەی ناوخۆیی بۆیان و پشتگیری و فراوانکردنی ئەوانەی هەن.

١٣. دەرکردنی رۆژنامەیەك کەببێتە ئۆرگانی حکومەتی هەرێم.

١٤. دامەزراندنی چەند ئیزگەیەکی رادیۆو تەلەفزیۆن.

١٥. دامەزراندنی ئاژانسێکی دەنگ و باس.

١٦. پشتگیری کردن و هاندانی بزووتنەوەی وەرزشی و کەشفی و لاوان لەهەرێمدا.

**ماددەی سێیەم:**

١- وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسیارە لەرێنیشاندانی لەکارەکانیداو سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکییەکانی هەر لەوێشەوە ئەو بریارو فەرمان و رێنماییانە دەردەچن کەپەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و دەزگاکانی‌یەوە لەرووی یاسایی و بەرێوەبردن و هونەری‌یەوە هەیە لەچوارچێوەی ئەم یاسایەو یاسا کارپێکراوەکانی تردا.

هەروەکو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەو مانایەی کەئەندامێکی هاوبەشێتیی بەر پرسیارە.

٢- بریکاری وەزارەت ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کەوەزیر بۆی دیاری دەکا.

**ماددەی چوارەم:** وەزارەت لەم داموو دەزگاو بەرێوەبەرێتی‌یانە پێك دێ:

١. نووسینگەی وەزیر.

٢. نووسینگەی بریکاری وەزارەت.

٣. بەرێوبەرێتیی گشتیی دیوانی وەزارەت کە لەم بەرێوەبەرێتییانە پێکدێ:

أ ـ بەرێوەبەرێتیی ئیدارەو کەسان.

ب ـ بەرێوەبەرێتیی ژمێریاری و پیاداچوونەوە.

ج ـ بەرێوەبەرێتیی نەخشەدانان و پیاداچوونەوە.

د ـ بەرێوەبەرێتیی پەیوەندی .

ه ـ دایەرەی قانونی.

٤. بەرێوەبەرێتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر کە لەم بەرێوەبەریەتییانە پێکدێ:

أ ـ بەرێوەبەرێتیی دانان و وەرگێران و بلاوکردنەوە.

ب ـ بەرێوەبەرێتی هونەرییە شێوەکارییەکان.

ج ـ بەرێوەبەرێتی سینەماو شانۆ.

د ـ بەرێوەبەرێتی هاندانی زانستی.

ه ـ دائرەی رۆشنبیریی منداڵ.

و ـ بەرێوەبەرێتیی سامانی میللی.

www.kurdistan-net.org
کوردستان نێت

ز ـ بەڕێوەبەرێتیی لێکۆڵینەوەی ئاوازو مۆسیقا.

ح ـ بەڕێوەبەرێتیی رۆشنبیریی تورکمانی.

گ ـ بەڕێوەبەرێتیی رۆشنبیریی ئاشووری.

ی ـ بەڕێوەبەرایەتییەکانی رۆشنبیری لەپارێزگاکانی هەرێمدا.

ك ـ خانەی جل و بەرگی کوردی.

٥. بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەوارەکان کە بەڕێوەبەرێتییەکانی شوێنەواری پارێزگاکانی هەرێمی پێوە دەبەسترێتەوە.

٦. بەڕێوەبەرێتیی گشتیی راگەیاندن کە لەم بەڕێوەبەرێتیانە پێکدێ:

أ ـ بەڕێوەبەرێتیی رادیۆو تەلەفزیۆن.

ب ـ بەڕێوەبەرێتیی ئاژانسی دەنگ و باسی کوردستان.

٧. بەڕێوەبەرێتیی گشتیی وەرزش و لاوان کە بەڕێوەبەرێتیەکانی وەرزش و لاوانی پارێزگاکانی هەرێم پێکەوە دەبەستێتەوە.

٨. دەزگای چاپەمەنی و رۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەو دابەشکردن کە بەپێی پەیڕەوێکی تایبەتی دادەمەزرێنرێ.

**ماددەی پێنجەم**

: وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی و کاتی بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئەرکانە پێك بهێنێ کە لەمادەی (٢)ی ئەم یاسایەدا دیاریکراون.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم/ قەوارەی رێکوپێکی وەزارەت و دەسەڵاتەکانیان بەپەیڕەوێکی تایبەتی دیاری دەکرێن.

دووەم/ وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرێتی و بەش و لقی نوێ پێك بهێنێ.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیر بۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی خۆی بەسەرۆکی دایەرە سەرەکییەکانی وەزارەت بسپێرێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەو یاساو بڕیارو پەیڕەو و رێنمایانەی تایبەتن بەرۆشنبیریی و هونەرو وەرزش و لاوانەوەو لەحکومەتی ناوەندی یەوە دەرچوون, وەها دادەنرێن کە لەکارپێکردندا دەبن تاوەختی دەرکردنی ئەوانەی جێگەیان دەگرنەوە، یا هەڵدەوەشێنرێنەوە بەمەرجێ لەگەڵ ئاواتەکانی گەلی کوردستان و حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبن.

**ماددەی نۆیەم:** دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددە دەیەم:** ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد احمد عزیز ئاغا**

**و/ سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە:**

لەبەر ئەو ماوە دوورو درێژەی کە گەلی کوردو کەمە نەتەوایەتییەکان لە کوردستاندا دووچاریی چەوساندنەوەی رۆشنبیریو خنکاندنی ئایدۆلۆجیو کوشتنی کیانی خولقاندنو تەقەلای شێواندنی مێژووی رۆشنبیریو سڕینەوەی شێوازی ئاواتە نەتەوایەتییەکانی بووبوون, بەتایبەتیش کەئێستا وا هەلێکی مێژوویی هەڵکەوتووە تاگەلی کوردستانی عێراق بەدیموکراتیەتو هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی بۆ پارلەمانی دیموکراتیو پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی خۆی شادببێ, ئینجا لەبەر پێویستی بوونی وەزارەتێك کەبایەخ بەرۆشنبیریو راگەیاندنو بڵاوکردنەوەو هونەرو وەرزشو هەر کاروبارێك بدا کەپەیوەندی بەم ئەرکە جۆراو جۆرانەوە هەبێ, ئەم یاسایە دەرکرا .

## جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ

جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ لەرۆژی ١٩٤٨/١٢/١٠داو لەکۆشکی شاییۆ لەپاریس راگەیاندرا" کە لە (٣٠) بەند پێکهاتووە, ئەمانەن:

**یەکەم:**

هەموو مرۆڤ بەئازادی لەدایك دەبنو یەکسانیشن لەنرخو پایەو مافدا, ئەقڵو ویژدانیان پێ بەخشراوەو دەبێ بەرۆحێکی برایەنە رەفتارو هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدا بکەن.

**دووەم:**

+ هەموو مرۆڤێك بەبێ هیچ جیاوازییەك وەکو جیاوازی بەهۆی رەگەز, رەنگ, جنس, زمان, ئاین, بیروڕای سیاسی یان هەر رایەکی دیکەو بنەچەو بنەمای نیشتمانیی, کۆمەڵایەتی, دارایيو لەدایکبوون یان هەر شتێکی دیکە, شیاوی سوود وەرگرتنە لەتەواوی ئەو مافو ئازادییانەی کە لەم بانگەوازەدا هاتوون.

+ سەرەڕای ئەوانەیش نابێ پایەی سیاسی, قانون یان نێو نەتەوەیی ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیەی کەمرۆڤەکەی لێوە دێت, بکرێتە بناغەی هیچ جیاوازییەك, ئیدی ئەگەر ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیە سەربەخۆ بوو یان لەسایەو لەژێر چاودێریدا بوو, یان خاوەنی ئۆتۆنۆمی نەبوو, یان سەروەریو سەربەخۆییەکەی گرێدراوی هەر چەشنە مەرجو بەندێك بوو.

**سێیەم:**

هەموو کەسێك مافی ژیانو ئازادیو ئاسایشی خۆی هەیە.

**چوارەم:**

نابێت هیچ کەسێك بکرێت بەکۆیلەو بەنۆکەر بگیرێتو هەموو چەشنە کۆیلەیەتیو بازرگانیی کۆیلەیەك قەدەغەیە.

**پێنجەم:**

هیچ مرۆڤێك ئەشکەنجەو سزا نادرێتو رەفتاری توندوتیژو درندانەو ئابڕووبەری لەگەڵدا ناکرێت.

**شەشەم:**

هەر کەسێك لەهەر شوێنێك بێت, مافی دانپێدانانی کەسایەتیی قانوونی هەیە.

**حەوتەم:**

هەموو مرۆڤێك لەبەردەم قانوندا یەکسانو مافی ئەوەشیان هەیە کەچوونیەكو بێ جیاوازی لەلایەن قانونەوە بپارێزرێن. هەروەها هەموویش مافی پاراستنی یەکسانیان دژ بەهەر جیاوازییەك کە بەپێچەوانەی ئەم بانگەوازەوەیەو دژ بەهەر هاندانو ئاژاوەنانەوەیەکیشە کەئاوها جیاوازییەك رەچاودەکات.

**هەشتەم:**

هەموو کەسێك بۆ داوەریکردن و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی کەقانون و دەستوور پێی‌داوە, دەست درێژیکردنە سەر, مافی بردنەبەر دادگا نیشتمانییەکانی هەیە.

**نۆیەم:**

هیچ مرۆڤێك نابێت بەشێوەیەکی ڕەمەکی بگیرێت, دەست بەسەربکرێت, یان دووربخرێتەوە.

**دەیەم:**

هەموو مرۆڤێك بەتەواوی یەکسانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا, بۆ جوێکردنەوەی ماف و ئەرکەکانی و هەرجۆرە تاوانێك کە وەئەستۆی دەخرێ, مافی ئەوەی هەیە کێشەکەی بەشێوەیەکی ڕەواو ئاشکرا لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆو بێلایەنەوە ببینرێ.

**یانزەیەم:**

+ هەموو مرۆڤێکی تاوانبارکراو بەتاوانێك, بێگوناهە, تاکو لەدادگایەکی ئاشکرادا کەهەموو هەلومەرجێکی پێویستیی داکۆکی لەخۆکردنی بۆ دابیندەکا, بەپێی قانوون تاوانەکەی دەسەلمێنرێت.

+ هیچ کەسێك سزا نادرێت لەبەر کردن یان نەکردنی کارێك کەکاتی پێهەستانی بەگوێرەی قانوونی نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی تاوان نەبووبێت, هەروەها نابێت سزایەکی توندتر لەو سزایە بدرێت کە لەکاتی کارکردنیدا دەدرا.

**دوانزەیەم:**

نابێت ژیانی تایبەتی و خێزان و ماڵ و نامە گۆڕینەوەی هیچ کەسێك بەڕەمەکی دەستێوەردان ببێت و ئاوڕوو نێوبانگیشی وەبەر پەلاماربکەوێت, هەموو کەسیش مافی خۆپاراستنی قانوونی لەوجۆرە دەستێوەردان و پەلاماردانە هەیە.

**سیانزەیەم:**

+ هەموو کەسێك ئازادیی هاتن و چوون و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی لەنێو سنووری هەر دەوڵەتێکدا هەیە.

+ هەموو کەسێك مافی بەجێهێشتن و بۆ گەڕانەوەی هەر وڵاتێکی, تەنانەت وڵاتەکەی خۆیشی هەیە.

**چواردەیەم:**

+ هەموو کەسێکی لەچەوساندنەوە هەڵاتوو مافی پەنابردنە بەر یان هەوڵدان بۆ پەنابردنە بەر وڵاتێکی دیکەی هەیە.

+ کەسێك بەتاوانی ناسیاسی یان کردەوەی نەگونجاو لەگەڵ مەبەست و پرەنسیپەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا درابێتە دادگا, سوود لەم مافە وەرناگرێ.

**پانزەیەم:**

+ هەموو کەسێك مافی هاونیشتمانییەتی هەیە.

+ نابێت بەزۆر هاونیشتمانییەتی لەکەسێك بسەندرێتەوە یان مافی گۆڕینی نەدرێتێ.

**شانزەیەم:**

+ پیاوو ژنی ڕەسیو مافی ژن و مێردێتی و دامەزراندنی خێزانیان هەیە, بێگوێدانە ڕەگەزو نەتەوەو ئاین و کاتێك کەدەبنە ژن و مێرد وکاتی ژن و مێردێتی و کاتی تێکچوونیشی مافی یەکسانیان هەیە.

+ مارە برین تەنیا لەقایلبوون و سەربەستی تەواوی ژن و مێردەوە دەکرێت.

+ خێزان یەکەیەکی سروشتی و بنەرەتی کۆمەڵگەیەو مافی ئەوەی هەیە کەلەلایەن کۆمەڵگاو دەوڵەتەوە بپارێزرێ.

**حەڤدەیەم:**

+ هەموو کەسێك چ بەتەنیا یان بەهاوبەشی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا مافی موڵکداری هەیە.

+ نابێت بەڕەمەکی موڵك لەهیچ کەسێك بسەنرێتەوە.

**هەژدەیەم:**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

هەموو كەسێك مافی ئازادیی بیركردنەوەو ویژدان و ئاینی هەیە, ئەم مافە ئازادیی گۆڕینی ئاین و بڕوا دەگرێتەوەو مرۆڤ لەدەربڕینی ئەو ئازادییەشدا, بەفێربوون و خەریك بوون و ئەنجامدان و پەیڕەوكردنی داب و دەستووری ئەو ئایین و بڕوایە بەپەنهانی یا ئاشكراو بەتەنیا یا بەكۆمەڵ, ئازادە.

**نۆزدەیەم:**

هەموو كەسێك مافی ئازادیی بیروڕاو رادەربڕینی هەیە, ئەم مافەیش هەڵگرتنی بیروڕا بەبێ خۆتێكەڵكردنی كەسێكی دیكەو وەرگرتنی هەواڵ و بیروباوەڕو بڵاوكردنەوەیان بەهەر شێوەیەك و بێ خۆبەستنەوە بەسنووری جوگرافی دەگرێتەوە.

**بیستەم:**

+ هەموو كەسێك مافی ئازادیی و بەشداربوونی كۆمەڵەو دەستەو تاقمە ئاشتیخوازەكانی هەیە.

+ نابێت هیچ كەسێك بۆ چوونە ریزی هیچ كۆمەڵەیەكەوە ناچاربكرێت.

**بیست و یەكەم:**

+ هەموو كەسێك مافی بەشداربوونی هەیە لەبەڕێوەبردنی كاروباری گشتیی وڵاتەكەیدا, راستەوخۆ یا بەهۆی نوێنەرگەلێكەوە كەئازادانە هەڵدەبژێردرێت.

+ هەموو كەسێك چوونیەك مافی وەرگرتنی كارو فەرمانبەرییە گشتییەكانی لەوڵاتەكەیدا هەیە.

+ خواستی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتی حكومەتە, ئەم خواستەیش بەشێوەی هەڵبژاردنێكی دروست و دیاریكراوو لەسەر بناغەی دەنگدانی نهێنی و یەكسانی هەمووان دەردەبڕدرێ, یان بەهەر چەشنێكی دیكە كەئازادیی دەنگدان بپارێزێت.

**بیست و دووەم:**

هەموو كەسێك كەئەندامی كۆمەڵگەیە مافی بیمەی كۆمەڵایەتی هەیەو لەرێگەی داهاتی میللی و هەرەوەزی نێو نەتەوەیی و بەگوێرەی قانوون و دەستوورو داهاتی هەر دەوڵەتێك دەبێ مافی ئابووری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی كەپێویستن بۆ نێو ئاوڕوو وگەشەكردنی ئازادانەی كەسێتی دابینبكرێن.

**بیست و سێیەم:**

+ هەموو كەسێك مافی كاركردن و ئازادیی هەڵبژاردنی كاری هەیە لەسایەی مەرجگەلێكی رەواو ماقولدا, هەروەها مافی پاراستنی لەبێكاری هەیە.

+ هەموو كەسێك بەبێ جیاوازی، مافی كرێ ئیشی یەكسانی هەیە.

+ هەموو كەسێك كەكاردەكات مافی مووچەیەكی رەواو قایلكەری هەیە, مووچەیەك لەژیانێكی شیاو و لەبارو وەك مرۆڤێكی سەربەرز بۆ خۆی و خێزانی دابین بكات و لەكاتی پێویستیشدا ئامرازی دیكەی بخرێتە سەر بۆ بیمەی كۆمەڵایەتی.

+ هەموو كەسێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی مافی دامەزراندن و بوون بەئەندامی سەندیكای هەیە.

**بیست و چوارەم:**

هەموو كەسێك مافی پشوودانی هەیەو لەكاتی حەوانەوەدا بەتایبەتی لەدیاریكردنێكی پەسەندی كاتەكانی كاركردن و پشووی بەردەوامی بەكرێدا.

**بیست و پێنجەم:**

+ هەموو كەسێك مافی ژیانێكی تێرای هەیە كە بەشی پاراستنی لەشساغی و خۆشگوزەرانی خۆی و خێزانی بكات, ئەوەیش خۆراك و پۆشاك و خانوو و چاودێریی پزیشكی و هەروەها خزمەتە كۆمەڵایەتیە پێویستییەكان دەگرێتەوە. هەروەها مافی بیمەكردنی ژیانی لەكاتی بێكاری و نەخۆشی و پەككەوتەیی و بێوە (ژنی و پیاوی) و پیری و لەدەستدانی ئامرازی ژیان بەهۆی هەلومەرجی دەرەكییەوە كە لەدەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە, هەیە.

+ دایك و منداڵ مافی یارمەتی و چاودێرییەكی تایبەتیان هەیەو هەموو منداڵانیش ئەگەر بەرێگای شەرعی یان ناشەرعیش لەدایك بووبن، دەبێت هەمان پارێزگاریی كۆمەڵایەتییان هەبێت.



www.kurdistannet.org

**بیستو شەشەم:**

+ هەموو کەس مافی فێربوونی هەیەو دەبێت لانی کەم پلە سەرەتاییو بەرەتییەکانی خوێندن بەخۆڕایی بنو خوێندنی سەرەتایی بەزۆربێتو خوێندنی هونەریو پیشەیش بلاوبکرێتەوەو وەرگرتن لەخوێندنی بەرز, بەیەکسانی تەواو بۆ هەمووانو بەپێی لێهاتن بێت.

+ دەبێ ئامانجی پەروەردە, پێگەیاندنێکی تەواوی کەسایەتیی مرۆڤو پتەوکردنی ڕیزی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنەرەتییەکانو گەشەپێدانی لەیەك تێگەیشتنو چاوپۆشیکردنو دۆستایەتی لەنێوان هەموو گەلانو کۆمەڵە ڕەگەزیی یان ئایینیەکانداو زۆردەکردنی کۆششی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی, بێت.

+ باوکانو دایکان خاوەنی مافی یەکەمن لەهەڵبژاردنی شێوەی پەروەردەکردنی منالەکانیاندا.

**بیستو حەوتەم:**

+ هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە بەئازادی, بەشداری لەژیانی کولتووری کۆمەڵگادا بکاتو چێژ لەهونەر وەرگرێ, و بەشداریبکات لەپێشکەوتنی زانستو سوود وەرگرتن لەئەنجامەکانی.

+ هەموو کەسێك مافی پاراستنی بەرژەوەندی مەعنەویو ماددی کە دەگەڕێنەوە بۆ بەرهەمە زانستی یان ئەدەبی یان هونەرییەکانی خۆی هەیە.

**بیستو هەشتەم:**

هەموو کەسێك مافی خاوەنداریی سیستمێکی کۆمەلایەتیو دەوڵەتی هەیە کە لەسایەیدا هەموو ئەو مافو ئازادییان دێنەدی کە لەم بانگەوازەدا نووسراون.

**بیستو نۆیەم:**

+ هەموو کەسێك بەرانبەر بەو کۆمەڵگەیەی کە بەتەنێ لەوێ دەرفەت بەکەسایەتی ئەو دەدرێت کە گەشەیەکی ئازادیی تەواوبکات, بەرپرسیارە.

+ بۆ مسۆگەرکردنی دان پێدانانو ڕێزلێگرتنی مافو ئازادییەکانی خەڵکی دیکەو بۆ بەدیهێنانی ئەنجامی ڕەوای دابو قانوونو بەرژەوەندی گشتیو ئاکار لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا, هەموو کەسێك لەبەکارهێنانی مافو ئازادییەکانیدا دەکەوێتە ژێر ئەو مەرجو چوارچێوانەی کەسیستمی گشتی بریاردەدات.

+ نابێت بەهیچ شێوەیەك ئەم مافو ئازادییانە دژ بەئامانجو پرەنسیپەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەکاربهێنرێن.

**سیەم:**

هیچ دەقێکی ئەم بانگەوازە نابێت والێکبدرێتەوە کەرێگە دەداتە دەوڵەتێك یا کۆمەڵێك یا تاکە کەسێك، کە چ مافێکی ئەوەیان هەبێت کە چالاکی یان کارێك بکەن بەمەبەستی تێکدانی مافو ئازادییەکانی نێو ئەم بانگەوازە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

## سەرچاوەكان:

**١ـــ سەرچاوە عەرەبییەكان:**

**أـــ كتێب:**


1. ãäÇß ìÑíåÒ ,ÉÝÇÍÕáÇ äíÈ ÍäããáÇ ÚäããáÇæ ,ÑÇÏ ÝÈÖæãáÇ ìÈÑÚáÇ ,ÉÓóÇÓ ÇÍÇÖÐáÇ ÉÑÕÇÚãáÇ ,æíáæí 1980.
2. ÏíáÇÍ ÓíáÇáæ ,ÝßÑÉ ÇáÞÇäæä ÊÚÑíÈ( ìáÇÍãáÇ :ãíáÓ ÕæíÕáÇ ,ãíáÓ ÈÞÇÚÉ :ÈÓíÎæ( ,ÚÇÞãáÇ ÉÝÑÚãáÇ ,ÇáßæíÊ 1981.
3. ÇáÏßÊæÑ ÓÚíÏ ÊÈÏÇáßÑíã ,ãÈÇÑß ÃÕæá ,ÇáÞÇäæä ,ÇáãØÈÚÉ ,ÇáÌÇãÚì 1982.
4. ÇáÏßÊæÑ ÇÈÑåÇáí ,ÇáÇÞÑæä ,ÞÇäæä ÇáÚÇãáÇ ,äÚÑíÉ ÌÏíÏÉ Ýí ÇáÏÓÇÊíÑ ÇáÚÇãÇáí ,ÇáÏíÏÊÉ 1986.
5. ÕÇáÍ ÇáÏíä ,ÇáÒÇÏä ÍíÑÉ ,ÇáÕÍÇÝÉ ÇÑßÒã ,ÇáÌÇåÑÇã ÇááÈÊÑÇã ,ÇáÞÇåäÒ ,ÇáØÈÚÉ ,ÇáÞÇåÑì 1993.
6. Ï. ÕáÇÍ ÇáÏíä ,ÚÕíÒ ÇáÇãá ÇáÌÇ ÇáÍãÇíÉ ÇáÏÓÊæÑíÉ Ýí ÜÜÜ ÇáØÈÚÉ ÇáÚÑÈíÉ ÇáÌÏíÏÉ ÜÜÜ ÇáÚÑÈì ÜÜÜ ÇáÏÓÊæÑíÉ, ,ÇáØÈÚÉ ÇáÞÇåÑì ,2000.
7. ÝÄæí ÚÈÏÇáÇÚÏí ,ÇÎËÑ ÇáÍÑÈ ÇáÇÞÊÕÇÏíÉ ÇáÍÇíÇ ,ÇáÈÇÈ ÇáÃáãÇäíÉ ÜÜÜ ÈíÑæÊ ,ÏÇÑ ÇáÝÇÑÇÈí ,ÈíÑæÊ 1975.
8. ÇäÌ áæÈ ,ÑÊÔÇÑÏ :ÊÇÑíÎ ÇáÝÑäÓì ,ÇáÍÑÈ ÇáÓíÇÓíÉ ,ÇáÝßÑ ÇáÇÓíÇÓì ,ÇáÝßÑíÉ ÇáãÚÇÕÑ Çæ ,ÇáÊÈÇÏá.
9. ÑÇÔÏ ÇáÛäí , ÍÑÈ ÇáÓíÇÓÉ ,44 ÚÏÏ ,ÇáÚÑÈì ÇáÏÇÑ ÜÜÜ ÇáíÈÑÇ ,1998.
10. ÏíÇä ÇáÈÕÑí ,ÇáÏæáÉ ÇáÍßã /ÇáÃÏÇÈ /ÇáÚáæã ÇáÏæáí ;ÇáÍÏíË ÇáÍÏíË ÇáÝßÑ ÇáÚÑÈí.
11. ÇáÓíÇÓÇÊ ÇáÏíÞæÞÑÇØíÉ ,ÇáÇÓÊÚãÇá Ýí ÇáãÔÇÑßÉ ,ÇáÚÇã ,ÏÇÑ ÇáÝßÑ ÇáÚÑÈí ÇáÚÑÈì , 1999.
12. ÏíáÇæÑ ÛÑíÈ ,ÇáÍÞæÞ ÇáÓíÇÓíÉ :ÇáÍÞæÞ ,ÇáÊÚáíã :ÇáÍÞ )ÍÞæÞ ÇáÅäÓÇä ,ÇáÏíãÞÑÇØíÉ ,ÇáÞÇåÑÉ ,ÇáÚÑÈì ,ÇáÞÇåÑÉ ,1998.
13. ÇáÇãã ÇáãÊÍÏÉ ÇáÞÑÇÑ 111 áÓäÉ 1969 ,ÇáÏíãÞÑÇØíÉ ÇáÞÇäæä ÇáÌäÇÆí ÇáÚÑÇÞí )ÇáÚÑÇÞ ,ÏÇÑ ÇáÍÑíÉ ,ÇáÏíãÞÑÇØíÉ ,ÇáÞÇåÑÉ ,ÇáÚÑÈì ,ÇáØÈÚÉ ,1997.
14. ÇáãæÓæÚÉ ÇáÚÑÈíÉ ,ÇáÓíÇÓÉ ÇáÌÏíÏ ,ÇáÌÒÁ ÇáËÇäí.
15. ÇáÏßÊæÑ ÓÇãí ÇáÌãá ,ÇáÍÑíÇÊ ÇáÚÇãÉ ,ÇáÍÞæÞíÉ ,ÇáØÈÚÉ ,ÇáÞÇåÑÉ ,ÈíÑæÊ ,1978.


**ب ـــ گۆڤارو رۆژنامەكان:**


١ـ **الزمن**, **عدد** ٥٠, ٢٠٠١/٣/١٥.

ÜÜÜ2 ßÇäÈì ÍãÏÇ ,ÓáØå Ç , **گولآن العربى**, **عدد** ٤٧, **نیسان**, ٢٠٠٠.

ÜÜÜ3 ÛÇæì ÍÓä( ÊÚÑíÈ: ßÇáå ÛæÑÇä( ,ÊÍÑíÑ ÇáÍÞæÞ ÇáÓíÇÓíÉ ÇáÚÇãÉ ÇáãÏäíÉ ÇáÍÑíÇÊ ÇáÏÓÊæÑíÉ ÇáÓíÇÓíÉ ÇáÚÇãÉ áÍÞæÞ ÇáÍÑíÉ ãä ÇÌá ÇáÍÑíÉ, **القسم الاول**, **گولآن العربى**, **عدد** ١٠, ١٩٩٧.


**جـ ـــ چاپەمەنییە حكومییەكان:**


ÜÜÜ1 ÇáæÞÇÆÚ ÇáÚÑÇÞíÉ, ÚÏÏ 1677.

ÜÜÜ2 ÞÇäæä ÇáãØÈæÚÇÊ ,ÇáÚÑÇÞíÉ, ÚÏÏ )206( áÓäÉ 1968.


**٢ـــ سەرچاوە كوردییەكان:**

**أـــ كتێب:**


١ـ فوئاد تاهیر سادق, هۆشیاریی فەلسەفی, لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, چاپی یەكەم, سلێمانی, ٢٠٠٠.

٢ـ بورهان قانع, گەورە پیاوانی جیهان, لەبڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری, ١٩٩٨.

٣ـ بورهان قانع, فەرهەنگی نوێ, چاپی یەكەم, بەغداد, ١٩٨٤.

٤ـ مەریوان وریا قانیع, دەسەڵات و جیاوازی (كۆمەڵە وتار), لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی, ٢٠٠٠.

٥ـ مافەكانی مرۆڤ ـ پێڕەوی نێودەوڵەتی بۆ مافەكانی مرۆڤ, رۆژنامەی وەقائع, ژمارە ٢, بژار ١, چاپخانەی پەروەردە ـ هەولێر, ٢٠٠٠, بەبێ ناوی نووسەر.


www.kurdistan-net.org

كوردستان نێت

٦ـ بورهان قانع, دیوانی قانع, چاپی سێیەم, سلێمانی, ٢٠٠٠.

٧ـ بەختیار عەلی, مەریوان وریا, ئاراس فەتاح, رۆشنبیر, کۆمەڵگا, دیموکراسییەت, لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی, چاپخانەی رەنج, سلێمانی, ٢٠٠٠.

٨ـ ئۆریانا ڤالاچیێ, گفتوگۆ (وەرگێرانی لەفارسییەوە: محەمەد جەواد مستەفا), لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری راگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان, ژمارە ٦٠, چاپخانەی زانست, سلێمانی, ٢٠٠٠.

٩ـ م. رسوڵ هاوار, کوردو باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان, لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنیی و راگەیاندنی خاك, بەرگی یەکەم, چاپی یەکەم, سلێمانی, ٢٠٠٠.

١٠ـ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد, تێگەیشتنی راستی شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردییدا, بەغداد, ١٩٧٨.

**ب ـــ گۆڤارو رۆژنامەکان:**

١ـ مەریوان وریا قانیع, جارێ گەردوونیی مافی مرۆڤ بانگەوازێکی گەردوونییە یاخود بەرهەمێکی خۆرئاواییە؟ (وەرگێرانی لەهۆڵەندییەوە: گۆران باباعەلی), گۆڤاری سەردەم, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات, ژمارە (٣), ساڵی یەکەم, بەبێ ناوی چاپخانە, ١٩٩٩.

٢ـ گۆڤاری رەهەند, نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بلاویدەکاتەوە, ژمارە (٩ـ١٠), ساڵی ٢٠٠٠.

٣ـ رۆژنامەڤانی، گۆڤارێکی وەرزییە، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، کۆتایی کانوونی یەکەم ٢٠٠٠.

٤ـ فاروق رەفیق, دەسەڵات و بەرگری, گۆڤاری رەهەند, نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بلاویدەکاتەوە, ژمارە (٥), ١٩٩٨.

٥ـ صادق جلال ãÙÚáÇ, ئیسلام و عەلمانییەت (وەرگێرانی: نەجم عەبدوڵڵا), گۆڤاری روانگەو رەخنە, کۆمەڵەی توێژینەوەی رۆشنگەری دەریدەکات , ساڵی یەکەم, ژمارە(٣), بەبێ ناوی چاپخانە, بەهاری ٢٠٠١.

٦ـ حاجی سەید, شکۆداربێت جەژنی سەدوسێ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی, گۆڤاری کاروان, ژمارە (١٥٦), هەولێر, ٢٠٠١.

٧ـ هەرێمی کوردستان (رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە زمانحاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانە), ژمارە ٣٨٧, سلێمانی, ٢٣/٤/٢٠٠١.

٨– کوردستانی نوێ (رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات), ژمارە ٢٣٣٧, ٢٤/١٢/٢٠٠٠.

**جـ ـــ چاپەمەنییە حکومییەکان:**

١ـ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق, ژمارەی بڕیار (٢٤), مێژووی بڕیار: ٢٥/٤/١٩٩٣.

٢ـ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, پرۆتۆکۆڵەکان, بەرگی حەوتەم, ١٩٩٣, چاپی یەکەم, ١٩٩٧.

٣ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی داد, راگەیاندنی یاسایی, زنجیری یاساو بڕیارەکان ٧, سلێمانی, ٢٠٠٠.

٤ـ وەزارەتی رۆشنبیری, نووسینگەی تایبەت, رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣, ژمارە (٩٨), سلێمانی, ١٠/١٠/١٩٩٩.

٥ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی داد, راگەیاندنی یاسایی, زنجیرەی بڕیارو یاساکان ٦, سلێمانی, ٢٠٠٠.

٦ـ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان, یاسای وەزارەتی رۆشنبیری, ژمارەی بڕیار (٣٦), مێژووی بڕیار: ١٦/١١/١٩٩٢.

٧ـ یاسای چاپەمەنیی عێراقی ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨, بەغدا, ٢٦/١٢/١٩٦٨.

**د ـــ بەڵگەنامەکان و سەرچاوەی تر:**

١ـ د. مارف عومەر گوڵ, موحازەرەکانی یاسای راگەیاندن کە لەکۆرسی سێیەمی بەشی رۆژنامەنووسیی پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانی و لەساڵی خوێندنی ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١ دا وتونیەتەوە.

٢ـ د. ئاراس حسێن دارتاش, موحازەرەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی کە لەکۆرسی سێیەمی بەشی رۆژنامەنووسیی پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانی و لەساڵی خوێندنی ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١دا وتونیەتەوە.

٣ـ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حسێن عارف (ئەندامی پارلەمان و داڕێژەری پرۆژەی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان)" کە رۆژی ٣٠/١/٢٠٠١ نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵیدا سازیکردووەو لەکاسێتی دەنگیدا پارێزراوە.

www.kurdistanet.org

٤ـ چاوپێكەوتنێك لەگەڵ محەمەد عەبدولكەریم صۆڵەیی (بەڕێوەبەری گشتیی چاپ و بڵاوكردنەوە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری) كە ڕۆژی ٢٠٠١/٣/١٠ نووسەری ئەم لێكۆڵینەوەیە لەگەڵیدا سازیكردووەو لەكاسێتی دەنگیدا پارێزراوە.

٥ـ چاوپێكەوتنێك لەگەڵ فایەق ڕەشید ئەحمەد (سەرۆكی داواكاری گشتی لەوەزارەتی داد لەسلێمانی) كە ڕۆژی ٢٠٠١/٤/٨ نووسەری ئەم لێكۆڵینەوەیە لەگەڵیدا سازیكردووەو لەكاسێتی دەنگیدا پارێزراوە.

٦ـ كەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرە, هەواڵەكانی سەعات ٥,٣٠ ی ڕۆژی ٢٠٠١/٢/٨.

## كورتەیەك لەژیاننامەی نووسەر:

Kakamam2002@yahoo.com

- ساڵی ١٩٧٤ لەشاری سلێمانی لەدایكبووە.
- ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٥ بەشی شانۆ- لقی (دەرهێنان)ی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەكانی سلێمانی بەپلەی زۆر باشە تەواوكردووە.
- ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١ بەشی ڕۆژنامەنووسی لەپەیمانگەی تەكنیكیی سلێمانی بەپلەی زۆر باشە تەواوكردووە.
- لەساڵی ١٩٩٣ەوە، سەرەتا وەك ( پەیامنێر) لەڕۆژنامەی ( كوردستانی نوێ) دەستی بەكاری ڕۆژنامەنووسی كردووە.
- ماوەی چەند ساڵێكە لەهەریەكە لەبوارەكانی میدیا (ڕۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆن)دا سەرقاڵی كاری ڕۆژنامەنووسییە.
- وەك ئەكتەرو دەرهێنەری شانۆیش لەچەندین دراما و بەرهەمی شانۆییدا كاریكردووە.
- زیاتر لە (١٠٠) لێكۆڵینەوەو وتارو ڕیپۆرتاج و بابەتی ڕۆژنامەنووسی لەگۆڤارو ڕۆژنامە كور دییەكاندا بلاوكردووەتەوە.
- ساڵی ٢٠٠١ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەسلێمانی كتێبێكی بۆ بەچاپگەیاند بەناونیشانی (سەرەتایەك بۆ ڕۆژنامەنووسی) كە كۆمەڵە وتارێكی لەخۆگرتووە سەبارەت بەهونەرەكانی كاری ڕۆژنامەنووسی.
- ئەم كتێبەیشی لێرەدا بڵاوكراوەتەوە، ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بەچاپگەیاندراوە.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕایگشتی) بووە-هەفتانە دەرچووە- كە ڕۆژنامەیەكی گشتیی ئەهلیی ئازاد بووەو (١٧) ژمارەی لێدەرچووەو هەر بەهۆی ئەو ڕۆژنامەیەو كاری ڕۆژنامەنووسییەوە، بۆ ماوەی (٣٤) ڕۆژو وەك یەكەمین سەرنووسەری دوای ڕاپەڕین و لەهەرێمی كوردستاندا (كوردستانی باشوور)، لەئاسایشی هەولێر زیندانیكراوە.